# ئاوڕدانەویەک
# لە مێژوویی
# یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی
# کوردستانی ئێران

نووسین و ئامادە کردن:
لوقمان عەبدوللازادە

# Awirdaneweyek Le
# Mêjûyî
# Yekyetîyî Lawanî
# Dêmokratî Kurdistanî
# Êran



Nûsîn û Amadekirdin:
Luqman Ebdullazade

# ئاوڕدانەویەك لە مێژوویی
# یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

نووسین و ئامادە کردن:
لوقمان عەبدوڵڵازادە

# ئاوڕدانەویەك لە مێژوویی یەكیەتیی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران

ناوی كتێب: ئاوڕدانەویەك لە مێژوویی یەكیەتیی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران
نووسین و ئامادە كردن: لوقمان عەبدوڵلازادە
تایپ: هیوا میرزایی
مونتاژ: سەربەست ئورمیە
ساڵی چاپ: ٢٠١١

پێشکەشە بە رووحی ئەو شەهیدە لاوە دڵ پڕ لە هیوا و ئاواتانەی کە،
حەز و هیوا و خۆزیا سروشتییەکانیان لە پێناو ئازادی و
سەربەستی نیشتمان و نەتەوەکەیان ولاناو، گیانیان فیدای
رزگاری خاك و خەڵکەکەیان کرد.

## وێڕای سپاس و پێزانین بۆ:

**یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ئەرکی چاپی ئەو کتێبەی خستە ئەستۆی خۆی**

# وتەیەك بۆ ووتن

نووسین و لێكدانــەوە و باسـكردن لــە مێــژوویی ڕێكخراوێـك كـە زیـاتر لـە ٦ دەیـە دامەزراوە، گەلێ هەوراز و نشێو و ئەستەمی بڕیوە، زۆر كەنـد و كۆسـپ و ئەسـتەنگی سەر ڕێگای خۆی تەخت كـردووە، گـەلێ شكسـت و سـەركەوتن و هەسـتان و كـەوتنی بینیوە، بەڵام سەربەرزانە هەستاوەتەوە و كۆڵی لە خەبات نەداوە، ئینشعاب و دابڕانەكان ئەگەر تۆزیشیان لە سەر خستبێ، ئەگەر گەڵا و لك و پۆپیشیان لێ وەرانـد بێـت، بـەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە لە ڕیشە دەری بكێشن. ڕەنگە باسكردن لە سەر ڕێكخراوێكی ئەوتۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەكانی مێژووی ئەو ڕێكخراوەیە بۆ كەسێكی وەك من كـار و ئـەركێكی سانا نەبێ. جیا لەوەش نەبوونی ئارشیڤ و بەڵگە و سەندێكی پێویست بۆ كارێكی لـەو شێوە، یەكێكی دیكە لە هۆكارەكان بێ بۆ لاوازی نووسراوەكە. بەداخەوە ڕێكخراوێك كە زیاتر لە ٦٥ ساڵ خەباتی هەیە، بەڵام بەڵگە و ئەرشیڤێكی نیە، یـان لانیكـەم لـە بـەر دەستی مندا نیە. بە تایبەت لە قۆناخی سەرەتایی دامەزراندیدا ڕانەگرتن و گوێنەدان بە ئارشیڤ بەندی و پاراستنی بەڵگە، لە ئێمەی كورددا، بە داخـەوە یـان هـەر نیـە، یـان ئەگەر هەشبێ زۆر كەم و بەدەگمەنە، بەڵام خۆ ئەوانەش نابێ ببێتـە هۆكـار بـۆ ئـەوەی ئێمەش دەستەوئەژنۆ دابنیشین و چاو لە ئاسمان بڕین. ئەگەر ئێمـە گلـەیی و گازەنـدە و ڕەخنەمان لە ڕابردوو، كەسانی پێشخۆمان هەیە، با داهاتوو و وەچە و جیلی دوای ئێمـە گلەییان لە ئێمە نەبێ، ڕێگا بۆ داهاتووی نەوەكانی داهاتوو تـەخت تـر بكـەین. دەبـێ كەسێك لە شوێنێكەوە دەست پێ بكات و ئەوانی دیكەش كۆتایی پێ بێنن.

حاشـا لـەوەش نـاكرێ كـە نـەبوونی ئارشـیڤ بەنـدی لـە نێـو حیـزب و ڕێكخـراوە سیاسـییەكاندا، وایكـردووە، ئەگــەر كەسـانێك بیانهــەوێ ڕۆژێــك لێكۆڵینــەوە و توێژینەوەیەك لە سەر حیزب یان ڕێكخراوێك بكەن، تووشی گێرو گرفت دەبن و لەوانەیە تووشی هەڵە و خەتاش بن. مخابن ئێستاشی لەگەڵ دا بێ( سەدەی ٢١) لە نێو ئێمـە زۆر بە دەگمەن بایەخ بە ئارشیڤ و ئارشیڤ بەندی و كۆكردنەوەی ڕووداوەكان دەدرێت.

بەو هیوایە کەسانی دڵسۆزی گەل و ڕێکخراوەکـەمان، ئەگـەر کـەم و کـۆڕیکی تێـدا دەبینن( کە بە بێ گۆمان تێدایە) بە بەرچاو ڕوونێکی دڵسـۆزانە و ڕەخنەگرانـە هەڵـە و پەڵەکانی ڕاست بکەنەوە، خشتێك لە سەر خشتێك زیاد بکەن، بۆ نووسینەوەی هەرچـی باشتری مێژووی فەرامۆش کراوی ئەو ڕێکخراوە، کە هەنووکە بۆتە جێگە و پێگـەی زۆر لاوی دڵ پـڕ لـە هیـوای نیشـتمان و گەلەکـەمان. بۆتـە مایـەی فـەخر و شـانازی بـۆ نەتەوەکـەمان لـە کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات بـە گشـتی و لاوانـی تامـەزرۆی ئـازادی و سەربەستی نیشتمان بە تایبەتی.

تکایە لە کەم و کۆرییەکانی چاوپۆشی مەکەن و بە هەسـتی بەرپرسـانە و دڵسـۆزانەی خۆتان، بە تایبەتی ئەوانەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لـە نێـو ڕیزەکـانی ئـەو ڕێکخراوەیـەدا خەباتیان دژی داگیرکەرانی وڵاتەکەمان کردووە.

**لوقمان عەبدوڵڵازادە**

**١٥/٨/١٣٨٩ی هەتاوی**

## مێژوو چیە و بۆچی بیخوێنینەوە؟!

ڕەنگە مێژووی کەم گەڵ و نەتەوەیەکی ئەو جیهانە بە ڕادەی مێـژووی نەتـەوەی کـورد خوێناوی و ئاڵۆز و تەنانەت خەباتیشی تێدا کرا بێ. سەرای ئەوەیکە، گەلی کورد وەکوو سەرجەم گەڵ و نەتەوەکانی دیکەی ئەو گۆی زەوییە مـافی بـوون و هـەبوونی کیـانێکی سەربەخۆی هەیە، بەڵام سەیر لەوەدایە کە لەگەڵ بوونی جۆغرافیایەکی دیار و ئاشـکرای ئەو گەلە، کەچی هەنووکەش لەو شوێن و ناوچانەی کە تێدا دەژی هەمیشە وەك مرۆڤـی پلە دوو،چەوساوە، ماف ژێر پێخراو و زوڵم لێکراو، لە لایەن دەسەڵاتدارانی ناوەندییـەوە چەوساوەتەوە. کە هەر ئەو زوڵم و زۆری و بێ بەشییەش وای لێ کردووە کـە بـە هـەموو چین و توێژەکانیەوە دەست بداتە خەباتێکی هەمەلایەنە بۆ وەدیهێنـانی مافـە ڕەواکـانی خەبات بکا وقوربانی بدات.گەلی کورد سەرەرای ئەوەیکە هـیچ پشـتیوانەیەکی ئـەوتۆی دەرەکی نـەبووە ،لـە پشـت نـەبووە و ،ئەگـەر بەرواڵـەتیش پشـتیان گرتبـێ و قـەولی هاوکارییان پێدا بێ ،دواتر لە پشتەوە خەنجەریان لێداوە و پشتیان تێکردووە.

بەلام ئەو گەلە بە پشت ئەستووربوون بە خۆی و چیا سەرکەشـەکانی کوردسـتان ،تـا سەرکەوتنی یەکجاری و سەر بەستی لە مەیدانی خەباتدا،خەبات دەکات.

## مێژوو چییە؟

مێــژوو پرۆســەی ژیــانی مرۆڤایەتیــە لــە ســەرەتای بوونیــەوە، بــە هــەموو قۆناخــە جیاوازییەکانیەوە بە ئێستا و داهاتووشەوە، مێــژوو بــاس کردنــە لــە بەســەر هاتــەکانی رابردوو بە شێوەیەکی زانستی و لێکولەرانە بە هەموو خۆش و ناخۆشــی و ســەرکەوتن و شکستەکانەوە، وەك خۆی نەك بە شێوەی حەکایەت و چیرۆك.

خوێندنەوەی مێژوو یەکێك لە پێداویستیەکانی ژیانی مرۆڤــە، هــەر مرۆڤێــك ئەگــەر بیهەوێ لە ژیاندا سەرکەوێ، دەبێ لە ئەزموون و تەجرووبەی رابردوو کەڵك وەرگرێ. لــە شکست و رۆژە تاڵەکانی مێژوو وانە فێر بێت. رێز لــە فیــداکاری مرۆڤــە فیــداکارەکانی رابردوو بگرێ و هەڵەکانیش دووپاتە نەکاتەوە. دیارە هەر کــات بــاس لــە مێــژوو دێتــە گۆڕێ، دەبێ بیر و هزرمان بچێتەوە بۆ رابردوو، بە پێوانــەکانی ئــەو کــات پێشــهات و رووداوەکان بەپێوین و کەسایەتی و رووداوەکان بە پێوانەی ئەو سەردەم هەڵسەنگێنین.

گەروە پیــاوانی مێــژوو دەڵــێن: خوێندنــەوەی مێــژوو ســوود و بــەهرە بــە مرۆڤــەکان دەبەخشێ و زانستە بۆ ئەمرۆ. ئاگاداری و خوێندنەوەی مێژوو هاودەنگی و خەم رەوێنە. رێگای دوور و درێژ بۆ مرۆڤ نزیك دەکاتەوە و کەند و کۆسپ و دژوارییەکان لە ســەر رێ لادەدا، راست و درۆ لێك هەڵدەبــژێرێ و، رەوا و نــارەوا شــەن و کــەو دەکــات. ناســین و خوێندنەوەی مێژوو ژیری و وریایی بۆ مرۆڤ زیاد دەکا و، فێری لێك جیاکردنەوەی راست و درۆ و رەوا و نارەواو... دەبێت.

هێگل دەڵێت: ئەو نەتەوەی کە لە مێژووی خۆی بێ خەبەرە و، حاڵی نابــێ و ســوودی لێ وەرناگرێ، مێژوو لای ئەوان مردووە. بەو هیوا مێژوو هیچکات لای کورد نەمرێ.

# دەسپێك

ڕەنگــە باســكردن لــە مێــژووی ڕێكخراوێكــی وەك" یەكیــەتیی لاوانــی دێمــۆكراتی كوردستانی ئێران" كە ٦٥ ساڵە دامەزراوە كارێكی زۆر ئاسان نەبێ( بە تایبەت بۆ من) ڕێكخراوێك كە لە ماوەی تەمەنی خۆیدا گەلێ كەند و كۆسپ و هەوراز و نشێوی بڕیبــێ و زۆر قوناغی جۆراوجۆری لەو ماوەیەدا تێپەراندۆە. یەكیەتیی لاوانــیش وەك سروشــتی هەموو ڕێكخراوێكی شۆرشگێر و ئازادیخواز، زۆر جاران كەوتووە و هەستاوەتەوە، گــەلێ قەیرانی بەسەر دا هاتووە، سەركەوتنی بەدەستهێناوە و زۆر جــاریش تووشــی شكســت و نەهامەتی هاتووە. بەڵام كۆڵی نەداوە، و سوور بووە لــە ســەر خــەبات و داوا ڕەواكــانی خۆی و نەتەوەكەی. شایەد زۆر ڕێكخراو و حیــزب و گرووپــی دیكــە، كــە هەنووكــە لــە مەیدان دا بن مێژووكەیان بەرادەی نیوەی مێژووی ئەو ڕێكخراوەیــە نــەبێ. و قــەت بــە ئەندازەی ئەو ڕێكخراوەش خەباتی بۆ مافــەكانی گەلەكــەی نــەكردبێت، بــەڵام قۆنــاخ و ڕەوتی ئاڵوگۆڕەكان وایكردبێــت كــە خــۆی زۆر لــە یەكیــەتیی لاوان بــە شۆڕشــگێرتر و خــەباتكارتر بزانێــت. ناســین و ناســاندنی مێــژووی" یەكیــەتیی لاوانــی دێمــۆكراتی كوردستانی ئێران" بۆ ئێمەی كورد بە گشتی و ئەو كەسانەی كە لە نێو ئەو ڕێكخــراوەدا ئەندامن و لاوانی گەلەكەمان بە تایبەتی زۆر پێویستە.

یەكیەتیی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانی ئێــرانیش وەك هــەموو ڕێكخــراو و حیــزب و گرووپ و ....دیاردەیەكی كۆمەڵایەتیە و سەرەتا و دەسپێك و ناسنامەی تایبەت بە خۆی هەیە، لە هەڵ و مەرجێكی تایبەت و لە كاتێكی هەستیار و پێویســت دا دامــەزراوە و، بۆ كۆمەڵێك ئامــانجی درێژخایــەن و ئامانجــدار ســەری هەڵــداوە. هــەر لــەو پێناوەشــدا ڕێگایەكی زیاتر لە ٦ دەیەی بڕیوە و ئێستاش قورس و قاییم تــر لــە پێشــوو، هاوكــات دەگەڵ ئاڵووگۆڕەكانی جیهانی و ناوچەیی لە خەبات و تێكۆشان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەكانی لە مەیدان دایە.

مێژووی خەبات و بەرخۆدانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ئەگەر نەڵێین مێژووی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵاتە، بە بێ گۆمان مێژووی گشت توێژی لاوانی ئەو پارچە لە کوردستانە. مێژوویەك کە بە هەموو خاڵە بەهێز و لاوازەکانیەوە دەبێ خەڵکی کوردستان و لاوانی وڵاتەکەمان بە تایبەتی، فەخروشانازی پێوە بکەن.چوونکە تەنیا رێکخراوێکی لاوان بووە کە بۆ یەکەمین جار لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا دامەزراوە. کە یەکێك لە شانازی و خاڵە بە هێزەکانییەتی.رێکخراوێك کە لەو سەردەمدا لە دایك دەبێ و لە ژێر سێبەری کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستاندا فرچك دەگرێت.

دیارە نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین کە ئەو رێکخراوە پێشتر لە ژێر ناوی " ئیتحادیەی جەوانان" کاری کردووە، دواتر ناوەکەی بۆتە یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران.( دیارە اتحادیەی جوانان- هەر یەکیەتیی لاوانە و لە هێندێك نووسراوە و شوێندا بەو ناوە هاتووە! ئەگەر واشی دابنێین کە ئەو ناوە لە کوردییەکەی وەرنەگیراوە،

کە وا نیە و، تەرجۆمەی کوردییەکەیەتی. تەنانەت لە بەشێك لە نووسراوەکانی مامۆستا هێمن دا بە یەکیەتیی

جۆانان ناوی هاتووە.!؟) هەروەك باسمانکرد مێژووی یەکیەتیی لاوان لەو ماویەدا زۆر قوناخی جۆراوجۆری بڕیوە. زۆر جاران کە لە چڵەپۆپەی خۆیدا بووە، بە هۆی پەلاماردەرانی کوردستان و ئەو هەلومەرجەی کە لە لایەن رێژیمەکانی ناوەندەوە بۆی هاتۆتە پێش لە رەوت کەوتووە و تووشی دابڕان و شوێن گۆرکیە و شەڕو پێکدادان دەگەڵ دوژمنانی نەتەوەکەی هاتووە. گەلێ جاران بنکەو بارەگاکانی کەوتوونتە بەر رەهێڵەی تۆپ و تەیارەی دوژمنی داگیرکەر و غەدار. بەڵام دیسان کوڵنەدەرانە بە هیمەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، کە هەمیشە پاڵپشت و پشتیوانیی بووە و بە لێهاتووی و

توانای ئەندامەکانی لە خاڵی دەسپێکەوە دەستی پێکردۆتەوە. بەڵام قەت بە خاڵ و نوختەی کۆتایی نەگەیشتووە و ناش گات.

دیارە ئەو قۆناخانەی کە " یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران"تێدا بووە، بە پێی هەلومەرج و بارودۆخی ناوچەیی و مەکانی جیاوازن. بەڵام ئەوەی جیاوازی تێدا نەبووە لە ماوەی ئەو ٦٥ ساڵ خەباتەدا، تەنیا دوژمنەکانی نەتەوەکەمان بوون. ڕێکخراوی لاوان هەمیشە دژی دوژمنانی خاك و نیشتمان و نەتەوەکەمان خەباتی کردووە و، هەتا گەیشتن بە ئازادی و مافە نەتەوەیی و ئامانجەکانی خەبات دەکات.

بە پێی ئەو هەلومەرج و قۆناخانەی کە مێژووی یەکیەتیی لاوانی پێدا تێپەریوە بە سەر سێ قۆناخدا دابەش دەکرێت:

**قۆناخی یەکەم:** لە سەرەتای دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەیە لە سەردەمی کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستان لە ڕێبەندانی[١] ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی هەتا سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران بە سەر حکوومەتی محەممەد ڕەزا شای پەهلەوی دا.

**قۆناخی دووهەم:** لە سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ ی هەتاوی، هەتا گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٨ ی هەتاوی.

**قۆناخی سێهەم:** لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی، هەتا مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٨ ی هەتاوی( هەتا کۆنگرەی ٥ی ئەو ڕێکخراوەیە).

[١] بە داخەوە تاکوو ئێستاکە، سەرەرای ئەو هەموو بەدوا چوون و قسەو وتوویژ کردن، بە تایبەت ئەو کەسانەی بە شێوەیەك ئاگاداری یان لە سەردەمی کۆمار دا ژیاون و یان بە شێوەی فەرمی بەشدارییان لە کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستاندا هەبووە، مێژوو و ڕێکەوتێکی دروست و روونیان نەداوەتە دەست. بەڵام بە باوەری من ئێمە نابێ شك و گۆمان لەوە هەبێ کە ئەو ڕێکخراوەیە لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا دامەزراوە.

بە بایەخدان بە هێز و پتانسێلی هێزی لاو، هەر وەك چۆن پێشتر بیریان لە دامەزراندنی کۆمـــاری کوردســـتان کردۆتـــەوە، فکریشـــان لـــە بەشـــداری و دامەزرانـــدتی رێکخـــراوە مەدەنییەکانی وەکوو لاوان و ژنان کردۆتەوە. بۆیە ئێمە نابێ گۆمانمان لـەوە هـەبێ کـە یەکیەتیی لاوان زۆر دوای کۆمار دامەزرابێت.د؟ بۆ سەلماندنی ئەو بانگەشەیە:

یەکەم: بەشداری لاوەکان لە دامەزراندن و بەشداری لە کۆماردا بـە تایبـەت لـە رێـو رەسمەکانی ئەو سەردەمدا بەرچاوە، بە تایبەت بیر و هزری پێشکەوتووانەی کەسایەتێکی وەك پێشەوا و بایەخدانی بەو توێژە بەڵگەیەکی حاشا لێ نەکراوە.

دووهەم: بە هۆی ئەو ئەندیشە جیهانبینەو، بیر و هزرە دێمۆکراتیك و کۆمەڵایەتییەی کە شەخسی پێشەوا و هاوبیرانی لەو سەردەمدا هەیانبوە، چوون بیریان لـە دامەزرانـدنی حکوومەتێکی دێمۆکراتیك کردووە، گۆمان لەوەدا نیە کە لە بیری چاکسازی و بەشـداری چین و وتوێژەکانی کۆمەڵگاش دا بوون. هەر بۆیە بە، بایەخدان بە هێز و پتانسێلی هێزی لاو، هەر وەك چۆن پێشتر بیریـان لـە دامەزرانـدنی کۆمـار کردۆتـەوە، فیکریشـیان لـە بەشداری و دامەزراندنی رێکخراوە مەدەنییەکانی وەك لاوان و ژنان کردۆتەوە. بۆیە ئێمە نابـێ گۆمانمـان لـەوە هـەبێ کـە یەکیـەتیی لاوان زۆر دواتـر لـە کۆمـاری کوردسـتان دامەزرابێت.

سێهەم: دەرچوونی یەکەم ژمـارەی گۆڤـاری" هـاواری نیشـتمان" کـە زمانحـاڵی ئـەو رێکخراوەیە بووە، کە یەکەم ژمارەشی لـە ١ی خاکـەلێوەی سـاڵی ١٣٢٥ دا دەرچـووە، بەڵگەیەکی، بەڵگەمەندە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کـە ئـەو رێکخـراوە پێشـتر دامـەزراوە و ماوەیەکی پێچووە هەتاکوو توانیوەتی لە فکر و بیر و ئامادەکـاری بـۆ گۆڤـارێکی لـەو شێوەیە بکات. هیچ حیزب و رێکخراو و گرووپێك بە تایبـەت لـەو کـات و سـەردەم دا نەبووە کە، بەر لەدامەزرانی گۆڤار و رۆژنامە و...چاپ و بلاو بکاتەوە.ئێستاشی لەگـەڵ دابێ شتی لەو شێوە بوونی نیە . لە شێوەی راگەیاندن و بەیاننامەدا شایەد بکرێ...؟

# قۆناخی یەکەم ( ١٣٥٧-١٣٢٤ )

## بەشی یەكەم

بە دوای كۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانیی، هەل و مەرجێكی تایبەت باڵی بەسەر ئێران بە گشتی و كوردستان بە تایبەتی داكێشا و بوار و زەمینە بۆ ئەوەی خەڵك دەسەڵاتی سیاسی و... خۆی بەدەستەوە بگرێ رەخسا. تەنیا پێویست بوو كە خەڵكانێك بێنە مەیدان و ئیستارتی خەباتێكی جەماوەری و نەتەوەیی و رێكخراوەی لێ بدەن. لە بارەی نێونەتەوەیشەوە بارودۆخێكی لە بار لە گۆڕێ دابوو، بۆ ئەوەی گەلی كورد بێتە مەیدان. چەند مانگ پێش لە دامەزراندن و پێكهاتنی كۆماری دێموكراتیكی كوردستان، خەبات و شۆڕشی سەخت و دژواری گەلانی ئۆرووپا بە سەر نازیزمی ئاڵمانی و فاشیزمی ئیتالیادا سەركەوتبوو. هەروەها خەباتی هاوپەیمانەكان و نەتەوەكانی ئاسیاش تا رادەیەكی زۆر بەر چاو ئیمپریالیزمی ژاپۆنی و دیكتاتۆرەكانی بە چۆك داهێنابوو. هێزە دێموكرات و پێشكەوتنخوازەكان لە سەرانسەری جیهاندا لە جم و جۆڵ دا بوون. زۆر وڵاتی دواكەوتوو كۆنەپەرەست هەرەسییان هێنابوو. لە لایەكی دیكەشەوە سەركەوتنی وڵاتی سۆڤییەت بۆ وڵات و گەلانی ژێردەستە ببووە جێگەی هیوا و ئومید. پشتیوانی دەرەوەی یەكیەتیی سۆڤییەت لە بزاڤ و جووڵانەوەی گەلی كورد، لە كوردستاتی ئێران، لە ساڵەكانی ١٣٢٤ و ١٣٢٥( ١٩٤٥ و١٩٤٦) وەك هێزێكی دەرەكی پشتیوانی حیزبی دێموكراتی كوردستان و كۆماری كوردستان بوو.

هەر ئەو مەسەلەش ڕێگای خۆشکرد بۆ ئەوەی لە ڕۆژی ۲ی ڕێبەندانی ساڵی ۱۳۲٤ی هەتاوی کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستان لە شاری مەهاباد دابمەزرێت و، بە ڕەسمی دەسەڵاتی خۆی بە دەستەوە بگرێت.

پاش ئەوەی لە ۳ی خەرمانانی ۱۳۲۰ ی هەتاوی (۲۵ ئووتی ۱۹٤۱) دا ڕێژیمی ڕەزا شا ڕووخا و لەشکری سوور هاتە نێو خاکی ئێران و لە بەشی باکووری کوردستانی ئێراندا جێگیر بوو، کاربەدەستانی سۆڤییەتی ڕاستەوخۆ دەگەڵ کێشە و مەسەلەکانی گەلی کورد ڕووبەڕوو بوون و، تێگەیشتن کە گەلی کورد، نەتەوەیەکی شۆڕشگێر و ئازادیخوازن. و هەستی نەتەوایەتی و ماف ویستی لە نێویاندا بە هێزە. هەر ئەوەش سەرەنجی ڕاکێشان. بەڵام نەبوونی ڕێکخراوی سیاسی و... هەتا ڕادەیەك تووشی سەر لێشێواوی کردبوون. پاش دامەزراندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ۲۵ ی گەلاوێژی ۱۳۲٤ی هەتاویدا و هەڵبژاردنی قازی محەممەد وەك ڕێبەری ئەو حیزبە و سەردانی ڕەسمی قازی محەممەد و شاندی گەلی کورد بۆ یەکیەتیی سۆڤییەت ئەمجارە سەرەنجی دەسەڵاتدارەکانی سۆڤییەتی بۆ پشتیوانی لە گەلی کورد و مافە ڕەواکانی وەدەستهێنا. هەر ئەو پشتیوانیە و هەلو مەرجە نێو نەتەوایەش وای کرد کە کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستان لە ۲ی ڕێبەندانی ساڵی ۱۳۲٤ی هەتاوی لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد لە کۆبوونەوەیەکی پان و بەرفراوان دا، کە نوێنەرانی زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا تێدا بەشدار بوون، دامەزراندن و پێکهاتنی کۆماری کوردستان ڕاگەیاندرا و قازی محەممەد ڕێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، بوو بە سەرۆك کۆماری کوردستان.

کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستان هەر چەند، تەمەنی کەم بوو، بەڵام پڕە لە شانازی و دەسکەوت بۆ نەتەوەیی کورد، یەکێك لە دەستکەوتە گرینگەکانی ئەو کۆمارە دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستان بوو.

پێشەوا قازی محەممەدی بیرمەند و دوورئەندیش و ڕووناکبیری گەلەکەمان باش دەیزانی و هەستی بەوەش کردبوو کە بایەخدان بە لاوان، بایەخدان بە پێشکەوتنی کۆمەڵگا و داهاتووی ڕوونی گەلی کوردە، هەر لە سەر ئەو ئەساس و بنەمایەش بوو کە پاش دامەزراندنی کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستان بۆ ڕاپەراندنی کارو ئەرکەکانی ئەو توێژە و بەشێك لە کارەکانی نێو کۆمەڵگا و بەشدارییان لە کۆماردا دوای چەند ڕۆژ پاش کۆمار هەر لەو مانگەدا، واتە لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ ی هەتاوی دامەزراند و، لاوانی دڵ پڕ لە هیوا و دڵگەرم بە داهاتوو و نیشتمان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا سازمان و بۆ ئەرك و ڕاپەراندنی کارەکانیان ڕێکخران. هەر چەندە یەکیەتیی لاوان لەو سەردەمدا بە پێی پێویست نەیتوانی پەل و پۆ باوێت، بەڵام لە ڕاپەراندنی ئەرك و ڕاپەراندنی کارە ڕێکخراو و مەدەنیەکانی کە پێشەوا بە تایبەت خستبوونیە سەر شانیان، ڕۆڵێکی بەرچاویان گێراوە.

یەکیەتیی لاوان لە سەردەمی کۆماردا چەند ئەرکی گشتی و بنەرەتیان لە سە ڕشان بووە:

**یەکەم:** کۆکردنەوەی لاوانی کورد لە دەوری ئەو ڕێکخراوەیە بۆ ڕاپەراندنی ئەرکە نەتەوەیی - نیشتمانیی و سێنفیەکانیان.

**دووهەم:** بەشداریکردنی لاوان لە بنیاتنانی کۆمەڵگای کوردەواری وەك توێژێکی ئەکتیڤ و چالاکی نێو کۆمەڵگا.

**سێهەم:** ئاشناکردنی زیاتری لاوەکان بە ماف و ویستەکانی توێژی لاوان لە نێو کۆمەڵگا دا و بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی لاوان.

**چوارەم:** ئاشناکردنی لاوان بە خوێندن و نووسینی زمانی کوردی و ڕاهێنان و پەروەردەکردنی لاوان لە بوراە جۆراوجۆرەکاندا، هەر لەو پێوەندیشدا ٦٠ کەس لە لاوانیان بە مەبەستی خوێندن لە بەشە سیاسی و نیزامیەکاندا ڕەوانەی باکۆ کران.

دەکرێ بە واتایەکی دیکە بڵێین کە ئامانجی سەرەکیی لە دامەزراندنی ڕێکخراوی لاوانیش هەر ڕاستەو ڕاست بەو مەبەستە بوو! یەکیەتیی لاوان پاش دامەزراندن بە ڕەسمی دەست بە کارکردنی گۆڤارێکی بە ناوی " هاواری نیشتمان" کە سەر بە ئۆرگانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستان بوو، کە زۆرتر بابەتەکانی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون، وەك ئەرکیەکی دیکە ئەو ڕێکخراوەیە دەردەکرد. کە کاك سدیق ئەنجیری ئازەریش مودیر مەسوول و بەرپرسی ئەو گۆڤارە بووە. کە یەکەم ژمارەی ئەو گۆڤارەش لە ڕۆژی ١ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ دەرچووە. ئەو گۆڤارە زمان حاڵی یەکیەتیی لاوان لەو سەردەمەدا بووە. جێگەی باسە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هاورای نیشتمان کە زمانحالی ئۆرگانی یەکیەتیی جەوانانی دێمۆکراتی کوردستان بووە لەو قۆناخە لە خەباتی خۆیدا ٥ ژمارەی لێ چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

**ژمارەی یەکەم: ڕۆژی پێنج شەممەی ١٩ی بانەمەڕی ١٣٢٥هەتاوی.**

**ژمارە دووهەم: ڕۆژی یەك شەممەی ٢٩ ی بانەمەڕی ١٣٢٥ ی هەتاوی.**

**ژمارەی سێهەم: ڕۆژی پێنج شەممەی ٧ی جۆزەردانی ١٣٢٥ ی هەتاوی.**

**ژمارەی چوارەم: ڕۆژی ١٧ی جۆزەردانی ١٣٢٥ ی هەتاوی.**

**ژمارەی پێنجەم: ڕۆژی یەك شەممەی ٢ی پووشپەڕی ١٣٢٥ ی هەتاوی.**

جێگەی ئاماژەیە کە ئەو گۆڤارە( هاواری نیشتمان) تەنیا یەکەم ژمارەی لە ستایل و فۆرمی گۆڤاردا، لە چاپخانەی کوردستان لە شاری مەهاباد لێ دەرچووە، ئەگینە ژمارەکانی دیکەی کە ٥ ژمارەن و یەکەم ژمارەشی لە ١٩ ی بانەمەڕی ١٣٢٥ لێ چاپ کراوە و وەك یەکەم ژمارەی" هاواری نیشتمان" لە شێوە و ستایلی ڕۆژنامە دایە. دەنا لە ڕاستی دا ٦ ژمارەن کە بە شێوەی ڕۆژنامە و گۆڤار چاپ و بڵاو کراونەتەوە.

## بەشی دووهەم

بە دوای هەرەسپێهێنانی كۆماری دێمۆكراتیكی كوردستان لە لایەن ڕێژیمی دیكتاتۆری پەهلەوی، لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٥ ی هەتاوی و، گرتن و ئیعدام كردنی پێشەوا و بەشێك لە هاوبیرەكانی و، داگیركردنەوەی ئەو ناوچانەی كە كۆماری تێدا دامەزراو بوو، یەكیەتیی لاوانیش، لە بەر ئەوەیكە هیچ دەرەتانێكی بۆ خەبات و تێكۆشانی خۆی نەمابوو لێك هەڵوەشایەوە. پاش لێك هەڵوەشانەی یەكیەتیی لاوان و پەرەنپەرەن بوونی ئەندامەكانی هیچ جۆرە تێكۆشانێكی بەر چاو لەو ڕێكخراوە نابینرێ.

لە ساڵی ١٣٢٩ ی هەتاوی، كاتێك كە دوكتور" محەممەد موسەدیق" لە ژێر دروشمی میللی كردنی سەنعەتی نەوت، خەباتی پارلمانی خۆی دەست پێدەكات و، كاتێك كە لە بەهاری ساڵی ١٣٣٠ دا پۆستی سەرۆك وەزیران لە ئێراندا بە دەستەوە دەگرێت و، تارادەیەك دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی و دارودەستەكەی كەم دەبێتەوە، نیمچە ئازادیك دێتە ئاراوە و، حیزب و ڕێكخراوە سیاسیی و سینفیەكانیش دەبووژێنەوە و خەبات و تێكۆشانی نهێنی و نیوە نهێنی خۆیان دەست پێدەكەنەوە. ئەوەش دەبێتە دەرفەت بۆ ئەندام و لایەنگرانی یەكیەتیی لاوان و حیزبی دێمۆكراتیش كە هەلومەرجەكە دەقۆزنەوە و لە شار و ناوچەكانی كوردستان بە گشتی و شاری مەهاباد بە تایبەتی، كە بنكەی سەرەكیی ئەو ڕێكخراوەیە بووە. دەست دەكەن بە كۆڕ و كۆبوونەوە گرتن. كە زۆربەی كۆبوونەوەكانیش لە شوێنێك بە ناوی باغی میكائیل بووە.

ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی كاتێك كە بریار وابوو كە لاوانی دێمۆكرات لە ڕێگای حیزبی توودەی ئێرانەوە نوێنەریان لە ڤستیڤاڵی جیهانی لاوان لە هاوینی ئەو ساڵەدا بەشدار

بێ. لاوانی شاری مەهاباد لە یاغی میکائیلی ئەو شارە بە مەبەستی دیاری کردنی نوێنەر کۆدەبنەوە. کە یەکێك لەو کۆبوونەوانە لە رۆژی ١٥ ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٣٢ بە فەرمانی موزەفەر فەرماندەی تیپی مەهاباد هێرشی دەکرێتە سەر و تەقە لە کۆبوونەوەکە دەکەن و لە ئاکامدا یەکێك لە لاوەکان بە ناوی" حەسەن رەمەزانی" شەهید دەبێ و کۆمەڵێکی دیکەش بریندار دەبن. کاتێك لاوانی بەهەست و شۆرشگێر ئەو کردەوە نا جوانمێرانەی ژ-٣ بە دەستانی رێژیم دەبینن تەرمی شەهیدەکە هەڵدەگرن و بە نێو شاردا بۆ ئیعتراز بەو کردەوە جینایەتکارانەی رێژیمی شا دەیگێرن و خۆپیشاندانێکی بەرینی جەماوەری لە خەڵکی شار بە گشتی ساز دەبێت. ئەو خۆپیشاندانە پاش رووخاندنی کۆماری کوردستان یەکەم خۆپیشاندانی ئاشکرا بوو کە دژی رێژیمی پاشایەتی بەرێوە چووە.

پاش ئەو حەرەکەت و خۆپیشاندانەی لاوەکان و خەڵکی شاری مەهاباد، رێژیم دەستی بە گرتنی ئەندام و لایەنگرانی یەکیەتیی لاوان و حیزبی دێموکرات کرد و نزیکەی ٧٠ کەسی دەستگیر کرد. کە خەڵکی مەهاباد بۆ ئیعتراز بەو دەستبەسەر کراوانە لە تلگرافخانەی ئەو شارە دەستیان دایە مانگرتن و پێوەندییان بە " دوکتور موسەدق" وە گرت و داوای ئازاد کردنی دەستبەسەر کراوەکانیان کرد و بەرێوەبرانی ئەو کارەش سزا بدرێن. سەرەنجام مانگرتنەکە سەرکەوت و هەمووو دەستبەسەرکراوەکان ئازاد کران. پاش ئەو هێرشەی کاربەدەستانی رێژیم لاوەکان کۆڵییان نەداو، پاش تاوتۆکردن و کۆبوونەوە چەند کەسییان لە لاوەکان بۆ ڤستیڤالی نێو نەتەوەی لاوان هەڵبژارد کە ناوی چەند کەسییان بریتن لە: خەلیل سەدیقی ـ عیسمەت سەلیمی ـ کەریم حیسامی و ....!؟ پاش ماوەیەك ئەوانە بەرێ کران بۆ تاران هەتا لەوێ لە ڤستیڤالی سەرجەمی لاوانی ئێرانی دا بەشدار بن.جێگەی باسە لە رێورەسمی تاران بۆ یەکمجار بەرنامەی هونەریی کوردیش بە بەشداری هونەرمەند خەلیل سەدیقی بەرێوە چوو. دیارە لە ئاکامدا

لە كوردستان تەنیا یەك كەس دیاری كرا بۆ بەشداری ئەو فستیڤالە لە بۆخارێست، پێتەختی ولاتی رۆمانی، ئەوەیش كاك كەریم حیسامی بوو كە دواتر دەگەڵ جەمعییەكی ١٠٠ كەسی لە بەشەكانی دیكەی ئێران رەوانەی ئەو ولاتە كران.

بە دوای ئەو حەرەكەتە و خۆپیشاندانەی شاری مەهاباد ئیدی جموجۆلێك لە لاوان و باقی رێكخراو و چین و توێژەكانی دیكەی ئێران و كوردستان نەما. دوابەدوای كۆتایی هاتنی دەوڵەت یان باشتر بڵێین كۆدتایی ٢٨ی گەلاوێژ لە " دوكتور محەممەد موسەدق"، سەركوت و زەبروزەنگی رێژیمی پاشایەتی زۆر تونتر لە جاران دەستی پێكردەوە.

دوا بە دوای ئەو نیمچە ئازادییەی كە پاش هاتنە سەركاری" موسەدیق" لە ئێرانێ ژێر دەسەڵاتی رێژیمی پەهلەویدا هاتبووە ئاراوە و رێكخراو و حیزب و سازمان و یەكیەتیی لاوان لە شاری مەهابد بە نهێنی دەستی بكار كردەوە، دوكتور قاسملووی شەهیدیش لە ساڵی ١٣٣٢ ی هەتاوی ئەو هەلەی دەقۆزێتەوە و لە شاری ورمێ كۆمیتەی یەكیەتیی لاوان لەو شارە دادەمەزرێنێ و دەست دەكات بە كار و تێكۆشان و رێكخستنی لاوانی ئەو ناوچەیە، كە لە مێژووی یەكیەتیی لاواندا دەبێ! وەك لاپەریەكی زێرین چاوی لێ بكرێت، چوونكە نەخش و رۆڵی ئەو رێبەرە مەزنە چ وەك ئەندام لەو رێكخراوەیەدا و چ وەك رێكخەرێكی كارامە جێی پەنجەی لەو رێكخراوەیەدا بەرجەستەیە. جیا لەوانەش دوكتور قاسملوو ئەهمییەتێكی زۆری بە لاوان داوە كە لە بەشەكانی دیكەدا زیاتر ئاماژە بە رۆل و نەخشی دەكرێت.

ئایا سەردەمی ئینقلاب و شۆڕشەكان بە سەر چووە؟ ئایا تەمەن و سەردەمی لە ساڵی ١٩٨٩ دا كۆتایی پێهاتووە؟ ئایا بە شێوەیەكی گشتی شۆرش مێژووی دوور و درێژی تێپەڕاندوە. وا وێنا چێت كە لە ولاتانی جیهانیی سێهەم بە تایبەتی رۆژهەلاتی ناڤین وەك ئێران و زۆر جێگای دیكەی وەك كەناری رۆژئاوای ( رووباری ئۆردون و غەزە و الجزایر ـ میسر و زەئیر لە پشت دەرگاكانیان خۆیان مات دابێ؟ یان گوتاری شۆڕش لە

حاڵی گۆڕان دایە. یان وێدەچێ ویست و داخوازییـەکان و کانوونـە نێونەتەوەییـەکان لـە حاڵی جێگۆڕکێەدان. شایەد چالاکان و هەڵسووڕاوانی شـۆڕش لـە حـاڵی گـۆڕان دابـن. هەموو ئەوانە و کۆمەلێك هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی دیکە بە ئەگەری زۆر راست بن!؟ بە هەر حاڵ، شۆرش و سەرهەڵدانەکان هەتا کۆتایی مێژوو دەگـەڵمانن. بـەلام ئـەو کـە هەیە و روو دەدات لە بەر چاو ونە.

سەدەی بیستەم لە بـەراورد دەگـەڵ سـەدەکانی پـێش خـۆی، دەکـرێ وەکـوو سـەدەی شۆڕشەکان ناوی بەرین. هەتا بەر لە سـاڵی ۱۹۸۹ ی زایینـی و روودانـی رووداوە سـەر سوورهێنەرەکانی ئورووپای رۆژهەلات، ناوەندی شۆڕشـەکان بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە ولاتەکانی جیهانی سێهەم و قارەکانی ئەمریکای باشوور، ئاسیا و ئەفریقا دا بـووە. کـە لە کورتە مێژوو و پێشینەی ئەو شۆڕشانەدا لایەنی هاوبەشیان گەلێ زۆرە. ئەگەر نەلێین هەر هەموویان، بەشی هەرە زۆریان، بە خەباتی جەماوەری خەڵك سەریان هەڵـداوە، کـە بە شێوەیەکی گشتگیر هیوا و ئومێدێکی زۆریان لـە نێـو خـۆو و ئاسـتی نێونەتەوەیـدا بەوجوود هێناوە. کە نموونەی هەر بەرچاویان شۆرشی ساڵی ۱۳۵۷ی گەلانی ئێران بـوو، کە بەر لە هاتنە سەر کار و بە تالانبردنی دەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشە لە لایەن کۆمەلێك ئاخووندی کۆنەپەرەست و بیرتەسـك ببـووە جێگـەی ئومێـد و هیـوای گـەلانی ئێـران و تەنانەت دنیای دەرەوەش.بەلام مخابن ئاخووندەکان هاتن و پەڕ و پۆیان لە شۆڕش داماڵی و هیوا و ئۆمێدی گەلانی ئێرانیان زیندە بە چاڵکرد.

# قۆناخی دووهەم( ١٣٥٧ هەتا ١٣٧٨ )

## بەشی یەکەم

لە کاتێکدا گەردوون پێی ناوەتە سەدەی ٢١ و جیهانیی شارستانییەت زیاتر لە هەمیشە بەرەو پێشکەوتن و تێکنۆلۆژی سەردەم و بەختیاری کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەنگاو دەنێ و، و خەبات و بەرخۆدانی گەلان بۆ گەیشتن بە ئازادی و دێمۆکراسی و مافەکانیان بە شێوەیەکی بەرین و بەرچاو سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و ئازادی و مافی مرۆڤ بوونەتە دروشمی سەرەکی نێو کایە جیهانییەکان، مخابن لە وڵاتی ئێمەدا هێشتا ئازادی و مافی مرۆڤ و پێشێلکردنی مافە نەتەوەیەکان لەوپەڕی خۆیدایە و زوڵم و چەوسانەوە و زیندان و ئەشکنجە و ئیعدام روو لە زیاد بوونە.

بە درێژایی مێژووی سەرەرۆیی لە ئێراندا، ئامرازی چەوساندنەوەی گەلانی ئەو وڵاتە و زەوت کردنی ماف و ئازادیەکانی مرۆڤەکان و بێدەرەتان هێشتنەوەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێران بووە. هەر بۆیە هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتەکەمان لە خەبات لە پێناوی وەدیهێنانی داهاتوویەکی پێشکەوتوو روونـاك و کراوەی سیاسیدا خەبات دەکەن و لەو راستایەدا ئەرکدارن.

ئەمرۆ لاوان چ لەبەر گرینگی رێژەیان لە نێو کۆمەڵگادا و چ بەو هۆیەوە کە ئەوان لە رووی سروشتییەوە، دلگەرم و بە وزە خولقێنەر و بۆ داهاتوو دەروانن، گرینگترین هێز و پۆتانسێلی مرۆیی لە جیهان، ئێران و کوردستاندان.

ئەگەر لاوان لە هەر وڵاتێکی ئازاد و دێمکراتیکدا، زیاتر لە هەر کارێکی دیکە خوازیاری دەستەبەربوونی ئامانجە سینفییەکانیانن، ئەوە لە وڵاتی دیکتاتۆرلێدراو و توتالێتر و کۆنەپارێزی ئێمەدا( ئێران) لەو سۆنگەوە کە بە درێژای مێژوو ستەمی

نەتەوەییان لە سەربووە و، بە ئەنواعی جۆراوجۆر چەوساونەوە، سیستمێکی توتالیتێر حاکم بووە و هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی ئازاد و ئازادژیانی لێزەوتکراوە. هەر ئەو زوڵم و ستەمەش وایکردووە کە دەبێ لاوان زیادە لەوەی کە هەڵگری خواستێکی سینفی و تایبەت بە خۆیان بن، هەڵگری خەبات و تێکۆشانێکی نەتەوەیی و دێمۆکراتیك و پێکهاتەشکێن بن و لەو رووە پاش سەقامگیری و دێمۆکراسی و دابینبوونی مافە نەتەوەییەکان، بەستێن و بورا بۆ مافە سینفییەکانی ئەوانیش دێتە ئاراوە. هەر بۆیە لەو قۆناغە لە خەباتی دێمۆکراتیك و ئازادیخوازیدا باشترین مکانیزم کە دەتوانێ داکۆکیکاری ماف و ئازادییەکانی لاوان بێ، خۆرێکخستن لە نێو رێکخراو... دایە خەبات و تێکۆشانی یەکیەتیی لاوان دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر چەندە لە رێکخستن و وزەکانی لاوان سەرکەوتوو بێ، ئەوەندەش ئاسۆی رزگاری و سەربەستی نزیك تر دەبێتەوە و خەباتەکەش بە بەهەرەتر دەبێت هەر بە سەرەنجدان بەم راستیانەش بوو کە یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە یەکێك لە زێرین ترین قۆناغەکانی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی کورددا دامەزراوە.

بزووتنەوە نەتەوەیی ـ رێکخراوەیی ئەو قۆناغە لە خەباتی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکرات کوردستانی ئێران، لە ژێر تیشکی رێنوێنی حیزبێکی مۆدێرن و پێشکەوتنخوازی وەك حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کەوتەوە جووڵە. حیزبی دێمۆکرات کە هەمیشە یارو پشتیوانی ئەو رێکخراوەیە بووە و دەبێ، هیچ کات لە رێنوێنی و پشتیوانی بەو رێکخراوەیە درێغی نەرکردووە.

هەر وەك پێشتریش ئاماژەی پێکرا، پاش ئەوەی کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستان هەرەسییان پێهێنا و رێکخراوی لاوان و بەرێوەبەرەکانیشی پەردەوازە بوون و هەتا شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران و رێکخستنی دووبارەی ئەو رێکخراوەیە لە قۆناخی نهێنی و ژێرزەمینی دا تێکۆشانی خۆی کەم تا زۆر درێژە پێداوە، کە

کاریگەرییەکەی لە سەر ڕاپەرینە بەشکۆکەی ساڵەکانی ٤٧-٤٦ و بەشداری لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا فاکتەرێکی بە هێزی مانەوەی لە مەیدانی خەبات و تێکۆشانی نهێنی و ژێر زەمینی ئەو ڕێکخراوەیە بە ئەژماردێت.

## بەشی دووهەم

کاتێـك کـە رۆژی ٢٩ ی رێبەنـدانی ١٣٥٦ ی هـەتاوی بـە بۆنـەی چـلەمین رۆژی شەهیدانی شاری " قومـەوە" راپـەرینێکی بـەرفرەوان لـە شـاری" تـەورێز" پێتـەختی ئازەربایجانی رۆژهەڵات بەرپا بوو. خەڵکی وەزاڵەهاتوو رق هەستاوی ئەو شارە هێرشـیان کردە سەر دامودەزگاکانی رێژیمی پەهلەوی و لە نێوان خەڵك و پۆلیس شـەڕ و پێکـدادان رووی دا، ئەو راپەرینەی شاری " تەورێز" سەرەتای قۆناخێکی تازە بـوو، بـۆ خـەباتی خەڵك دژی رێژیمی پاشایەتی. کـە ئـەو راپەرینـە بـۆ سەرمەشـق و نموونـە بـۆ خـەڵکی شارەکانی دیکەی ئێران و لە ئاستی جیهانیش دەنگدانەوەیەکی بەربڵاوی هەبووە.

هاوکات دەگەڵ ئەو راپەرینە دەوڵەتی عێراقیش داوای لە ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات کرد کە دەبێ! لە خاکی عێراق بچنە دەرێ، یان بە رەسمی ببنە پەنابەری سیاسی و...!؟

لە بەر ئەو مەسەلە و چەندین مەسەلەی دیکەش سەبارەت بە وەزعـی نێوخـۆی ئێـران کە شلەژابوو بەشێك لە رێبەری و کادرەکانی حیزب لە کۆبوونەوەیەدا لە سە رئەوە سـاغ دەبنەوە کە بگرێنەوە نێو خۆی وڵات و لە نزیکەوە دەگەڵ خەڵك چاوەروانی ئاڵووگۆرەکان بن.

هەر لە ئاخری هاوینی هەمانساڵدا(١٣٥٧) دوکتور قاسملووی شـەهیدش دەگەرێتـەوە عێراق و ئیسراری زۆر دەکات کە دەبێ، بـە پەلـە بگرێنـەوە نێوخـۆ. پـاش گەرانـەوەی ئەندامانی حیزب بۆ نێوخۆی وڵات( کۆمیتەی زاگروس) " مامۆسـتا عـەبـدوڵا حەسـەن زادە دەڵێ: لە مەهاباد بۆ قـەرەبوو کردنـەوەی کـەمی ئەنـدام و لایـەنگری حیزبـی بـە هاوکاری چەند لاوێکی دڵسۆز و چەند ژنێکی تێکۆشەر دوو رێکخراوی سینفیم بە نـاوی یەکیـەتیی لاوانـی مـەهاباد و یەکیـەتیی ژنـانی مـەهاباد دامەزرانـد. کـە لـە کـاتی

خۆپیشاندان و کۆبوونەوەکاندا دەبوونە هێزی بەرفراوانی ئینسانی بۆ حیزبی دیمـۆکرات، بە بێ ئەوەیکە ناوی حیزبیان لە سەر بێ. دوا بە دوای شاری مەهابادیش لـە شـارەکانی دیکەی کوردستانیش ئەمجۆرە ڕێکخراوانە دامەزران و دەستیان بەکار کرد".( بروانە نیـو سەدە تێکۆشان)

کە بە باوەری من( نووسەر) ئەو حەرەکەتە بناخەیەکی پتـەو بـاش بـووە بـۆ دووبـارە بوژانەوە و ڕێکخستنەوەی یەکیەتیی لاوانـی دیمـۆکراتی کوردسـتانی ئێـران و خـەباتی دووبارەی ئەو ڕێکخراوەیە.

سەرەنجام پاش دانی خوێنێکی زۆر کـە گـەلانی ئـازادیخوازی ئێـران بـۆ دامەزرانـدنی ڕێژیمێکی دیمۆکرات، یەك لەوان گـەلی کـورد. ڕۆژی ۲۲ی ڕێبەنـدانی سـاڵی ۱۳٥۷ ی هەتاوی تۆماری ۲٥۰۰ ساڵەی ڕێژیمی پاشـایەتی لـە لایـەن گـەلانی ئێرانـەوە کۆتـایی پێهات و هەر چەندە رووخانی ڕێژیمی شا بۆ گەلانی ئێران بە گشـتی و گـەلی کـورد بـە تایبەتی جێگەی هیوا و ئومێد بوو، بەڵام مخابن هەر زۆر زوو دەسکەوتەکانی ئەو شۆرشە لە لایەن چەند ئاخووندی کۆنەپەرەست و دواکەوتوو دەستیان بـە سـەر داگـیرا و خۆزیـاو ئاواتەکانی گەلانی ئێرانیان بە هەتیوی هێشتەوە.

هەر لەو سەروبەندەدا خەباتی لاوانی کورد بە گشتی و یەکیـەتیی لاوانـی دیمـۆکراتی کوردستانی ئێران پێی نایە فازێکی دیکە لە خەبات و بەرخۆدان و لە مـانگی بەفرانباری ۱۳٥۷ ی هەتاویدا یەکیەتیی لاوان لە "مزگەوتی شـادەروێش"ی شـاری مـەهاباد بـە بەشداری ۳۲ کەس لە ئەنـدامانی لاوان و سـێ کـەس لـە ئەنـدامانی حیـزب کـە لـەو کۆبوونەوەدا بەشدار دەبن. کە ئەو کۆبوونەوەیە وەك بەردی بناغەی چـالاکی لاوان پـاش خەباتی سەخت و نهێنی لە مێژووی لاواندا سەیری دەرکرێ و دەبێتـە هـەوێنی دووبـارە ڕێکخستنەوەی ئەندام و لایەنگرانی یەکیـەتیی لاوانـی دیمـۆکراتی کوردسـتان.لاوانیش پاش ئەو ڕێکخستنەوە بە گڕ و تینێکی زیاترەوە دەست بە خەبات وتێکۆشان دەکەنەوە.

## بەشی سێهەم

## ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێمۆکرات

بە دوای خەباتی ئاشکرای حیزبی دێمۆکرات لە ڕۆژی ١١ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٥٧ و ڕاگەیاندنی سیاسەت و هەڵوێست و ئامانجەکانی ئەو حیزبە، لاوانی نیشتمانپەروەری کوردستانیش لە سایەی ڕێبەری حیزبی دێمۆکرات کەوتنە جموجۆڵ و لە ژێر ناوی یەکیەتیی لاوانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەستی بە خەبات و تێکۆشانی خۆی کردەوە.هەتا ساڵی ١٣٥٩ ی هەتاوی لە ژێر ئەو ناوەوە کار و تێکۆشانی کردوە و دواتر لە ١٩/٣/١٣٥٩ دا لە لایەن دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بە چەند هۆکار ( کە لە بەشەکانی دیکەدا ئاماژەی پێدەکرێ، لە لایەن حیزبی دێمۆکراتەوە مونحەل دەکرێت) و لە ٢٥/٣/١٣٥٩ دووبارە لە سەر ئەساس و بناغەی پێشووی واتە" یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستان" دەستی بە کار و تێکۆشانی سەر لە نوێی خۆی دەکاتەوە.

پاش ئەوەی ڕێژیمی کۆنەپارێزی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەڕ بە سەر گەلی کورد دا دەسەپێنێ و هێرش دەکاتە سەر کوردستان. دوکتور قاسملووی نەمر لە پەیامێکی ڕادیویدا، لە نێوان ٢٠ی خەرمانان هەتا ٢٠ ڕەزبەری ساڵی ١٣٦١ وەك " مانگی دیفاع لە ئازادی و مەوجوددییەتی نەتەوەی کورد" ناوی لێنا، داوا لە هەموو کۆمەڵانی خەڵك دەکا کە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بۆ بەرگری لە ئازادی و شەرفی خۆیان، دیفاع لە خۆیان بکەن و کچ و کوڕ و ژن و پیاو و گەنج و پیر لەو دیفاعەدا بەشدار بن. هەر بۆیە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان بە پیل ئەو بانگەوازەوە دێن.

كە یەكیەتیی لاوان بە گشتی و لاوان بە تایبەتی وەك توێژێكی ئەكتیڤ و پێشەنگی خەباتەكان هاتنە مەیدانی خەبات و بەرخودان بۆ دیفاع لە مان و مەوجوددییەتی نەتەوەكەیان. لە زۆر جێگە شانبەشانی هێزی پێشمەرگە، چ وەك پێشمەرگە و چ وەك غەیری پێشمەرگە لە سەنگەری خەباتدا لە دژی دوژمنانی جەهل و نەزانی خەباتیان دەست پێكرد. جێگەی ئاماژەیە كە: لاوەكان ئەگەر لە مەیدانی شەڕیش دا ئامادە نەبوایەن، چالاكانە لە پشت جبهەكانی شەڕ یارمەتیی هێزی پێشمەرگەیان دەكرد.[1] خەبات و دیفاع لە وڵات و دەست بە كار بوونەوەی یەكیەتیی لاوان لەو قۆناخە لە خەبات دا.

گڕوتین و هێزێكی دیكەی دا بەو ڕێكخراویە و لاوان بە حەق ریزی ئەو ڕێكخراوەیان بە هاتن بۆ نێو ریزەكانی پتەوتر و قائیم تر لە جاران كرد و، هێز و ئێنرژی تایبەتیان بە جەستەی ئەو ڕێكخراوەیە بەخشی. چ لە مەیدانی بەربەرەكانیی دا وەك هێزێكی چەكدار و بە ئیمان. چ وەك هێزێكی لاو لە پشت جەبهەكانی شەڕ یارو یاوەری ڕۆڵە قارەمانەكانی دێمۆكرات بوون و لە هیچ ئەركێكی پێسپراو دا دریغیان نەدەكرد. ئەگەر بە نرخی گیانیشیان بایە.

جێگەی ئاماژەیە كە: (١) یەكیەتیی لاوان جیا ئەركە ڕێكخراوەیەكانی خۆی لە ساڵی ٥٧ی هەتاویدا ، واتا پاش ئاشكرابوونی

[1] جێگەی ئاماژەیە كە یەكیەتیی لاوان جیا لە ئەركە ڕێكخراوەییەكانی خۆی لە ساڵی ٥٧ واتە پاش ئاشكرا بوونی تێكۆشانی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران، یەكیەتی لاوان بە تایبەت لە مەهاباد ئەركەكانی زۆرتر تەبلیغی سیاسەتەكانی حیزب بڵاوكردنەوەی ڕۆژنامە و بڵاو كراوەكانی حیزبی پێكهێنانی هەستە و حەوزەی موتالعات بە مەبەستی ریكخستن لاوان لە شارو لادییەكان و ئاگادر كردنەوەیان لە ڕووداوەكانی ڕۆژ بووە.

تێکۆشانی حیزبی دێموکرات یەکیەتی لاوان بە تایبەت لە مەهاباد ئەرکەکانی زۆرتر تەبلیغی سیاسەتەکانی و بڵاو کردنەوەی رۆژنامە و بڵاو کراوەکانی حیزبی و ، پێکهێنانی هەستە و حەوزەی مۆتالعات بە مەبەستی رێکخستنی لاوان لە شار و گوندەکان و ئاگادار کردنەوەیان لە رووداوەکانی رۆژ بووە.

## بەشی چوارەم

## خەباتی ئاشكرای یەكیەتیی لاوان لەو قۆناخەدا

هەروەك پێشتر باسمان كرد بە دوای سەركەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە سەر رێژیمی پاشایەتیدا و ئاشكرا بوونی خەباتی ژێرزەمینی رێكخراوەكانی دژ بە زوڵم و زۆرداری هاتە ئاراوە، یەكیەتیی لاوانیش پاش ماوەیەكی زۆر دابڕان لە خەباتی ئاشكرایان باشتر بڵێین درێژە دان بە خەباتی نێوخەڵك بە ئاشكرا، بۆ جارێكی دیكە لە رۆژی ٢٥ ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩ ی هەتاویدا بە فەرمی دەستی بە تێكۆشانی خۆی كردۆتەوە.

نەخش و رۆڵی دوكتور قاسملوو لە بوژانەوەی یەكیەتیی لاوان لەو قۆناخە لە خەبات دا

پاش ئەویكە رێژیمی خومینی نەك هەر هیچ وڵامێكی بە ویست و داخوازییەكانی نەتەوەیی كورد لەو بەشە لە كوردستانی نەدایەوە، فەرمانی جیهادیشی دژی گەلی كورد دەركرد و لە هەموو لایەكەوە، پەلاماردەرانی جەهل و نەزانی پەلاماریان بۆ سەر كوردستان و گەلی كورد هێنا و لە هیچ جۆرە جورم و جینایەتێك خۆیان نەپاراست. لە وێرانكردن و سووتاندنی گوند و شارەكان را بگرە هەتا كوشتاری بە كۆمەڵی خەڵكی كوردستان و، تەنانەت دەستیان لە كوشتنی مەڕ و ماڵاتی خەلكیش نەدەپارست و بە تاڵانیان دەبردن. شەڕێكی داسەپاو بە سەر ئەو گەلە مافخوازەدا سەپاو بە ناچار گەلی كوردیش بۆ دیفاع لە مان و مەوجوودییەت و كەرامەتی نەتەوەیی خۆی لە پەلاماردەران وەخۆ هات و بە هەموو چین و توێژەكانەوە هەتا ئەو جێگایەی كە لە توانا و بۆیان كرا بەرپەرچی هێرشی پەلاماردەرانیان دایەوە. لەو نێوەندەدا جیا لە هێزی پێشمەرگە كە

وەك هێزێكی چەكدار لە بەرانبەر پەلاماردەراندا راوەستا بوو یەكیەتیی لاوانیش كـە تـا رادەیەكی باش لە شارو گوندەكان خۆی رێكخست بوو، بەهەست كـردن بـە زەرورەتێكـی مێژوویی ئەركێكی نیشتمانیی و نەتەوەیی بۆ دیفاع لە مان و مەوجوودییەتی گەلەكـەی بە پێویستی زانی كە شانبەشانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان چەكی شـەرەف و بـەرگی لە شان بكات و لە بەرانبەر هێرشی پەلاماردەرانی ئاخووندی دا وەك هێزێكی ئەكتیڤ و هیوا بەخش خەبات بكات.

ئەو حەرەكەتەی یەكیەتیی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران لـە لایـەك و، هەسـتی نیشتمانپارێزی لاوانی كورد لە لایەكی دیكەوە، وایكرد كـە لاوانـی كـورد پـۆل پـۆل و دەستە دەستە بۆ بەرگری لە خاك و نەتەوەكەیان بێنە نێو ریزەكانی هێـزی پێشـمەرگە و یەكیەتیی لاوان. دوا بە دوای ئەویكە لاوەكان روویان لـە سـەنگەری خـەبات و بـەرگری دەكرد. لە نێو ئەو لاوانەدا كۆمەلێكی زۆر لاوی كەم تەمەن( مێرمنـداڵ) ئامـادەن كـە بەو تەمەنە كەمەوە خزمەتی گەل و نیشتمانەكەیان بكەن. رێبەرایەتی حیزبی دێمۆكرات و لە سەرەوەی ئەوانیش دوكتور قاسملووی شەهید، هەستی بەوە كرد كە دەبـێ چـارەیەك بۆ ئەو لاوە كەم تەمەنانەی كە ریزی پێشمەرگایەتی هەڵدەبژێرن بدۆزێتەوە. یـان باشـترە بلێین ئەو لاوانەی كە عاشقی چەك و پێشمەرگایەتی بوون.

هەر لەو سۆنگەوە رێبەرایەتی حیزب و شەخسی دوكتور قاسملوو بیریان لـە بـەرفراوانتر كردنی بنكەكانی ئەو رێكخراوەیـە كـردەوە. هـەر بـەو مەبەسـتە بنكـە و بارەگاكـانی یەكیەتیی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانی ئێـران چـالاكتر لـە جـاران كەوتنـە جموجـۆڵ و وەرگرتنی ئەو لاوە كەم تەمەنانە، ئەمجارە حیزبی دێمۆكراتیش زۆرتر لە جاران ئاوڕی لەو رێكخراوەیە دایەوە و وەك سەنگەرێكی پولایین و قەڵای رۆژی پشتیوانی لێـی دەروانـی. دوكتور قاسملووی نەمر وەك مرۆڤێكی دەروەست و پابەند بە ئوسوول و پرنسیپە ئینسانی نێـو نەتەوەییـەكان و ئـەخلاقی شۆڕشـگێری هەسـتی بەرپرسـانە لـە سـازماندان و

ڕێكخستنی بنكەو بارەگاكانی لاوەكان لەو قۆناخە لە خەباتی سەخت و دژواری نەتەوەكەماندا چەند مەبەستی سەرەكیی هەبووە:

یەكەم: چەكدار نەكردنی ئەو لاوە كەم تەمەنانەی كە بە مەبەستی بەرگری لە خاك و گەلەكەیان دێنە نێو ریزەكانی هێزی پێشمەرگە.

دووهەم: ناساندنی ویست و داخوازییەكانی گەلی كورد بە لاوەكان و هۆكاری ئەو شەڕە داسەپاوە بە سەر نەتەوەكەمان بەر لەوەی بچنە سەنگەری خەباتی چەكداری و، لەشانكردنی چەكی پێشمەرگایەتی.

سێهەم: ئامادە كردنی لاوانی نەتەوەكەمان بەهێز و وەریەكی پتەو و قائیم و ئاگایەكی زیاترەوە بۆ خەبات و تێكۆشان دژی زوڵم و زۆرداری داگیركەرانی كوردستان و...هتد.

هەر ئەو بنەما فكرییانەی دوكتور قاسملوو و هاوبیرانی بوون كە یەكیەتیی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانی ئێرانی یان گەیاندۆتە ئەمرۆژە كە لە ئاستی جیهانیدا سەری لە نێو سەراندا بێ و، وەك ڕێكخراوێكی كوردستانیی دەروەست ئەركە نەتەوەیی و سیاسی و سینفیەكانی خۆی بەرێوە بەرێت.

ئەگەر پێشەوای گەلی كورد و هاوهزرەكانی لە سەردەمی كۆماری دێموكراتیكی كوردستاندا یەكیەتیی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانیان دامەزراند، ئەوە دوكتور قاسملوو و هاوبیرەكانیشی بوون كە بوژاندیانەوە و بەرگی نوێیان بە بەركرد، لاوانی قوتابخانەكەی ئەو ڕێبەرانەش بوون كە بەرنامە و پرۆگرامیان بۆ داڕشت و، بە هەموو ئەستەنگ و سەختی و دژوارییەكان و كەم و كۆررییەكانەوە گەیاندوویانەتە ئەمرۆ كە بووەتە جێگەی هیوا و ئومێدی لاوانی كوردستان و،بۆتە سەنگەرێك دژی داگیركەران و دوژمنانی

# بەشی پێنجەم

## دانانی کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی

پاش ئەوەیکە یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هەست بە بۆشایەکی گەروە لە نێو ریزەکانی خۆیدا، بۆ راپەراندن و کونترۆڵ کردنی کاروبارەکانی ئەو رێکخراوەیە دەکات. دێتە سەر ئەو بروایە کە کۆمیتەیەکی بەرێوەبەری گشتی دابمەزرێنێ و خۆی لەو پرش و بڵاوییەی کە تێدایە، نەجات بدات. هەر بەو مەبەستە لە مانگی پووشپەری ساڵی ١٣٦٠ ی هەتاوی کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی پێک دێنێ و ئۆرگانی بەرێوەبەری دادەمەزرێنێ.

پێشتر کە لە هەر ناوچەیەك لە کوردستاندا بە نێوی یەکیەتیی لاوانی ئەو ناوچەیە یان ئەو شارە تێکۆشان و ئەرکەکانیی بەرێوە دەبرد و کۆمیتە و هێزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هاوکاری و یارمەتیان دەکردن. کاتێك کە لە پووشپەری ساڵی ١٣٦٠ دا بە مەبەستی دامەزراندنی کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی نوێنەرانی یەکیەتیی لاوان لە کونفرانسی دا بەشدار دەبن. لەو کونفرانسەدا کاك کەریم ئەللاوەیسی وەك بەرپرسی یەکیەتیی لاوان و شەهید رەحمان سوفی زادە وەك جێگری بەرپرسی یەکیەتیی لاوان دیاری دەکرێن. شایانی ئاماژەیە کە لە زستانی هەر ئەو ساڵەدا(١٣٦٠) ئەو کۆمیتەیە تەرمیم دەکرێتەوە و کاك عەزیم ئەفسەر دەبێتە بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران.

دوا بە دوای ئەو کونفرانسە و تەرمیم کردنەوەی بەرێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوان توانی ببێتە خاوەن بەرنامەیەکی دیاریکراوی خۆیی و، بەرنامەی بۆ تێکۆشانی خۆی

هەبێ، گەلاڵەیەكی بە نێوی گەلاڵەی پیرەوی نێوخۆیی یەكیەتیی لاوان بە پەسند گەیانـد و چاپ و بڵاو كرایەوە. بەو شێوەیە یەكیەتیی لاوان دەستی بە دارشتنی بەرنامە بۆ خـۆ رێكخستنەوەیەكی سەرانسەری كرد. هەر ئەو خۆ رێكخستنەوە وایكرد كـە لـە مـانگی خەزەڵوەری هەمان ساڵدا(١٣٦٠) یەكەمین ژمارەی گۆڤاری" لاوان" ئۆرگانی كۆمیتـەی بەرێوەبەری گشتی یەكیەتیی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران دەربچێت. ئەو گۆڤارە سەرەتا بە دوو زمانی كوردی و فارسی چاپ و بڵاو كراوەتـەوە. بـەڵام دواتـر بـە چـەند هۆیەكی تایبەت بەشە فارسییەكەی بڵاو نەركراوەتەوە؟ یەكەم ژمارەش لە دۆڵی خدراوێ لە نێوان سەردەشت =پیرانشـار كـە ٥٦ ژمـارەی لێ چـاپ( قۆنـاغی دووهـەم) و بـڵاو كراوەتەوە. سەرەتا هەر مانگەی ژمارەیەكی لێ چاپ و بڵاوكراوەتەوە، بەڵام دواتر بۆتـە هەر دوو مانگ و یەك ژمارە. چاپ و بڵاوكردنەوەی ئەو گۆڤارە بوو بە هاندەرێكی بـاش بۆ پەیوەستنی لاوەكان بۆ نێو ریزەكانی یەكیەتیی لاوان و رۆژ بە رۆژ ئەندام و لایەنگری پێوە زیاد دەبوو، هەر ئەوەش وایكرد كە لە زۆربەی ئەو شارانەی كە كۆمیتەی لاوانیـان تێدا چالاك بوو، یان رێژەی ئەندام و لایەنگرەكانیان زیاد ببـوو، بۆخۆیـان بـڵاو كـراوە و نامیلكەیان دەركردووە. بۆ وێنە لە كۆمیتەكانی مـەهاباد و بانـە دوو بڵاوكراوەیـان بـە ناوەكـانی گەلاوێـژ[١]( مـەهاباد) و روانگـەی لاوان ( بانـە) بڵاوكراوەتـەوە. كـە لـە كۆمیتەكانی دیكەی یەكیەتیی لاوانی شارەكانی دیكەش ئەو چالاكیانە بەردەوام بـوون. گۆڤاری لاوان هەتا ساڵی ١٣٧٢ ی هەتاوی درێژەی كێشاوە و دواتر مخـابن بـە هۆگـەلی

[١] دیارە دەبێ ئەوەش بڵێن كە گەلاوێژ سەر بە ئۆرگانی یەكیەتیی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران ـ مەهاباد بووە كە ئەو كات تەنانەت كومیتەی یەكیەتی لاوانی شاری مەهاباد وەك ناوەندێكی بە هێزی ئەو رێكخراوەیە سەیر دەكرا. دواتر ناوی بڵاوكراوەی " گەلاوێژ" لە سەر پێشنیار و مەسلەحەتی هەئیەتی بەرێوەبەری یەكیەتیی لاوان دەگوردرێت بۆ" دەنگی لاوان" كە بڵاوكراوەی گەلاوێژ ٦ ژمارەی لێ بڵاودەكرێتەوە و دەنگی لاوانیش هەتا ژمارەی ١٢ درێژەی پێداوە و دواتر وەستاوە.

جۆراوجۆر کە لە بەشەکانی دیکەدا ئاماژەی پێدەکرێت، بۆ ماوەی نزیک بە ٦ ساڵ دەوەستێت!؟

پاش ئەوەی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی هەڵبژێردرا و بە فەرمی دەستی بە کار کرد بۆ ڕێکخستن و ئاگادر بوون لە وەزعییەتی لاوەکان لە ناوچە و شارەکانی کوردستان، چەندین هەئیەتی بۆ ڕاپەراندنی کار و چالاکییەکانی یەکیەتیی لاوان ڕەوانەی شار و ناوچەکانی ـ مەهاباد ـ بۆکان ـ سەردەشت ـ شنۆ ـ پیرانشار ـ نەغەدە ـ بانە ـ هەوشار و سەقز و بەشەکانی دیکە ڕەوانە کرد و دانانی کلاس و دەورەگەلی جۆراوجۆری سیاسی ـ قەزایی ـ نیزامی و تەنانەت کۆمەڵایەتی کەسوودیی یەکجار زۆری بە لاوەکان گەیاندوە کار و ئەرکەکانی خۆی بەڕێوە بردووە.

یەکێك لە خاڵە بە هێزەکانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە لەو قۆناخە سەخت و دژوارەی خەباتی نەتەوەکەمان کە دەبێ ئاماژەی پێبدرێ، بە ئەنجام گەیاندنی کارە هونەری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو ڕێکخراوەیە. یەکیەتیی لاوان جیا لەوەی وەك توێژێکی نیشتمانپەروەر و گەل دۆست، کە بەردەوام لەو قوناخە سەختەکان دژی داگیرکەرانی کوردستان، شانبەشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرگری لە خاك و نەتەوەکەی کردوە و لە مەیدانی شەڕدا هەمیشە ئامادەگی بووەو، تەنانەت زۆر جارانیش بۆ خۆی عملیاتی دژی داگیرکەرانی کوردستان بە ئەنجام گەیاندوە و تێدا سەرکەوتنی بە دەستهێناوە و شانازی بۆ گەلی کورد و لاوەکانی ولاتەکەمان خولقاندوە. سەرەرای هەموو ئەوانەش، لە هاوکاریکردنی کۆمیتەکانی حیزبی دەریغی نەکردووە و لە کوڕو کۆبوونەوەکانی حیزبی و بۆنە و ڕێورەسمەکاندا ڕۆڵی گێراوە و وئامادەکاری و ئاسانکرای کردووە. لە نەخشاندنی ڕۆژەمێژوویەکانی حیزب و بۆنە و مناسباتی حیزبی و نەتەوەیی دا نەخشی بووە. خالێکی دیکە جێگەی سەرەنج ئەوەیەکە: لاوانی شۆڕشگێری یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، هەرکات روویان لە هەر ناوچەو شار و

گوندێك دەكرد بە هەست كردن بە بەرپرسایەتی كە كەوتوویانتە سەرشانیان، سیاسەت و هەوڵۆێستەكانی یەكیەتیی لاوان و تەنانەت حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێرانیان بۆ خەڵكی روون دەكردوە و، پیلان و سیاسەتە دژی گەلییەكانی رێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێرانیان لە قاو دەدا. فێری لاوەكانیان دەكرد كە بۆچی دەبێ چەكی شەرەف و بەرگری بكەنە شانیان؟

ئەركە نەتەوەیی و نیشتمانیەكان وایان لە ئەندامانی یەكیەتیی لاوان كردبوو، كە لە هیچ گیانفیدایەك دەریغی نەكەن. لە خۆڕا نەبوو كە لە زیندان و مەیدانی شەڕدا، هاوارییان دەركرد. " نیشتمان هەر بە خوێنی سووری لاوەكان رزگار دەبێ".

ئەو هەستە نیشتمان پەرەستی و پاك و بێگەردەی لاوانی مەیدانی خەبات ببوو بە سەر مەشق و سەنبۆل بۆ لاوانی گەلەكەمان لە رۆژهەلاتی كوردستان و كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان. كاتێك قەڵافەتی ورد و زیت و وریای لاوانی دێمۆكراتیان چاو پێ دەكەوت، هێندەی دیكە هیوایان بە رزگاری گەل و خاكەكەیان زیادتر دەبوو. ئەگەر لە حەق دەرنەچین لاوانی دڵ پڕ لە هیوای دێمۆكرات، لە زۆر شوێن و گوند و شاری كوردستاندا، كاتێك خەڵك دەیبینی رۆڵەیەكەی ئاوا كەم تەمەن هاتۆتە مەیدانی خەبات و بەرخۆدان، ئەوانیشی لە نێو دەریای بیر و هزر دەخست و گەلێ جاران هاندەر بوون، بۆ هێنانی گەلێ لاو و تەنانەت پیرە پیاویش.

خالێكی دیكە جێگە باس ئەوەیكە: یەكیەتیی لاوانی دێموكرات زۆر لاوی لە نێو ریزەكانی خۆیدا پەروەردە كردوە، فێری سیاسەت، دیپلۆماسی، هەڵسووكەوتی كۆمەڵایەتی و... كردوە، دواتر بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی و چەكی شەرەفیان لە نێو ریزەكانی حیزبدا لەبەر و لە شان كردووە، كادری بەوەج و بە دیسپلینی تەحویلی بزووتنەوەی رەوای گەلەكەمان داوە، تەنانەت هەتاكوو ئاستی رێبەری حیزبیش چوون و دواتر بە شانازییەوە گیانیان فیدای خاك و گەل كردووە.

## بەشی شەشەم

## کەڵە یان بیرۆکەی حیزبی توودە، لە نێو یەکیەتیی لاواندا

دوکتور قاسملوو لە کتێبی چل ساڵ خەبات دا دەنووسێ: ساڵێك پاش شەهید بوونی پێشەوا قازی، لاوانی ناوچەی مەهاباد چالاکیی سیاسییان دەست پێکردەوە و پێوەندییان پێکەوە گرت و یەکەم ڕێکخراوەکانی حیزبی دێمۆکراتیان زیندوو کردەوە.[1] و گۆڤارێکیان بە ناوی " ڕێگا" بڵاو کردەوە و کە چەند ژمارەیەکی لێ چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەم گۆڤارە درێژە پێدانی خەباتی حیزبی دێمۆکراتی لە بەر چاو گرت و خەڵکی بەرەو تێکۆشان هان دا. دەرچوونی " ڕێگا" شوێنێکی باشی لە سەر لاوەکان دانا. هەر بۆیە لاوەکان زیاتر لە پێشوو هاتنە نێو مەیدانی خەبات و تێکۆشان و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری " ڕێگا"ش ڕێگای تێکۆشانی حیزبی و ڕێکخراوەییان خۆشتر کردەوە.

ئەو لاوانە چوونکە تاقیکردنەوەی سیاسییان کەم بوو و، کەسیش نەبوو کە ڕێنوێنییان بکات. لە سەر دووڕییان مابوونەوە. بەشکیان هەر لەو بروایە دا بوون کە دەبێ تەشکیلاتێکی بە تەواو کۆمونیستی دابمەزرێنن کە ئەوەش کاریگەری رووخاندنی

[1]. ئێمە کە زۆر جاران لەو کتێبە دا ناوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستتانی ئێران مان هێناوە، یان بە جۆرێك لاپەرەکانی مێژووی ئەو حیزبەش هەلدەدەینەوە، چوونکە مێژووی یەکیەتیی لاوان و حیزبی دێمۆکرات بەیەکەوە گرێ دراون و ئەو ڕێکخراوەیە هەمیشە لە ژێر سایە و ڕێنوێنیەکانی ئەو حیزبە هەنگاوی بەرەو پێش هەڵیناوە یان باشتر بلێین: ئەو حیزبەی بەرێبەر و ڕێ نیشاندەری خەباتی میللی دێمۆکراتیکی خەڵکی کورد زانیوە و دەزانێت.

كۆماری دێمۆكراتیكی كوردستان یان ئاشبەتاڵبوونی كوردستان ئەو فەزا و وەزعەی پێكهێنابوو. هەر بۆیە بەشێك لە لاوەكان بە ناوی كۆمەڵەی كۆمونیستی كوردستان ویستیان درێژە بە تێكۆشان و خەباتی خۆیان بدەن. لە حالێكدا بەشی هەرە زۆریان لە سەر ئەو باوەرە و پێیان خۆش بوو هەر لە سەر رێبازی حیزبی دێمۆكرات بمێننەوە، كە سەرئەنجام رێبازی حیزبی دێمۆكرات سەركەوت. بەڵام دواتر زۆری پێ نەچوو كە حیزبی توودە پێوەندی دەگەڵ رێكخراوی حیزبی دێمۆكرات لە شاری مەهاباد دامەزراند. پێوەندی نێوان حیزبی دێمۆكراتی كوردستان و حیزبی توودە ئەو كات لە تاران صارم الدین صادق وەزیری بوو كە بە هۆی سەدیقی ئەنجیری ئازەرەوە كە ئەوكات پێوەندێكی باشی دەگەڵ لاوانی مەهاباد هەبووە. ناوبراو لە سەردەمی كۆماری كوردستان و كاتی دامەزراندنی رێكخراوی لاوان لەو سەردەمەدا، یەكەم بەرپرسی " گۆڤاری هاواری نیشتمان" بوو. بەرێوەبەرانی حیزبی توودە ئەو كات لەو بروایە دا بوون كە دەبێ ئەو رێكخراوانە( رێكخراوەكانی حیزبی دێمۆكرات و...) هەم باری تەشكیلاتی و هەم لە باری سیاسییەوە بە گشتی دەبێ! پەیرەوی لە بەرێوەبەرانی حیزبی توودە بكەن".

پاش ئەو ئازادییە نسبیەی كە لە دەورانی دوكتور موسەدەیق هاتە ئاراوە، لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٣٢ دا بزووتنەوەی دێمۆكراتیك لە كوردستاندا زۆر بە خێرا دەچووە پێش.[١]. بۆ ئامادە كردنی فیستیڤاڵی جیهانی لاوان كە بریار بوو لە هاوینی ئەو ساڵەدا لە شاری " بۆخارست" لە ١٥ی جۆزەردان كۆبوونەوەیەكی بەرینی لاوان لە دەرەوەی شاری مەهاباد لە شوێنێك بە ناوی باخی میكائیلی پێك هات. ئەو كۆبوونەوە بە دەستووری سەرتیپ موزەفەری فەرماندەی تیپی مەهاباد، ئەرتەش هێرشی كردە سەر كۆبوونەوەكەو یەكێك لە لاوەكانی ئەو شارە بە ناوی حەسەن رەمەزانی كوژرا و چەندین

[١]. لە بەشەكانی پێشووشدا ئاماژەیەكی پێدراوە

کەسی دیکەش بریندار بوون، هەر لە درێژەی ئـەو پێوەندییانـەی کـە لـە نێـوان حیزبـی توودە و رێکخراو و سازمان و حیزبەکانی ئێرانی و کوردستانیدا هەبووە. هاوکات دەگەڵ رێککەوتن نامەی الجزایر لە نێوان حکوومەتی تاران و بەغدا دا و مەسەلەی بزووتنەوەی کوردیش لەو نێوەدا هەتا رادەیەك زەربەی لێ کەوت. حیزبی توودەی ئێران لە پـەیامێك دا داوای لە خەباتگێرانی کورد کردبوو کـە رێکخراوەکـانی حیزبـی دێمـۆکرات زینـدوو بکەنەوە و زۆر بێ شەرمانە داوای لێ کردبوون کە پێوەنـدی بـە حیزبـی دایـك( حیزبـی توودە) بگرنەوە و رێکخستن و تەشکیلاتی خۆیان زیندوو کەنەوە.

هەر ئـەو هاوکـاری و دەسـت تێوەردانانـەی حیزبـی تـوودە لـە نێـو رێکخراوەکـانی کوردستان بە کردەوە وایکرد کە تەشکیلاتی بەشێك لەو رێکخراوانە چ حیزبی دێمۆکرات و چ یەکیەتیی لاوان بە تایبەتی تەنانەت لە ئاستی رێبەراتەتیشدا بچنە ژێـر کاریگـەری دروشم و فیکری حیزبی توودە کە ئەو بینشە فیکـریش بـووە هـۆی ئەوەیکـە بەشـێکی بەرچاو لە لاوەکان بچنە ژێـر کاریگـەری فیکـر و ئەندیشـەی توودەئیسـتییەوە و ببنـە کانگایەکی باش بۆ تەبلیغ کردن بۆ ئەو حیزبە و لاوەکان لە رێبازی ئەسلی خۆیان بـەدەر بکەن. کە دواتر بۆ هۆی چەندین ئینشعاب و دابـڕان لـە نێـو ئـەو حیزبـە سیاسـییانەی کوردستان و رێکخراوەکانی سەر بەو حیزبانە کە یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردسـتان یەکێك لەو رێکخراوانە بووکە حیزبی توودە و بیری توودەئیستی لە نێو ئەندامەکانی ئەو رێکخراوە دا پەرەی گرتبوو، کە ئەگەر دەفتەری سیاسی حیزبـی دێمـۆکرات و کەسـانی دڵسۆزی ئەو رێکخراوەیە نەهاتبانە مەیدانەوە ئەو یەکیەتیە ئەگەر نەڵێن بە تەاوی بەشی هەرە زۆری دەچووە ژێر کاریگەری ئەو حیزبە و دەبووە رێکخراوێکی تەنانەت سـەر بـەو حیزبەش.

دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە لەو کـات و سـەردەمەدا ژێسـتی کۆمۆنیسـتی ببـووە شتێکی باو لە لە نێو حیزب و رێکخراوە سیاسییەکاندا، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبـی

توودە و توودەئیستییەكان، ئەگەر كەسێك لە كۆڕو كۆبوونەوەكاندا باسی لــە كۆمــۆنیزم و ژیان و تیۆرییــەكانی" لیــنین" ی نەزانیبایــە و باســی پروتاریــا و دژی ســەرمایەداری و هاورای كرێكارانی جیهانی بەرزنەكردبایە و باسی لە مەسەلەی نەتــەوەیی و زۆر بابــەتی لەو شێوەیە كربایە، پێیان دەگوت، دواكەوتوو و ئەوانیش بە ئیستلاح روونــاكبیر و دوور ئەندیش بوون. كە دواتر رەوتی رووداوەكانی جیهــان وایكــرد، بەشــێكی هــەرە زۆر( بــە تایبەت لە نێو حیزب و رێكخراوە كوردییەكان) بادەنەوە. دەروێشەكانی حیزبی توودە لە كوردستان سەرەرای ئەو هەموو كێشە و گرفتەی كە بۆ حیزبە میللــی و نەتەوەیــەكانیان دەخولقاند ببونە مایە و هۆكاری بەرەو پێشنەچوونی رەوتی بزاڤی میللــی دێمــۆكراتیكی گەلی كورد لە كوردستانی ئێران.

## بەشی حەوتەم

# یەکیەتیی لاوانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆچی مونحەل کرا؟!

هەروەك لە بەشەکانی پێشووشدا ئاماژەم پێکردوە، پاش ئاشکرا بوونی خەباتی حیزبی دێمۆکرات، چوونکە زۆربەی ئەرك و کارەکانی لاوەکان راپەڕاندنی کاری حیزبی بوو[1] ببوو بە یەکیەتیی لاوانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، یان باشتر وایە بڵێین هیچ رێکخستن و ئەندامێکی ئەوتۆی دوای رووخاندنی کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستان، لە مەیدان دا نەمابوو. بۆ ئەوەیکە رێکخستنێکی تۆکمە و باش لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و ئەو مەجالەش نەبوو.

یەکیەتیی لاوانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، تەمەنێکی زۆری نەکردو لە سەر بریاری دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکرات ئەو رێکخراوەیە لە رۆژی ۱۹/۳/۱۳۵۹ ی هەتاوی هەڵوەشاوە راگەیاندرا. !؟

بەڵام پاش ٦ رۆژ دواتر، واتە ۲۵/۳/۱۳۵۹ ی هەتاوی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران سازماندەیی درایەوە و ئەو رێکخراوە هاتەوە سەر رێچکەی ئەسڵی خۆی. سەبارەت بە هۆکاری هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی لاوان حیزبی دێمۆکرات گەلێ راڤە

[1]. بە تایبەت پاش ئاشکرا بوونی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێمۆکرات پاش رووخانی رێژیمی پاشایەتی لە ئێراندا.

و تەفسیری جۆراوجۆریان لێرەو لەوێ باسكردوە، بەڵام بە باوەری من سێ هۆكاری سەرەكی دەتوانێ نەخشیان لە هەڵوەشانەوەی ئەو ڕێكخراوە بەو ناوەوە، هەبوو بێت.

**یەكەم:** نفووز و رخنەكردنی حیزبی توودەی ئێران لە نێو ئەو ڕێكخراوە بە تایبەت لە ئاستی بەرپرسانیدا.

**دووهەم:** یەكیەتیی لاوانی دێمۆكراتی كوردستان كە لە سەردەمی كۆماری كوردستاندا، وەك ڕێكخراوێكی سینفیی و مەدەنی لە فەزایەكی دێمۆكراتیكی ژێر دەسەڵاتی حكوومەتی كۆماری كوردستاندا لە دایك ببوو، دەبایە هاتباوە سەر ڕێباز و ڕێچكەی خۆی و ناوی هیچ حیزب و ڕێكخراوێكی تایبەتی وەك پاشگر و پێشگر پێوە نەبێت.

**سێهەم:** راستە ئەو ڕێكخراوە لە سایەی حیزبێكی وەك حیزبی دێمۆكرات دا گەشەی كردوە و ئامانج و هەڵوێستەكانی ئەو حیزبەی بە ئامانج و هەڵوێستی خۆی دەزانیی، بەڵام ئەو ڕێكخراوە بۆ مەبەستی تایبەت و ئەركی دیكە دامەزرابوو.

بەڵام ئەوەیكە لێرەدا زۆرتر جێگەی هەڵویستەی ئێمەیە. نفووزی حیزبی توودە، لە نێو ئەو ڕێكخراوە دایە.

دوای شەڕی سێ مانگەی كوردستان لە نێو ریزەكانی حیزبی دێمۆكرات و هەمیش لە نێو یەكیەتیی لاواندا مەسەلەی توودەئیسم هاتە گۆڕێ و ژمارەیەكی زۆر لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی و كادرەكانی حیزبی ببوونە دەست و پێوەندی حیزبی توودە. لەو كاتیشدا سیاسەتی حیزبی توودە پشتیوانی كردن لە كۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرامبەر ئیمپریالیزمی ئەمریكادا بوو. حیزبی توودە لەو خەیاڵەدا بوو كە ڕێژیمی ئاخوندی چوونكە دژی ئیمپریالیزمی ئەمریكایە، راستەو راست هاوسەنگەری حیزبی توودەیە. لە كاتێك دا كە ڕێژیمی دژی گەلیی ئاخوندی شەڕی دژی خەڵكی كوردستان دەست پێكردبوو، هەزاران كەس لە خەڵكی بێ دیفاعی كورد شەهید و زیندانی و ئیعدام و

ماڵوێران ببوون، حیزبی توودە و گوێ لە مستەکانی ئەو حیزبەش لە نێو ریزەکانی حیزبی دێمۆکرات و یەکیەتی لاواندا، خەریکی ئاژاوەگێری و سەفبەندی بوون. هەر ئەوەش بو بە هۆکارێك کە ناوی ئەو رێکخراوە( لە یەکیەتیی لاوانی حیزبی دێموٚکراتی کوردستانی ئێران ـ بوو یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران) و هاتە سەر ناوی ئەسلییەکەی خۆی.

" سەید عەبدوڵا حسینی سەبارەت بەو مەسەلەیە لە دەست نووسێکدا دەڵێ: بە داخەوە پێکهاتەی بەرپرسانی ئەو رێکخراوەیە، تەرکیبێك بوو، کە زۆرتر بە لای حیزبی توودە دا ئەشکایەوە و لە بورای فیکری و ئەندیشەوە، زیاتر کارییگەری بیرو بۆچوون و ئەدەبیاتی حیزبی توودەیان لە سەر بوو. دەگەڵ ئەوەش کاك حەمەدەمین سیراجی و کاك غەنی بلورییان، لێ یان غافڵ نەبوون و بەردەوام سەردانی ئەندامانی ئەو رێکخراوە و بەرپرسەکانیان دەکرد و، هەمیشە دەگەڵ دەفتەری حیزبی توودە و کاك عەلی گەلاوێژ نوێنەری حیزبی توودە لە مەهاباد دا لە پێوەندی دا بوون. ئەو هاتووچۆ ناشەرعیانەی ئەندامانی حیزبی توودە بۆ نێو لاوەکان، بە تایبەت ئەوانەی لایەنگر و دڵسۆزی حیزب بوون حەساسییەتێکی زۆر پێك هێنابوو. دەگەڵ ئەوەیکە زۆربەی پۆستە کلیلییەکان لە ژێر دەستی سەمپەتیکانی حیزبی توودەدا بوون و بە توودەکرات ناوبانگیان دەرکردبوو، تەنیا پۆستی بەشی پەزیرش و وەرگرتن بە ئێمە بوو کە ئەوەش هەلی بۆ ئێمە دەرەخساند کە لە کاتی هاتنی لاوەکاندا بتوانین لانیکەم لە بەشێك لە سیاسەت و هەڵویستەکانی حیزبی توودە روونیان بکەینەوە. ئامادەگییەکی زەینییان پێ بدەین، نفووزی حیزبی توودە و دارو دەستەکانی لە نێو رێکخراوەکەدا هەتا دەهات زیادی دەکرد بۆ دۆزینەوەی رێگاچارە ئێمەش دەگەڵ چەند عۆنسۆرێکی جێگای باوەری خۆمان، هاتینە سەر ئەو بروایە کە کۆببینەوە و دوور لە چاوی ئەوان کۆبوونەوەیەکی نهێنی ساز بدەین. شەوێك لە ماڵێك بە ناوی کاك " خسرو" لە نزیك مەیدانچەی حەسەنزادە بە

بەشداری ٢٥ كەس كۆبووینەوە و سەبارەت بە بارودۆخ و هەلومەرجی یەكیەتیی لاوان ، نفووزی حیزبی توودە قسەمان كرد.[١] لە كۆتایی كۆبوونەوەكە، لە سەر ئەوە ساغ بووینە كە ئەو كۆبوونەوانە بەردەوام بن. بەڵام خۆ نەدەكرا هەموو جارە لە ماڵێك، ئەوان تووشی ئەزییەت و ناڕاحەتی بكەین. هەر بۆیە پاش چەند رۆژێك لە سێ رێیانی شەقامی" وەرهەرامی" پێشوو، تەبەقەیەكی خانۆكمان بە ٢٠٠ تمەن بە كرێ گرت و پارەكەمان لە نێوان ١٠ كەس لە خۆماندا دابەشمان كرد.

سەرەرای ئەوەیكە رێ و شوێنە نهێنی كانمان بە باشی دەپاراست، بەڵام توودەییەكان توانیبویان كەسێكی خۆیان بخزێننە نێو ئێمەوە؟ كاتێك ئێمەش ئەوەمان هەست پێكرد لە كۆبوونەوەیدا هاتینە سەر ئەو باوەرە كە كۆبوونەوەیەك، لە هەر رێگای كە بۆمان دەلوێ دەگەڵ دوكتور قاسملوو ساز بكەین. لە ریگای چەند ئەندامێكی حیزبییەوە لە گوندی گوێك تپەی شارویرانی مەهاباد، مولاقات و كۆبوونەوەكە پێك هات. بەر لە مولاقات دەگەڵ دوكتور قاسملوو لە كۆبوونەوەیەكدا هێندێك مەسەلە و بابەتمان گەڵاڵە كرد و، هەئیەتێكی سێ كەسیمان كە بریتیی بوون: لە مەنسوور توكمەچی ـ ئەسعەد خزری و عەبدوڵڵا حوسێنی دیاری كران. ئەو هەئیەتە سێ كەسییە كە لە گوێك تپە چووینە خزمەت دوكتور قاسملوو، سەبارەت بە نفووزی حیزبی توودە لە نێو رێكخراوەكەدا( یەكیەتیی لاوانی حیزبی دێمۆكرات) بە فاكت و دەلیل و بەڵگە و، بە كاك دوكتورمان راگەیاند.

---

[١]. لە زۆر جێگەی ئەو كتێبە دا ناوی سازمانی جەوانان دێت، دیارە سازمانی جەوانان، هەر یەكیەتیی لاوانە، بەڵام لە هێندێك قۆناخ و شوێندا ناوەكەی دەگۆڕن و دواتر هەر دەبێتەوە یەكیەتیی لاوان، ئەگینە ئەو دوو ناوە هیچ جیاوازییەكیان نیە، تەنیا جیاوازییەكەین رەنگە لە كوردی و فارسییەكەی دا بێ.

کاك دوکتور قاسملوو دەگـەڵ ئەوەیکـە زۆر بـە گـەرمی پێشـوازی لیّ کـردین، خـاڵی جێگەی سەرەنج ئەوە بوو کە هەر دەلیـل و بەڵگەیـەکی کـە ئێمـە لـە سـەر پێوەنـدیی بەرێوبەرانی رێکخراوەکە، کە بە حیزبـی تـوودەوە بـاس دەکـرد دوکتـور قـاسملوو سـێ بەڵگـەی دیکەشـی دەهێنایـەوە! بـۆ نموونـە ئەگـەر ئێمـە دەمـانگوت فـلان ئەنـدامی بەرێوبەری یەکیەتیی لاوانی حیزبی دێمۆکرات لەو رۆژە و سەعاتەدا سەردانی دەفتـەری حیزبی توودەی کردووە کاك دوکتور دەیفەرموو: لە سـێ رۆژ و لـەو سەعاتانەشـدا و... دیار بوو رێبەرایەتی حیزبی دێمۆکرات بە باشی لە مەسەلەکە ئاگادار بوو. بـەڵام کـاتی ئەوە نەهاتبوو کە سەبارەت بەو مەسەلەیە هەڵویست بگرێ.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکە دا دوکتور قاسملوو داوای کرد هەر سەند و بەڵگەیـەکمان لـەو پێوەندییە دا لە بەر دەست دایە، ئامادەی بکەین و لەو رۆژەدا کە لەگەڵ بازاریانی شاری مەهاباد کۆبوونەوەمان دەبێ، لەو شوێنە بیهێنینە بەر باس. لـە ماوەیـەکی کـورت دا گەلیّ سەند و بەڵگەمان کە لە بەر دەست دا بوو ئامادە کرد.

لە کاتی خۆیدا بەڵگە و سەندەکانمان تەحویلی دوکتور قاسملوو دا، کـە بـە مـەودایێکی کەم، پاش تەحویل دانی بەڵگەکان، لە لایەن بەرێوەبەری رێکخراوەکە ئاگادار کـراین بـۆ بەشداریکردن بۆ کۆبوونەوەی گشتی یەکیەتیی لاوان، بە بێ ئەوەیکە ئاماژە بە هۆکاری بەستنی کۆبوونەوەکە و بەشداری کاك دوکتور قاسملوو لەو کۆبوونەوەیەدا بکرێ.

بەرێوەبەری رێکخراوەکەش هەتا کاتی بەستنی کۆبوونەوەکە، وایان نیشان نـەدەدا کـە ئاگاداری کۆبوونەوە نەهێنیەکانی ئێمەن، تەنانەت بە نیسبەت چوونی ئێمە بۆ لای کـاك دوکتور، لەگەڵ ئەوەیکـە بـە هـۆی یـەکێك لـە ئەندامـەکانی هەئیەتەکـە لـە هـەموو جزئیاتێکی ئێمە ئاگادار بوون، هیچ شتێکیان وەسەر خۆیان نەدێنا.

کۆبوونەوە گشتییەکە بە بەشداری دوکتور قاسملوو ـ غەنی بلوریان و عـەزیز مـاملێ بەسترا، کە لە لایەن غەنی بلوریان کرایەوە. مامە غەنی لە قسەکانیدا کـەمتر بـە لای

ئەو مەسەلەیەدا ( نفووزی حیزبی توودە) چوو، هەر ئەوەش وایكرد كـە بـە دوای تـەواو بوونی قسەكانی مامە غەنی دا، دوكتور قاسملوو هەستاو، بەو شێوە دەستی بە وتەكانی كرد:" بە داخەوە كاك غەنی زۆر لە لەفافەدا قسەی كرد، ئـەمن بـە سـەراحەت دەڵـێم، گویا لە نێو سازمانی جەوانانی حیزبی دێمـۆكرات دا " تـوودەیی" هەیـە. ئێمـە بۆیـە هاتووین هەتاكوو ئـەو مەسـەلەیە روون و یـەك لا بكەینـەوە و... پـاش تـەواو بـوونی وتەكانی كاك دوكتور قاسملوو نۆبە گەیشتە بەشدار بوانی كۆبوونەوەكە بۆ دەربڕینـی را و بیر و بۆچوونی خۆیان. ئێمە كۆمـەڵێك هـەر لـەو چوارچـێوەی بەڵگـەكانی كـە پێشـتر تەحویلی دوكتور قاسملوومان دابوون، قسەمان كـرد. لـە بەرانبـەر ئێمەشـەدا رێبـەرانی سازمانی جەوانانیش بە هۆی دەسـت پێراگەیشـتنیان بـە سـەند و بەڵگـەكانی ئێمـە و ئاگادار كردنەوەی پێش وەخت، لە كۆبوونـەوەكانی ئێمـە، بـە ئامادگییـەكی تـەواوەوە، هاتبوونە كۆبوونەوەكە و كە دیار بوو پێشتر دەرس دادرابـوون كـە چ بلـێین و چـۆن وڵام بدەنەوە و كێ وڵام بداتەوە. وڵامەكانیان وا رێك و پێك كردبوو كە كـاك دوكتـوریش تـا رادەیەك لە ئێمە ناراحەت كرد. چوونكە هەر لەوە دەست بە جێ هەستی بـە مەسـەلەكە كرد. لەو كۆبوونەوەدا ئێمە چـمان بـۆ نەچـووە سـەر تـەنیا ئاكـامێكی باشـی كـە لێـی كەوتەوە، دانانی كاك عـەزیز ماملێ بوو، بۆ پێوەندی نێوان دەفتـەری سیاسـی حیـزب و یەكیەتیی لاوان.

دوا بە دوای ئەو كۆبوونەوەدا لە سەر داوای دەفتەری سیاسی حیزبـی دێمـۆكرات، بـۆ سازمانی جەوانان خۆی بۆ بەستنی یەكەم كونفرانس ئامادە كرد.

یەكەم قاییم كاری كە بۆ كـونفرانس كردیـان، شـەرایەت و زەوابیتیـان بـۆ وەرگرتنـی ئەندامی رەسمی سەخت تر كرد. كەمتر وا هەبوو لە بەینی لایەنگران دا، جیا لـە تـەیفی خۆیان( ئەوانەی كە بیر و فیكری توودەییان هەبوو) بە ئەندامی رەسمـی وەربگیرێـت؟ بـۆ ئەوەی ئەو زۆرینـەی كـە لـە دەسـتیان دابـوو، بـۆ كـونفرانس بپـارێزن و، لـە رێگـای

زۆرایەتیەوە، مەشروعییەتی خۆیان بۆ رێبەری رێکخراوەکە، لەو کونفرانسەدا وەربگرن. لەو کاتدا زۆربەی هەرە زۆری ئەو لاوانەی کە دژی فیکری توودەیستی، یان باشتر بلێین بیر و فیکری توودەییان لە مێشکی دا نەبوو، لە نێو رێکخراوی لاوان دا لە ئاستی لایەنگری دا بوون و نەیان دەتوانی بە پێی ئەساسنامەی سازمانی جەوانان بەشداری کونفرانس بن. کونفرانس بەستراو، هەر ئەو جۆرەی کە چاوەروان دەکرا، بە قازانجی ئەوان شکاوە"!!

ئەو هۆکارە، یانی مەسەلەی توودەیی لە نێو یەکیەتیی لاوانی حیزبی دێموکرات و گەلێ ئاریشە و هۆکاری دیکە بۆونە هۆکاری ئەوەیکە ئەو رێکخراوەیە لە سەر بریاری دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکرات لە رێکەوتی ١٩/٣/١٣٥٩ هەڵوەشاوە رابگەێندرێت و، هەر بە مەودایێکی کەمی چەند رۆژە، لە رێکەوتی ٢٥/٣/١٣٥٩ رێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، لە سەر رێچکە و رێبازی پێشووی دامەزرێتەوە و دەست بە کاری خۆی بکات و، هەتا رادەیەکی زۆر بیری توودەیستی لە نێو رێکخراوەکەدا پاك بکاتەوە.

یەکیەتیی لاوان، ببێتە ئەو یەکیەتییە لاوانەی کە بەر لە هەموو قازانج و بەرژەوەنێك، قازانج و بەرژەوەندیی نەتەوە و کۆمەڵگای کوردەواری لە بەر چاو بێ و لە راستای مافە نەتەوەیەتیەکانی، نەتەوەکەیدا خەبات بکات.

## بەشی هەشتم

## كۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێمۆكرات و جموجۆڵی نێو ریزەكانی یەكیەتیی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران

لە نێو هەر گەل و نەتەوە و كۆمەڵگایەكدا، توێژی لاو، وەك ئـەكتیڤترین و چـالاكترین توێژی كۆمەڵگا سەیری دەكرێ. ئەو توێژە لە كۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بەردەوام بە شـوێن پێی ئاڵوو گۆڕ و گۆڕانكاری دایە. هەمیشە لە فیكر و بـیری نوێكردنـەوە و تازەگـەریی دایە. سروشتی سەركەشی لاوانە، لە داهێنان و رۆخانـدیش دا رۆڵ و نەخشـی بەرچـاوی هەیە.

یەكیـەتیی لاوانـی دێمـۆكراتی كوردسـتانی ئێـران هـەر لـە سـەردەمی كۆمـاری دێمۆكراتیكی كوردستاندا راستە وەك رێكخراوێكی سـەر بـە خـۆی سـینفی و مـەدەنی هاتۆتە نێو گۆڕەپانی خەبات. بەلام هەمیشـە وەك بەشـێكی جیـا نـەكراوە لـە حیزبـی دێمۆكرات حیسابی لە سەر كراوە و، لە ژێر رێنوێنی و سـتراتژی ئـەو حیزبـە هـەنگاوی بەرەوپێش ناوە. هەر بۆیە ئەگەر ئاڵوگۆڕ، گۆرانكاری یـان ئاڵۆزێـك لـە نێـو ریزەكـانی حیزبی دێمۆكرات دا رووی دابێ، لـە سـەر ئـەو رێكخـراوەش كاریگـەری دانـاوە. جیـا لەوانەش تایبەتمەندیی یان سروشتی گۆڕانخوازانەی لاو، وایكـردووە كـە لـە بریـار و بـیر كردنەوەشدا، بـەردەوام و چەقبەسـتووانە بـە مەسـەلەیەكەوە نەنووسـێت و لـە بریـار و بیركردنەوەكانیشدا زۆر زوو گۆڕان پێك بێنێ. ئەو تایبەتمەندیانـە و گـەلێ تایبەتمەنـدی دیكە... كە لە كێشە و گرفت و ئاڵۆزییەكانی نێو حیزب دا بێ لایەن نەبێ، یـان باشـتر بڵێین بە بێ لایەنی نەمێنێتەوە. هەر بۆیە كاریگەری هزر و فیكری بەشـێك لـە رێبـەری حیزب زۆر جاران ئەو رێكخراوەی تووشی دوو جەریانی و دوو فیكری كردووە. كـۆنگرەی

شەشەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران فاکتێکی گرینگە بۆ سەلماندنی ئەو ئیدیعایە.

کاتێك لە زستانی ساڵی ١٣٦٢ ی هەتاویدا کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێمۆکرات دەبەسرێت و، لە هاوین و پاییزی ئەو ساڵەدا کۆنفرانسەکان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەکە هەڵبژێردراون. کێشە و ئاڵۆزی و بشێوی بە تەواوی لە نێو ریزەکانی ئەندامانی کۆنگرەکەدا هەستی پێکراوە.

هێنانی سوسیالیزم و مەسەلەی کورتە باس، بە کردەوە رێبەرایەتی حیزب و ئەندامەکانی کۆنگرەی بە سەر دوو جەریاندا دابەش کردووە.( موخالفان و موافقان) کە پێشتر و دواتریش رووداوەکانی ئینشعابی تاقمی حەوت کەسی و کۆنگرەی هەشتییەکان یان ئینشعابی ساڵی ١٣٨٥ ی هەتاوی، کاریگەری نیگەتیڤیان لە سەر رەوتی کار و تێکۆشانی یەکیەتیی لاوان داناوە، ئەو رێکخراوەش تووشی دوو جەریانی و تەنانەت ئینشعابیش کردووە.

کاك سامرەند لە بەشێك لە یادداشتەکانیدا دەنووسێ:" کونفرانسی نوێنەرانی کۆنگرەی شەشەم لە هاوین و پاییزی ساڵی ١٣٦٢ دا لە کاتێك دا تەواو بوون کە لە کۆتایی بەهاری هەمان ساڵدا لە مزگەوتی گاگەشی خوارێ، بە بەشداریی لاوانی سەرانسەری ناوچەکان بەسترا بوون. لەو کونفرانسەدا وەك بیستووم لە نێوان دوو دەستەدا ناکۆکی پەیدا ببوو. دەستەیەکیان کە تا ئەو رۆژە هیچ بەرپرسایەتیکیان نەبوو بەڵام زۆر بە راحەتی لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان هێنا بۆوە و ببوونە نوێنەری کۆنگرە، دەستەی دووهەمیش واتە ئەوانەی کە هەتا ئەو رۆژە کارییان بە دەست بۆوە و زەحمەتیان دەکێشا هیچ دەنگیان نەهێنابووە. من دەگەڵ هەر دوو دەستەکە دۆستایەتیم هەبوو. کاتێك گەرامەوە و نێو بنکەکانی یەکیەتیی لاوان هەر دوو دەستەکە دەستیان کرد بە گلەیی و گازەندە لێم. دەستەی موخالیف واتە بەرپرسەکان چاوەروانیان لێم بوو کە وەك ئەوان

دژی دەستەی دووهەم یانی موافقەكان بم و ئەوان رەد بكەمەوە!؟ كە ئەوە بۆ مـن گـەلێ سەخت و دژوار بوو. ئەگەر چی من رێگای رەخنە گرتنم لەو دۆستانە هێشـتبۆوە، بـەلاّم خۆم بە دژی ئەوان نەدەزانی. چوونكە بەشێك لەوانەی كـە موخـالیف بـوون لـە مـاوەی چەند ساڵ كار و تێكۆشان لە نێو ئەو رێكخراوەیەدا هەستیان بە " تعهد" دەكـرد و لـە بووژاندنەوەی یەكیەتیی لاواندا جێ پەنجەیان دیار بوو. هەر چەندە من زۆرم هەوڵـدا كـە ئەو دوو بەرەكییەكەم رەنگ بكەمەوە، بـەلاّم كێشـەكە زۆر لـەوە قـوولّتر ببـۆوە و بـەو هاسانیە كۆتایی نەدەهات؟ چوونكە زۆربەی ئەوانەی كە لە نێـو موخالیفەكانـدا بـوون، داوای لاچوونی دەستەی پێشوویان دەكرد، خۆیـان یەكیـەتی لاوانیـان بـە جێهێشـت و ئامادە نەبوون كاری تێدا بكەن، جیا لە كاك ئیبراهیم سـالك، ناسـراو بـە سـیاوش كـە توانـای وەرگرتنـی بەرپرسـایەتی هـەبوو. ئەگینـە ئەوانـەی دیكـە راسـت رۆیشـتن بـۆ ئۆرگانەكانی حیزبی و تەنانەت ئەمجارە بوون و مانەوەی ئەو رێكخراوەیەشیان دەبردە ژێر پرسیار.

زستانی ساڵی ١٣٦٢ بووینە دوو دەستە، گرووپێكمان بەرەو " گەلاّلیێ" ی ئەو دیوی سنوور رۆیشتن بۆ بەشداری لە كۆنگرەی شەشەم و، دەستەیەكیش بەرەو ناوچـەكانی ژێـر كونترولی رێژیم ( كوردستانی ئێران) بە مەبەستی جەولەی سیاسی كەوتینە رێ.

جەوی فیكری و سیاسـی حیزبـی دێمـۆكرات لـە سـاڵی كـۆنگرە، بـە تایبـەتی دوای كونفرانسـەكان جـەوێكی تایبـەت بـوو. مەسـەلەی" سوسـیالیزمی دێمۆكراتیـك" و سوسیالیزمی " عیلمی" هەلاّیەكی زۆری لە نێو ریزەكانی حیزب دا ساز كرد بوو...!؟

لە سۆنگەی بێنە و بەرەی كۆنگرەدا من ( سامرەند) و كاك ئەبوبكر ئیسماعیل زادە ، ناسراو بە سامالّ، خۆمان ئامادە كرد هەتاكوو لاوەكان بەرین بۆ جەولەیـەكی سیاسـی و نیزامی. كار و ئەركەكەمان بە شێوەیەك دابەشكرد كـە مـن بـبم بـە بەرپرسـی بەشـی سیاسی و كاك سامالّ یش بەرپرسی نیزامی بێ. بە بیسـتنی ئـەو خەبـەرە لاوەكـان لـە

خۆشیان بالێیان گرت و وەك پوورە هەنگ کەوتنە جموجۆڵ و خۆ تەیار کردن، هەر چـەندە بەشێك لەو لاوانە پێش گەرانەوەی من لە دەوری دەفتەری سیاسـی را جەولەیـەکیان بـۆ ناوچەی شارویرانی مەهاباد لێدابوو، تەنانەت لە چالاکێك دا زەربەیـەکیان لـە پۆلیسـی رێگای میاندوا ـ مەهاباد وەشاندبوو کە بەرپرسایەتییەکەیان لە ئەستۆی کاك سـیاوەش بوو.بەڵام جەولە و سەفەری ئـەمجارەمان بریـار درا کـە بـۆ ناوچـەکانی محـاڵ بـێ، واتـە گوندەکانی: سەرباخچە ـ میرقاز ـ ئەمین ئاباد ـ خاڵ دەلیل ـ گـردە بـەردان ـ بـەیرەم ـ بەرەجۆ ـ باخچە _کانی ڕەش ـ حسێن ئاباد و ... زۆر ئاوایی دیکەی ئەو ناوچەیە. لەو جەولەیەدا بوینە میوانی لاوانـی دێمـۆکرات. لـە هـەر ئاوایـەك لامـان دەدا خـەڵکمان بانگهێشت دەکـرد بـۆ مزگـەوتی ئـاوایی باسـی سیاسـی و وەزعییـەتی هەنووکـەیی و بـارووودۆخی پێشـمەرگەمان بـۆ شـی دەکردنـەوە. باسـی چـۆنیەتی یەکیـەتیی لاوان و رێکخستنەوە دووبارە و سیاسەت و هەڵوێستەکانیمان دەکرد. پێشوازی گەرمی خـەڵك و هاوکاری پێشمەرگەکانی لکی دووی هێزی پێشەوا، ئەوەندی دیکە هێز و ورەی بە لاوانی دێمۆکرات بەخشی. مەسەلەیەکی دیکە کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێبکرێ ئەوەیە کە: بەرپرسەکانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکرات لە هەموو شارسـتانەکاندا دەبوونـە ئەنـدامی کۆمیتە شارستانی حیزب و دەیانتوانی کاریگەری زۆریان لـە سـەر رەوتـی ڕووداوەکـان هەبێ.

دوای ئەوەیکە بەشێك لە بەرپرسان و ئەندامانی بەرێوەبەری گشتی یەکیەتی لاوان لە شـوێنەکانی حیزبـی کـار و ئـەرکی تازەیـان وەرگرتبـوو، کـەش و هـەوای کـۆنگرەی شەشەمیش تا رادەیەکی زۆر هەروا لە مێشکی بەشێك لە ئەندامەکاندا مـابۆوە. ببـووە هۆکارێك بۆ ئەوەی یەکیەتیی لاوان بەرەو لاوازی ببات. یەکیەتیی لاوانێك کە تازە خۆی گرتبووە و رێکخستنەکانی رێك و پێك دەکرد بە شێوەیەك بەرەو راکێت بوونی دەبرد".

## بەشی نۆهەم

هەر وەك لە بەشەكانی پێشوودا ئاماژەمان پێدا، یەكیەتیی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران پاش ئەوەیكە خۆی بە تەواوی ڕێك دەخاتەوە و كۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی هەڵدەبژێرێت و ئەندامانی بەڕێوەبەری و بەرپرسیان دیار دەبێ، بە دڵێكی گەرم و هەستێكی شۆڕشگێرانەوە و سروشتی لاوانە بە پۆتانسێلێكی زیاتر لەوەی كە لە وجوددییان دایە، دەست بە خەبات و تێكۆشان دەكەن و بنكە و بارەگا بۆ خۆیان دادەمەزرێن و ئەو لاوە كەم تەمەنانەی كەسەف و ریزی بەرگری لە خاك و وڵات و نەتەوەكەیان هەڵدەبژێرن لە سەف و ریزی خۆیاندا سازمانیان دەدەن، پاش چەندین ساڵ خەبات و تێكۆشان، پەروەردە و ئەزموون پەیدا كردن، ئەمجارە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیان دەكردەبەر و چەكی شەرەف و بەرگری لە وڵات و نەتەوەیەكەیان دەكردە شان.

یەكیەتیی لاوان بە تێپەڕاندنی زەمان. ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرەی دەستاند و نفووز و ئیعتباری خۆی لە نێو كۆمەلانی خەڵكی كوردستاندا زیاتر دەكرد و مەیدانی خەباتی بەرفەراوانتر دەبۆوە.

بەڵام مخابن ئەو رەوتە هەر وا درێژەی نەكێشاو، كاتێك ڕێژیمی ئاخوندی بڕیاری هێرشی هەمە لایەنەی بۆ سەر كوردستان و فەرمانی جیهادی دژی گەلی كورد دەركرد، پاسدارانی جەهل و خۆرافات لە هەموو لایەكەوە پەلاماریان هێنا بۆ سەر كوردستان وڵامی خەڵكیان بە ئاگر و ئاسن دایەوە. هەر بۆیە خەباتی وڵاتپارێزانی كوردستانیش كەوتە قۆناخێكی دیكەوە. بۆ وڵامدانەوەی پەلاماری، پەلاماردەرانی كوردستان، حیزب

و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش، یەك لەوان یەکیەتی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیش، خۆیان بۆ شەرێکی رەوا، ئامادە کرد. ساڵەکانی ٦٠ هەتا ٧٠ ی هەتاوی بە تایبەت ساڵی ١٣٦٣ شەڕ لە نێوان پەلاماردەران و داگیر کەرانی کوردستان لە لایەك، رۆڵەکانی نیشتمان لە لایەکی دیکەوە بەو پەڕی خۆی گەیشت بوو. وەزعییەتی کوردستان لە شار و دێهاتەکان زۆر خراپ بوو. دوژمن پەلامارێکی هەمەلایەنەی بۆ سەر خەڵکی مافخوازی کورد هێنا بوو ، شەڕ لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دەستی پێکردبوو. لەو سەردەمەدا یەکیەتیی لاوانیش بە رەسمی وەك رێکخراوێکی بە تەواو نیزامی لێهاتبوو، ئیدی ئەو مەجالەی کە پێشتر بۆی رەخسابوو، نەمابوو. دەبایە شان بە شانی هێزی پێشمەرگە، بەرگری لە خاکی پیرۆز و نەتەوە بەشخوراوەکەی بکا. کە بە حەق لە هیچ ئەرکێکی نیشتمانی و گەلی دەریغیان نەکرد. یەکیەتیی لاوان نەك هەر شانبەشانی هێزی پێشمەرگە دژی داگیرکەرانی کوردستان خەبات و بەرگری کردووە. لە زۆر عەمەلیاتی قارەمانانەی پێشمەرگەکاندا بەشدار و تەنانەت بۆ خۆشی بە جیا عەمەلیاتی دژی خاپوورکەرانی ولات ئەنجام داوە.

شەڕە بە ناوبانگەکانی، دەشتی شارویرانی مەهاباد ـ عەمەلیاتی زێویێی ـ سارم و میرقاز ـ شەڕی نێو شاری میاندواو ـ گەورکی ٣ی مەهاباد ـ ئێسك بەغدا ـ جادەی سەردەشت، مەهاباد ـ شاریکەند و سەیداوا ـ جادەی نەغەدە، **محەمەد** یار ـ مەنگوران و دۆڵی شێخان و سەرشاخان و دەیان و سەدان عەمەلیاتی دیکەی شانبەشانی هێزەکانی حیزبی ئەنجام داوە و لاپەرێکی زێرینی بۆ گەڵ و مێژووی رێکخراوەکەی تۆمار کردووە.

دوا بە دوای ئەوەیکە رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کوردستان میلیتاریزە دەکاو کوردستان دەکەوێتە دەستی داگیرکەران، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش، وەك هێزێکی چریکیو پارتیزانی لێدیو هاوکات دەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان خەبات بۆ ئازادیو رزگاری کوردستانو روخانی رێژیمی ئاخوندی دەست

پێدەكا، هەتا رادەیەكی زۆر بنكەو بارەگاكانی نامێنیَ.بەشێكی روو دەكاتە سەر سنوورەكانی نێوان كوردستانی ئێرانو عێراقو بەشێكی دیكەش بەرەو قوولآیی ولآت دەگەڕێنەوە. ئەو دابەش بوونە لە لایەكو میلتاریزەكردنی كوردستان لە لایەكی دیكەوە، لە دەستدانی بنكە و بارەگا ، یەكیەتیی لاوان بەرەو پرشوو بلآوی دەبات. زۆریەك لە ئەندامانی، تەنانەت لە ئاستی بەرێوەبەریش، بە رەسمی دەچنە نێو ریزەكانی هێزی پێشمەرگەو یان بەداخەوە شەهید دەبن.

پاش ئەوەیكە ئەو بارووددۆخە بە سەر یەكیەتیی لاوان دا دێ و حیزبی دێمۆكراتیش تا رادەیەك دەكەوێتە قەیران و شەڕی پارتیزانی و بریاری خۆ كۆكردنەوە و خۆ سازماندانێكی تازە دێتە گۆڕێ، تەنانەت بەشێك لە ئەندامانی رێبەری حیزب باس لە هەلّوەشانەوەی ئەو رێكخراوەیە و ناوگۆرینیشی دێنە بەر باس، بەلآم شەهیدی نەمر دوكتور قاسملوو دەلّێ: ئایا هیچ گوزینەیەكی دیكە و بۆیی هەیە؟ كە ئەو پرسیارە ئیستایشی دەگەلّ بێ، بێ ولآم دەمێنێتەوە.

سەرارای هەموو ئەو كەند و كۆسپ و هەوراز و نشێوانەی كە ئەو رێكخراوەیە دێتە سەر رێگای هەتا سالّی ١٣٧٢ ی هەتاوی كەم تا زۆر درێژەی بە كار و ئەركی خۆی داوە. دواتر بە هۆی هەلومەرجی ناوچە و شوێن و جێگا ئۆتۆماتیك رادەوەستێت و لاپەڕەكانی خەباتی، وەك یەكیەتیی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران، دەبەسرێت و ئەو قۆناخەش بە دەست مێژوو دەسپێرێت. بۆ ئەوەیكە ئەگەر ئەندام و لایەنگرەكانیشی ماوەیەكی كاتی لە خەبات و تێكۆشان و كاروانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەكەمان جێماون. لە رەوتی مێژوو جێی نەمێنێ.

# قۆناخی سێهەم( ١٣٧٨ هەتا ١٣٨٨ )

## بەشی یەکەم

دەست بەکار کردنەوە و خۆ ڕێکخستنەوەی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەو قۆناخە لە خەباتدا، بە کۆ کردنەوەی هێز و تواناکانی وەك گرینگترین توێژی کۆمەڵگا، توانی گڕو تینێکی دیکە بە ڕەوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی ـ دێمۆکراتیکی گەلەکەمان لە کوردستانی ئێران بدا. گەورە مرۆڤانی وەك دوکتور قاسملووی نەمر، کە بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی، توانی لەو ڕێکخراوەیە دا فرچك بگرێ و دواتر بەرنامە و سیاسەتی نوێ و ستراتژی بۆ حیزب و ئەو ڕێکخراویە دارێژێت. یەکیەتیی لاوانیش لە قۆناخە لە خەباتی ڕەوای گەلەکەمان توانی لە ژێر سایەی بیرو هزرەکانی ئەو ڕێبەرە فەرزانەدا ڕەوتی ڕووداوە جیهانیی و ناوچەیەکان، سیاسەت و پرۆگرامی سەردەمیانە بۆخۆی دابنێ.

رابردووی پڕ لە سەروەری و تژی لە شانازی لاوان لە کوردستانی ئێراندا، لە بە جێگەیاندنی ئەرکە پیرۆزەکانیان، دەریغیان نەرکردووە، هەمیشە لە ریزی پێشەوەی خەبات و ئامانجە نەتەوەییەکاندا بوون. هەست بە بەرپرسایەتی کردنی و لە خۆ بووردوویی لاوانی کورد ئەنجامی راستەوخۆی ئەو بارووددۆخە سەخت و ئەستەمە بوو کە، رێژیمەیەك لە دوای یەکەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی، بە سەریاندا سەپاندوون. ئەو رێژیمانە نەك تەنیا پەروەردەکردن و گرینگی پێنەدان بە لاوانی کوردیان وە پشت گوێ خستووە، بەڵکوو هەمیشە لە فیکر و هەوڵی ئەوە دا بوون کە لە رێگای کەند و کۆسپی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی لە ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەیەکان دووریان بخەنەوە.

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە درێژای تەمەنی، هەمیشە وەك رێکخراوێکی دەروەست و کارامە کاری کردووە و هەوڵی داوە لە هەموو سەنگەرەکانی

داکۆکی کردن لە مان و مەوجووددییەتی گەلەکەی دا خەبات بکات. هەر لە خەباتی چەکدارییەوە بگرە تا خەباتی دیپلۆماسی، لە هەمبەر گەیاندنی دەنگی حەقخوازانەی کورد بە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانیەکان.

هەر چەند یەکیەتیی لاوانی دێمۆکرات تاکوو ئێستا هەلی بۆ چالاکیی ئاشکرا و یاسایی لە وڵات دا( ئێران) بۆ نەرەخساوە،بەڵام هاوشان و هاو ئاراستە دەگەڵ چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان و ئێران بۆ ساوکە کردنی دێمۆکراسی و مافی نەتەوەیی و هاواری مافخوازانەی گەلی کورد، لە هەر رێگایەکی مۆمکێن کەڵکی وەرگرتووە.

خەبات و تێکۆشانی یەکیەتیی لاوان لە نێو خۆ و دەرەوەی وڵات ئەوە نیشان دەدەن کە ئەم رێکخراوەیە دەتوانێ ئۆرگانیزاسیۆن و میکانیزمی باش بێ بۆ ناساندنی کێشەی گەلی کورد. هەر لە راستای ناساندنی ئاریشەی کورد و چوونە نێو کۆمەڵگای جیهانی، خۆی بە دەروەست دەزانی و بە ئەندام بوونیشی لە رێکخراوی نێونەتەوەیی لاوانی سوسیالیست و زۆر رێکخراو وناوەندی جیهانی تایبەت بە لاوان بەرێگایەکی باش و کارساز دادەنێ بۆ دەستەبەر بوونی مافە نەتەوەیی و سینفیێەکانی. لاوانی گەلەکەمان لە کوردستانی رۆژهەڵات لە هەلومەرجێکی سەخت و دژواردا ژیان دەبەنە سەر. بێکاری ـ زیندان ـ ئیعدام، ئەشکنجە و بێ رێزی و ئالوودە بوون بە ماددە هۆشبەرەکان بۆتە سیاسەتی رۆژانە دەرحەق بە لاوانی کورد. توانەوە و ئاسمیلاکردنی گەلی کورد هەمیشە بەشێك لە سیاسەتی حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بووە.

دەکرێ بلێین کە خەباتی لاوان و چالاکی و ئەکتیڤ بوونیان، هەمیشە مەترسێکی گەروە بووە بۆ سەر کۆنەپەرەستان و داگیرکەرانی خاك و وڵات. هەر بۆیە ئەمرۆکە رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە لە هێز و وەری لاوان زراوی تۆقیەوە.

ئەوە راستە كە رێژیمی كۆماری ئیسلامی بە هیمەتی لاوانی وشیارـ ئاگا ـ شۆڕشگێر و دەروەستی گەلەكەمان بەو جۆرەی كە ئامانج و مەبەستی بووە. لە پیلانەكانیدا سەركەوتوو نەبووە. بەڵام یەكیەتیی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانی ئێرانیش، سەرەرای ئەو پێشینە مێژوویی و پڕ لە سەروەرییەیی، بەو شێوەیەی كە دەبێ لە نێو خۆی كوردستانی رۆژهەڵات بە گشتی و لە نێو ریزەكانی لاوان بە تایبەتی، بە سەرەنجدان بەوەیكە بەشێكی هەرەزۆری كۆمەڵگای كوردستان. توێژی لاوپێكیان هێناوە، بەو جۆرەی كە دەبا چالاكی و نفووزی هەبێ، مخابن نیەتی!؟ رێكخراوێك بەو هەموو تێكۆشان و خەباتە زێرینە كە هەیبوو، بوویەتی و دەشی بێ، لە ئاست چاوەروانیەكاندا نەبووە و مەیدانی خەباتی لە نێو خۆی وڵاتدا بەرتەسكە. راستە هەلی پێویستی بۆ نەگونجاوە، بەڵام خۆ ئەوەش نابێ ببێتە هۆكاری هەر سەرەكی بۆ رێكخراوێك كە زیاتر لە ٦ دەیە خەبات دەكات. بەڵام لاوانی كورد دەگەڵ سیاسەت و ئامانجەكانی ئاشنا نەبن. بەلای منەوە ئەوە وەك خالێكی لاواز و سەرەكی ئەو رێكخراوەیە دێتە بەر چاو.

هەروەك لە بەشەكانی پێشوودا ئاماژەم پێداوە، یەكیەتی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران، لە ساڵی ١٣٧٢ ی هەتاوییەوە تا ساڵی ١٣٧٨ ی هەتاوی هیچ جۆرە تێكۆشان و جموجۆڵێكی نامێنێ؟ بە باوەری من ئەو مەسەلەیە چەندین هۆكاری دیكە لە خۆ دەگرێ:

ـ میلیتاریزەكردن و داگیركردن و گرتنەوەی كوردستان لە لایەن رێژیمی كۆماری ئیسلامیی بە گشتی و ناوچەكانی ژێر كۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەی كوردستان بە تایبەتی.

ـ نەمانی بنكە و بارەگای یەكیەتیی لاوان لە نێو خۆی كوردستان و هاتنیان و سەقامگیر بوونیان لە سەر سنوورەكان.

ـ دابەزینی ڕێژەی هاتنی لاوەکان بۆ نێو ریزی یەکیەتیی لاوان، چوونکە لەو سەردەمدا زۆربەی ئەو لاوانەی کە سەف و ریزی خەبات و بەربەرکانێی یان دژی ڕێژیمی ئاخوندی هەڵدەبژارد.یەك راست دەبوونە پێشمەرگە و کەمتر دەچوونە نێو ریزەکانی لاوان. بە تایبەت کاتێك خەبات و بەربەرەکانێی بە تەواوی شێوەی پارتیزانی بە خۆوە گرتبوو.

ـ خالێکی جێگەی سەرەنج، تیرۆر و شەهید کردنی دوکتور شەرەفکەندی (٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ ی هەتاویدا) لەو کاتە هەستیارەدا، کاریگەرێکی زۆری لە سەر جووڵە و حەرەکەتی بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد هەبوو. بە تایبەتی شەهید کردنی دوکتور قاسملووش کە هێشتاکە ژانەکەی هەروا لە سەر جەستە و پەیکەری بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێمۆکرات مابۆوە.هەر چەندە گەلی کورد بە داخەوە لە جەریانی خەبات دژی داگیرکەرانی نیشتمان گەلێ کارەسات و نەهامەتی و رووداوی جەرگ بڕی وێکەوتووە، بەلام خۆشبختانە هەروا لە مەیدان دا ماوەتەوە. بەلام شەهید کردنی دوکتور سادق شەرەفکەندی، بەتایبەت دوا بە دوای تیرۆری دوکتور قاسملووی نەمر بە دەستی ڕێژیمی تاران، بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و حیزبی دێمۆکرات زەربەیەکی کاریگەر و قەرەبوونەکراوە بوو. کە کاریگەرییەکەی دەکرێ بڵێین لە سەر یەکیەتیی لاوان دوو بەرابەر بووە.

- کەمتەرخەمی و یان بڵێین گوێ نەدانی بەشێك لە ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکراتیش لەو کات دا دەکرێ وەك هۆکارێکی دیکەی لاوازبوونی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران سەیری بکرێ.

ئەوانە و کۆمەڵێك هۆکاری دیکە دەرکی بڵێین کاریگەرێکی زۆری داناوە لە سەر راکێت مانەوە و ئەکتیڤ نەبوونی یەکیەتیی لاوان لەو قۆناخە اە خەباتدا.

## بەشی دووهەم

ساڵی ١٣٧٢ ی هەتاوی كاتێك كە وەزعییەتی حیزبی دێمۆكرات بە تایبەت لـە سـەر سنوورەكان و هەلومەرجی سیاسی ناوچـەكە و هـەرێمی و تـۆپ و خۆمپارەبـارانكردنی بنكە و بارەگاكانی هێزی پێشمەرگە، لە لایەن رێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێرانـەوە( بـە تایبەت وەزعی نالەباری ژن و منـداڵ و بنەماڵـەی پێشـمەرگە) و فشـاری حكوومـەتی هەرێمی كوردستانی عێراق( یەكیەتی و پارتی) و، تـا رادەیـەكیش نـەرمی نیشـاندانی رێبەرایەتی حیزبی دێمۆكرات، گەلێ هۆكاری سیاسی دیكـە كـە جێگـەی نیـە لێـرەدا بیهێنینە بەر باس.[١] بوونە هۆكارێك كە حیزبی دێمۆكرات بنكە و بارەگاكـانی لـە سـەر نەواری سنوورەكان رابگۆزێت و بـەرە و قـووڵایی خـاكی هـەرێمی كوردسـتان بـێ، بـە شێوەیەكی نەخوازراو و تووشی كەمپ نشینی بێ، هەر چەندە كەمپ نشـینی لـە بـاری كۆمەڵناسییەوە، زیانهێنەرە بۆ هێزی پارتیزان كە هـەر چـەند مـانگ پـاش سـەقامگیر بوونی هێزەكانی حیزب لە شوێنی " سابت" ئاسەواری بە روونی لـە پەیكـەرەی حیزبـی دێمۆكرات دەركەوت و، بۆ هۆی ئەوەیكە كۆمەڵێكی بەر چاو لە كادر و پێشـمەرگەكانی ئەو حیزبە، كە ژیانی كەمپنشینیان پێ تەحمل نەدەكرا، بەرەو وڵاتانی رۆژئاوایی كۆچیان كرد، دیارە ئەگەر بنكەی سابت لەتـەی لـە پەیكـەری هێزێكـی پـارتیزان دەدا و، وەك

[١]. ئەگەر ئێمەش لە بەر خاتری كۆمەلێك قازانج و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ئیقلیمی ئەگەر خۆ لە نووسین و باسكردنی هێندێك رووداو دەبوێرین، مێژوو بە بێ تەعارف و شەرموشكاو، پێ خۆشبوون و یا پێناخۆشبوونی من و تۆ چاوپۆشیان لێناكاو لە سینگی لاپەرەكانی خۆیدا تۆماری كردوون و دەیانكات( نووسەر)

مەسەلەیەکی نیگەتیف سەیری دەرکرێ، خاڵی پۆزەتیڤی ـ شی هەیە. کە ئەو باس کردن و وەردانەوە لە مەڕ ئەو مەسەلەیە، بە دوور لە باسەکەی ئێمەیە و، بۆیە زیاتر لەوە خۆی لێ دەبوێرین.

پاش ئەوەی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێمۆکرات بە تەواوی لە خاکی کوردستانی عێراقدا سەقامگیر بوون، هەر چەند ساڵ پاش ئەوەی سەر سنوورەکانی چۆڵ کرد یان باشتر بڵێین پێیان چۆڵ کرد. ساڵی ١٣٧٥ یش حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە تەوای چوونەوەی هێزی پێشمەرگەی چ وەك هێز و چ وەك تیم بە پێی سات و سەودایەکی ( رێکەوتن) کە دەگەڵی رێژیمی ئێران کرد بووی هەموو جموجۆڵە سیاسی ـ نیزامییەکانی لە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بۆ نێو خاکی کوردستانی ئێران پێش پێگرت.[1] ئەو رێکخراویە پاش نزیك بە ٧ ساڵ بە سەر بێ جوولەیی و بێ چالاکی، یان باشتر وایە بڵێین چوونە نێو خەوێکی ( لە ساڵی ١٣٧٢ هەتا ١٣٧٨) ٧ ساڵەوە ساڵی ١٣٧٨ ی هەتاوی رێبەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئێران بەشێك لە لاوەکانی نێو شۆڕش دەرەوەی وڵات هاتنە سەر ئەو باوەرە کە دەبێ یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستان لەو خەوە راپەرێندێتەوە، رێکخراوێکی کە لە رۆژە سەخت و دژوارەکانی شۆڕشی خوێناوی گەلەکەماندا، قارەمانانە لە مەیدان دابووە و، وەك هێزێکی بە باوەر و پڕ ئێنرژی دژی داگیرکەرانی کوردستان خەباتی کردووە، بە مێژوویەکی پڕ لە شانازی و پڕیش لە دەسکەوت نابێ ئاوا بە سانایی فەرامۆش بکرێت. هەر بۆیە لە مانگی گەلاوێژی ١٣٧٨ دا مەشعەلی دەست بەکار کردنەوەی یەکیەتیی

[1]. هەر چەندە نەچوونەوەی هێز یان تیم و جەولەی نیزامی، تەنیا یەك لایەنە لە لایەن حکوومەتەوە نەکرا بوو. حیزبی دێمۆکراتیش بە نیسبەت ئەو هەڵویستەی حکوومەتی هەریم " تعهدی" هەبوو.

لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەرز و گەشـایەوە." دروشمـی لـە دەوری یەکیـەتیی لاوان کۆ ببنەوە بۆ جارێکی دیکەش تۆوی خەبات و بەرخۆدانێکی دیکە چاندەوە.

پاش ئەوەی یەکیەتیی لاوان بە فەرمی دەستی بە کار و چـالاکی کـردەوە بـۆ هەرچـی باشتر سازماندان و ڕێکخستنی لاوەکان ڕێبەرایەتی حیزب ڕاستەوخۆ کاك قـادر وریـای، بە حوکمی ئەوەی کە ناوبراو پێشتر لە کاروبـاری لاوانـدا کـار و چـالاکیی هـەبووە وەك بەرپرسی یەکیەتیی لاوان دیاری کرد.

هەر لە چوارچێوەی کار و ئەرك و ڕێکخستنەکانی یەکیـەتیی لاوان گۆڤـاری لاوانـیش کە زمانحاڵی ئەو ڕێکخراوەیە، یەکەمین ژمارەی لەو قۆناخە، واتە لـە دەورەی سـێهەم و قۆناخی سێهەم ، لە ڕەزبەری ١٣٧٨ ی هەتاوی چاپ و بڵاوکردەوە.

گۆڤاری یەکیەتیی لاوان، سەر بە ئۆرگانی یەکیەتیی لاوانـی دێمـۆکراتی کوردسـتانی ئێران ـ ە و، هەر سێ مانگ جارێك چاپ و بڵاو دەکرێتەوە، کە کۆمەڵێك باسی سیاسی ـ جڤاکی ـ ئـەدەبی ـ فەرهـەنگی و کێشـە و گرفتـە کۆمەڵایـەتێکی لاوانـەی لـە خـۆ گرتووە. ئەو گۆڤارە تا کوو ئێسـتا پـاییزی سـاڵی ١٣٨٩ ی هـەتاوی ٤٠ ژمـارەی لێ دەرچووە.

## بەشی سێهەم

ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی دووبارە دەست بەکار بوونەوەی یەکیەتیی لاوان، هەلومەرجی سیاسیی جیهانیی و ناوچەیی و چالاکبوون و سەرهەڵدانی کۆمەلێکی زۆر لە رێکخراوی سیاسی ـ مەدەنی ـ فەرهەنگی و ngo لە ناوچەکە بە تایبەت لە ئێران و کوردستان کە لە ساڵی ١٣٧٦دا، کە رەوتێك لە ژێر ناوی " ئیسلاحخوازی" هاتبووە ئاراوە، تا رادەیەك بە نیسبەت سەرەتاکانی بە دەسەڵات گەیشتنی دەسەڵاتداری رێژیمی تاران، کەشێك و نەفەسێکی دابوە بەر کۆمەلێك رێکخراوی مەدەنی و فەرهەنگی و دەکرا، هێندێك باس و مەسەلەی جۆراوجۆری یاسایی کە لە یاسای کۆماری ئیسلامییدا وەك شتێکی تەنیا فۆرمالیتە جێگیر کرابوون، بێنە بەر باس.

،ـ خاڵێکی دیکە کە وەك هۆکارێك دەکرێ ئاماژەی پێ بکرێ، ئەو کۆمەڵە لاوە تازە پێگەیشتۆی نێو کەمپەکانی حیزبی بوون و بەشێکی هەرە زۆریانیش خوێندەواری باشیان هەبووە لە پشووی هاویندا هەلێکی باشە بۆ ئەوەی لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە، چ لەوە باشتر دەبێ ئەگەر یەکیەتیی لاوان ببووژێننەوە، دیارە بەشێکی دیکەی ئەو لاوانەی کە پەرتەوازەی وڵاتانی ئۆرووپایی ببوون، ئەوانیش بیریان لەوە کردبووە کە بۆ ئەوەی لاوانی کوردی وڵاتانی رۆژئاوایی بۆ کۆبوونەوە لە دەوری یەکتری، باشترین میکانیزم دامەزراندنی رێکخراوێکی لاوانە، کە دواتر بە هیمەتی رێبەرایەتی حیزبی دێمۆکرات و کۆمەلێك لە لاوی دڵسۆزی رێکخراوەکە هاتنە سەر ئەو باوەرەکە، لە دەرەوەی وڵات و نێوخۆی وڵات( کەمپەکانی حیزبی) دەست بە بوژانەوەی رێکخراوی لاوان بکەن.

ـ هۆکاری دیکە، کە کاریگەری لە سەر بووژانەوەی ئەو رێکخراوەیە لەو قوناخە لە خەبات دا هەبوو، هەلومەرجی سیاسی ـ مەدەنی و جموجوڵی رێکخراوە سێنفیی و

مەدەنییەکانی ناوچەکە و بەرز بوونەوەی ئاستی داخوازییە سینفییەکان و خەباتی چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناڤین بە گشتی و، ئازاد بوونی باشووری کوردستان( کوردستانی عێراق) و کار و چالاکییەکانی رێکخراوە سینفیی و مەدەنییەکان لەو هەرێمەدا بە تایبەتی بوو. رێکخستنەوە و بوژاندنەوە و، سازماندانی دووبارەی ئەو رێکخراوەیە لەو هەلوومەرجە لە خەباتی نەتەوایەتی گەلەکەماندا، ئەرکێکی پیرۆز و ئەمەگناسانە بوو، بە نیسبەت رێکخراوێك کە یەکێك لە دەسکەوتە گرینگەکانی یەکەمین کۆماری دێمۆکراتیك ـ لە مێژووی بزاڤی رزگاری خوازانەی گەلەکەمان دا بوو. نیشانەی نرخ پێدان بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانیش بوو، لە خەبات دژی داگیرکەران و پێشێلکەرانی مافەکانی نەتەوەکەمان. هەر چەندە پێش بینی و قەزاوەتی پێشوەخت لە هەلوومەرجی ئێستای جیهاندا کارێکی شایەد دروست نەبێ، بەڵام لە حەق دەرنەچین کەمتر کەس وای بیر دەکردەوە( ئەوانەی کە ئەو رێکخراوەشیان رێکخستنەوە) کە یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە خێرایەکی ئاوا، خۆی رێك بخاتەوە و خۆی لە ئاستی جیهانی و ناوچە و کوردستاندا دەربخات. کە لە بەشەکانی دوایدا زیاتر ئاماژەیان پێدەکەین.

## بەشی چوارەم

پاش ئەوەی کە یەکیەتیی لاوان لە مەودایەکی یەك ساڵ و نیودا خۆی بە تەواوی ڕێکخست و دەرفەتێکی باشیشی بۆ ئەو پێشمەرگە لاوانەی کە ریزی پێشمەرگایەتیان بۆ بەرگری لە مافە نەتەوەیی و رەواکەیان هەڵبژارد بوو، رەخسا کە بێنە نێو ریزەکانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکرات و ئەوانیش لەو ڕێکخراوەدا جیا لە ئاشنا بوون دەگەڵ مافە نەتەوەیەکان، دەگەڵ ماف و ئەرکە سینفییەکانیشیان ئاشنا بن و بۆ بەرەو پێشبردنی هەرچی خێراتری، بزاڤی رزگارخوازانەی گەلی کورد لەو مەیدانەشدا خەبات و تێکۆشان بکەن،ریزەکانی ئەو ڕێکخراوەیان زیاتر پتەوتر کرد. هەر بۆیە لەو هەموو ئەو شوێنانەی کە( ناوەند و ئۆرگان و کەمپەکانی حیزبی و لە نێو ئەو بنەماڵە کوردە ئاوارانەی کە ماوەیەکی زۆر بوو، بە هۆی هەلومەرجی سیاسی، لە کوردستانی عێراق و عێراق نیشتەجێ بوون) ڕێکخستنەکانی خۆی لە چوارچێوەی کۆمیتە و شانەکانی سەر بە یەکیەتیی لاوان ڕێك بخاتەوە و بە هێز و وزەیەکی زیاتر لە جاران بیان خزێنێتە مەیدانی خەبات و ئاشنا کردنیان بە مافە سینفیی و ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەیەکان. ئەو ڕێکخستنانە نەك تەنیا لە کوردستانی باشوور بەڵکوو لە وڵاتانی ئورووپایش بە شێوەیەکی بەرچاو، لە زۆربەی هەر زۆری ئەو وڵات و تەنانەت بەشێك لە شارەکانی ئەو وڵاتانەش کۆمیتە دامەزرێنن و بێتە مەیدانێکی باش بۆ لاوە کوردەکانی دەرەوەی وڵات. هەر بەو مەبەستە پاش نیزیك بەساڵ و نیویەك لە ڕێکخستن و بووژانەوەی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان، بریار درا کە لە ساڵی ۱۳۷۹ ی

هەتاویدا، یەكیەتیی لاوان بۆ ڕێك و پێـك كردنـی هەرچـی باشـتر خـۆی و سـەربەخۆیی بریاردان و بەرێوەبردنی ئەركەكانی كۆنگرە ببەستێ.

هەر بەو مەبەستەش بریـار درا كـە لـە وەرزی پـاییزی ئـەو سـاڵە(١٣٧٩)[١] هـەموو كۆمیتەكانی یەكیـەتیی لاوان كونفرانسـەكانی خۆیـان ببەسـتن. دوا بـە دوای ئەوەیكـە هەئیەتی ئامادەكاری كۆنگرەی كـار و ئەركـە پێسـپێردراوەكانی جێبـەجێ بـە كـرد و ئامادەكاری تەواوی بۆ گرتنی یەكەمین كۆنگرەی ئەو ڕێكخراوەیە ئامادە كرد. ڕۆژی ٤ی بەفرانیاری ساڵی ١٣٧٩ ی هەتاوی یەكەمین كۆنگرەی لـە مێـژووی ئـەو ڕێكخراوەیـەدا بەست.

بەشداری لاوانی دێمۆكرات لە یەكـەم كـۆنگرەی ئـەو ڕێكخراوەیـەدا بـوو بـە مایـەی خوشحالی بەشدار بووانی كۆنگرە و ئەندام و لایەنگری ئەو ڕێكخراوەیە. یەكیەتیی لاوان هەر چەند لە مەڕ بەستنی كۆنگرەدا، ڕێكخراوێكی ساوا و هەتا ڕادەیەكی دەتوانین بلێین ئەزموونێكی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام پـاش خوێندنـەوەی ڕاپـۆرتی سیاسـی كـە لـە لایـەن بەرپرسی ئەو كات( كاك قـادر وریـا) ئامـادە و پێشـكەش كـرا، ئەنـدامانی بەشـداری كۆنگرە، بە بەشداریكردن لە باس و مناقشە و سەرنج و پێشـنیارەكانیان لـە كـۆنگرەدا نیشانیان دا، كە ڕاستە ئەزموونی یەكەمین كۆنگرە، لە نێو ئەو ڕێكخراوەیەدا ئـەزموون دەكەن، بەڵام بەرپرسـانە و ئـەزموون وار، لـە مـەڕ بـاس و بابەتەكانـدا، لێكدانـەوە و هەڵسەنگاندنیان هەیە. كۆنگرە پاش دوو ڕۆژی كاری بەردەوام و دانان و پەسند كردنـی

[١]. یەكەم كومیتە دوای دەست بە كار بوونەوەی یەكیەتیی لاوان لەو قۆناغەش دا لە وڵاتی سوئید بە هیمەتی لاوانی دڵسۆز و نیشتمان پەروەری كورد و هاوكاری كومیتەكانی حیزبی لەو وڵاتە پێك هاتوو، پاشان بە تێپەربوونی زەمان و بەرفراوان بوونەوەی ڕێكخستنەكانی ئەو ڕێكخراوەیە لە هەموو وڵاتانی ئیسكاندنیاوی و سەرانسەری ئورووپا و دواتریش لە ئوسترالیا و ئەمریكا بە شێوەیەكی بەر چاو دەستیان كرد بە كار و چالاكی و دامەزراندنی كومیتە و گرتنی كۆنفرانسەكان و... هتد.

بەرنامە و پروگرامێکی دێمۆکراتیك و سەردەمیانە و پێداچوونەوە[1] بە بەرنامە و پـیرەوی نێو خۆیی لە بەرنامە و ئەساسنامەدا، لە یەکـەمین بریـاری سـەر بـە خۆیانـەی خۆیـدا کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی ( ئەندام و جێگر) یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیی هەڵبژارد. کۆمیتەی بەرێوەبەریش لە یەکـەم کۆبوونـەوەی خۆیـدا بـە زۆرینـەی دەنگ کاك مستەفا مەعرووفی وەك سکرتێری یەکیەتیی لاوان هەڵبژارد.

پاش ئەویکە کۆنگرە بە سەرکەتنەوە کۆتایی بە کارەکـانی کـۆنگرە هێنـا و بریـار و پەسند کراو و بەرنامە و پرۆگرامی کردە بنچینەی کـار و چـالاکی ئـەو رێکخراوەیـە و، بەرنامە و پیرەوی نوێ رەنگدانەوەی ئاڵوگۆرەکانی ئەمرۆی کوردستان و ئێران بوو، بە لە بەر چاو گرتنی رەساڵەتی مێژوویی خۆی لاپەرەیەکی دیکەی لە خەبات و تێکۆشان، بـۆ وەدیهێنانی ئاوات و ئارەزووەکانی گەلی کورد بە گشتی و لاوەکان بـە تایبـەتی دەسـت پێکرد و، خەبات بۆ رزگاری خاك و گەلّ چۆە فازێکی دیکە لە تێکۆشان و بەرخۆدان.

---

[1]. هەر چەندە بە پێی گەلاڵە و پەیرەوی نێو خۆی ئەو کاتی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکرات کە لە پووشپەری ساڵی ١٣٦٠ ی هەتاویدا پەسند کرابوو، کونگرەی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەبا هەر ساڵە جارێك بە بەشداری ئەندامانی کومیتەی بەرێوەبەری گشتی و بە نیسبەتەی کە بەرێوەبەری گشتی دیاری دەکرد، لە نوێنەرانی هەموو ئۆرگانەکانی ئەو رێکخراوەیە پێك بێ. بە پێی ئەو ماددەیەی کە لە پەیرەوی نێوخۆی یەکیەتیی لاواندا بوو. لە ساڵی ١٣٦٠ تا ساڵی ١٣٧٩ کە ساڵی یەکەمین کونگرەی ئەو رێکخراوەیە بوو، دەبایە ١٩ کونگرەی بەستبایە. بەڵام بە داخەوە هەلومەرجی سیاسی و شەڕی دا سەپاوی رێژیمی تاران بە سەر خەڵکی کوردستاندا و بەشداری یەکیەتیی لاوان لە خەباتی بزووتنەوەی چەکدارانەی، دژی رێژیمی کۆنە پەرەستی ئاخووندەکان و فەزای پۆلیسی و میلیتاریزەکردنی کوردستان لە لایەن ئەو رێژیمەوە، نەکرا بێ بەو شێوەیەی کە پێویستە مەیدان بۆ بەستن و پێك هێنانی کونگرەکان، رەخسا بێت . ئەوانە و زۆر هۆکاری دیکە کە کاریگەری راستەو راستی لە سەر نەبەستنی کونگرەکانی یەکیەتیی لاوان داناوە، بەڵام بە باورەی من نابێ ئەوانە ببنە پالانەیەك بۆ نەبەستنی کونگرە و کۆنفرانسەکان و هتد... .

## -ئەركە سەرەكیەكانی كۆنگرەی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران بە گشتی:

لە كاتێك دا جیهان وەك گوندێكی بچووكی لێهاتووە و تكنولوژی خێرایكی سەر سوورهێنەری بە خۆی بینیەوە و، پرۆسەی بە جیهانیبوون و گوتاری مودێرنیتە هەموو جیهانی داگرتووە و، كاریگەری لە سەر هەموو بیاڤە گشتیی و تاكە كەسییەكانی كۆمەڵگا داناوە، دێمۆكراسی و مافەكانی مرۆڤ بۆنەتە بەها ئەسڵێكی جیهانیی و گشتگیر.

لەو نێوەندەشدا لاو، وەك توێژێكی زیندوو و گۆڕانخوازی كۆمەڵگا، زیاتر لە هەموو توێژەكانی جڤاك، كەوتوونتە ژێر باندۆر و كاریگەری ئاڵووگۆر و گۆرانكارییە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان. بە لە بەر چاو گرتنی رەوشی نالەباری جیهانی لە رووبەروو بوونەوە دەگەڵ قەیرانی شەڕ ـ نا ئەمنی ـ هەڵاوەسانی ئابووری ـ پێشێلكردنی مافە نەتەوەیی و كەمینە نەتەوەی و مەزهەبییەكان ـ مافەكانی مرۆڤ ـ تیرۆریزم ـ سەرەڕۆیی و دیكتاتۆری ـ رەگەز پەرەستی ـ شۆفینیزم و پیسبوونی ژینگە و چەوسانەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ بێگومان لە ئاستی جیهانیی دا رەوشی لاوانی خستۆتە ژێر كاریگەری و مەترسیەوە. لە بەر چاو گرتنی هەموو ئەو خاڵە ورد و درشتانەی كە لەسەرەوە ئاماژەم پێكرد، كە دەبێ كۆنگرە بە وردی و وریایی تاو تۆو هەلیان سەنگێنێ ئەو چەند خاڵە سەرەكییەی خوارەوەشی لە كۆنگرەكانی دا لە بەر چاو گرتووە.

**یەكەم:** گوێدان، هەڵسەنگاندن و تاوتۆكردنی راپۆرتی سیاسی كۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی و پاش لێكدانەوەی ورد و دەقیق و بە ئاوردانەوە لە هەلومەرجی سیاسی و كۆمەڵایەتی جیهان ـ ناوچە و ئێران و كوردستان بە پەسند دەگات.

**دووهەم:** دانانی ستراتژی و تاكتیكیی‌كار و تێكۆشان( كۆنگرە بۆ كۆنگرە).

**سێهەم:** بە بەرنامە و پرۆگرامی ڕێکخراوەکـەدا دەچـێتەوە و بـە پێـی گۆرانکـاری و هەلومەرج ئەگەر پێویست و دەستکاری، بەرنامە و پرۆگرام نێو خۆیەکەی دەکا و دواتـر بە پەسندی کۆنگرە دەگات.

**چوارەم:** کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی تازە هەڵدەبژێری و گەلێ خاڵ و بابەتی دیکـە و هتد...

ئەوانە کۆمەلێك خاڵی گرینگ و هەستیارن کـە لـە هـەموو کۆنگرەکـانی یەکیـەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا پێرەوییان لێ کراوە و زۆر بە جیددی لـە بـەر چـاو گیراون و، بوونەتە بنچـینەی کـار و تێکۆشـان و کردەوەکـانی نێـوان کۆنگرەکـانی ئـەو ڕێکخراوەیە.

## بەشی پێنجەم

پاش ئەوەیكە كۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی نوێ هەڵبژێردراوی كۆنگرەی یەكەم كار و ئەركەكانی لە نێو خۆیدا دابەش كرد ئۆرگان و كۆمیتەكانی یەكیەتیی لاوان بە دڵگەرمی و هیوایەكی زیاتر دەستیان كرد بە خەبات و تێكۆشان. رۆژ بە رۆژ لاوەكان زیاتر و زۆرتر لە دەوری ئەو رێكخراوەیە كۆ دەبوونەوە، بنكە و بارەگاكانی یەكیەتیی لاوان بە درێژای رۆژ ببووە مەیدانی كار و تێكۆشانی لاوەكان. رێبەرایەتی هەڵبژێردراوی كۆنگرەش بە دڵێكی فەراوان و هیوا بە داهاتوویەكی روونتر دەستیان كرد بە سازماندان و بەرفراوانتر كردنی مەیدانێكی زیاتر بۆ خەبات دژی دوژمنانی كورد و كوردستان و ئاشنا كردنی لاوان بە ویست و داخوازییەكانیان و خەباتی رەوای گەلی كورد لە هەموو بەشەكانی كوردستان. هەر بەو مەبەستە چ لە راگەیاندەكان و چ بە كۆركۆبوونەوە و دانانی دەورەی جۆراوجۆر و سیاسی ـ كۆمەڵایەتی و كلاس و پەروەردە كردنی كادر بۆ ئەو رێكخراوەیە رۆڵێكی باشی گێرا.یەكیەتی لاوان لە ماوەی دوو كۆنگرەدا( كۆنگرەی یەك بۆ دوو) جیا لە خەبات و تێكۆشان دژی داگیر كەرانی نیشتمانەكەمان، لە ناساندنی مافەكانی گەلی كورد و، روون كردنەوەی ویست و داخوازییەكانی رێكخراوەكە، لە هەمبەر كێشە و ئاریشە كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگای وڵاتەكەمان و ئەو ئاستەنگ و كۆسپانەی كە لە لایەن سیستمی كۆنەپەرەستی دەسەڵاتداری كۆمەڵگای ئێران بە گشتی و توێژی لاو بە تایبەتی پێك هێناوە.دژی دیاردە ناحەزەكانی كۆمەڵگای ئێران و كوردستان تەنانەت جیهانیش بێ هەڵویست نەبووە. لە بەرانبەر رووداو و پێشهاتەكانی جیهانیی و ناوچەیی خوێندنەوە و لێكدانەوەی بۆیان بووە. سیاسەتێكی ژیرانە و پێكەوە ژیانی تەبلیغ و هەڵوێست و سیاسەتێكی مرۆڤ دۆستانە و رەوشنگەرانەی كردۆتە سەر

لەوحەی خەبات و بەرخۆدانی خـۆی. جیـا لـەوەش پشـتیوانی و هـاوفکری ڕێبەرایـەتی حیزبی دێمۆکرات لە لایەك و کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی و ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوە بە تایبەتی سکرتێری ئەو کات( کـاك مسـتەفا مـەعرووفی) لـە گەشـەکردنی هەرچـی زیاتری ئەو ڕێکخراوەیە کاریگەری زۆری دانا. خالێکی جێگـەی سـەرنج کـە دەبـێ وەك ئەرکێکی ڕێکخراوەکە، کە بە جوانی بەڕێوەی برد، لە ماوەی نێوان کۆنگرەی یەك و دوو دا ئەهمیەت دانانێکی زیـاتر بـە لاوانـی دەرەوەی وڵات بـوو. هـەر بۆیـە بـە هیمـەتی بەڕێوەبەری گشتی و، دڵسۆزی لاوانی دەرەوەی ولات لە زۆربـەی هـەرە زۆری شـارەکانی وڵاتانی ئیسکانیدناڤی کۆمیتە و ڕێکخستنی لاوان بە شێوەیەکی بەر چاو ڕێکخرانەوە.

هـاوفکری و هـاودڵی ئەنـدامانی یەکیـەتیی لاوانـی دێمـۆکراتی کوردسـتانی ئێـران ڕەوتێکی خێرا و ئۆتوماتیکی بە ڕاپەڕانـدنی ئـەرك و چـالاکییەکانی ئـەو ڕێکخراوەیـە بەخشیبوو. دەتوانم بە بەرپرسایەتییەوە بڵـێم کـە: مـەودای نێـوان ئـەو دوو کۆنگرەیـە بەشێکی دیکـەی قۆناخـە زێرینـەکانی یەکیـەتیی لاوانـە؟ چـوونکە بـە دوای بەسـتنی یەکەمین کـۆنگرەی مێـژوویی ئـەو ڕێکخراوەیـە، چـۆنیەتی دارشـتنی بناخـە و هیمـی ڕێکخراوەکە لە هەموو بوارەکاندا دارێژرایەوە.

مەسەلەیکی دیکەی جێگەی باس کە دەبێ لەو بەشەدا هەڵوێستەیەکی کورتی لە سەر بکرێ. ڤستیڤاڵی جیهانیی لاوان لە ئەلجـەزایر ـ ە. ڕۆژی ٨ ی ئـووتی ٢٠٠١ی زایینـی بەرانبەر بە ١٧ ی گەلاوێژی ١٣٨٠ ی هەتاوی بریار بوو کە ڤیستیڤاڵی جیهـانیی لاوان لە ئەلجەزیر پێتەختی وڵاتی ئەلجەزایر ببەسترێت. بۆ ئەو ڤیستیڤاڵەش لە کاناڵی هێندێك حیزب و ڕێکخراوی دۆستەوە، هەئیەتێك لە یەکیەتیی لاوانـی دێمـۆکراتی کوردسـتانی ئێرانیش بانگهێشت کرابوو. بریار وابوو کـە چـەند کەسـێك لـە کوردسـتانەوە و چـەند کەسێکیشیان لە دوو ولاتی سکاندیناڤی( سوئید و نۆروێژ) لەو ڤیستیڤاڵەدا بەشدار بن. بەڵام مخابن بـە پێـی پیلانگێڕێکـی لـە پێشـدا دارێـژراو لـە لایـەن ئـەو وڵاتانـەی کـە

كوردستانیان بەسەرا دابەشكراوە( داگیركەرانی كوردستان) هەر بۆیــە دەوڵــەتی ســووریە ڕێگای نەدا كە لاوانی كورد لە كوردستانی عێراقەوە بچن بۆ ئەو ڤیستیڤاڵە. هەر بۆیــە لاوانی دەرەوەی وڵات ئاگادار كران كە چاوەڕوانی بەشداری نوێنەرانی كوردستان نەكەن و بۆ خۆیان بەشدار بن، كەچی دوای دوو ڕۆژ بەر لە دەسپێكی ڤیستیڤاڵ ئاشكرا بوو كــە، لە ئورووپاش ڕێگا نەدراوە لاوانی كــورد بــۆ بەشــداری لــە ڤیســتیڤاڵ ســەفەری وڵاتــی ئەلجەزایر بكەن. دواتریش روون بۆوەكە لاوانی كورد لە ژێر پیلانانەی كە ئەو حكوومەت و دەوڵەتانەی كە كوردستانیان داگیر كردووە، لە هەموو بەشــەكانیی لــە بەشــداری ئــەو ڤیستیڤاڵە بێبەش كراون. ئێمە وەك كورد كە هــیچ چــاوەڕوانیێكمان لــە داگــیر كــەرانی نیشتمانەكەمان جیا لە دوژمنكاری و وێرانكاری نیە، لەو نێوەشدا دەوڵەتی ئەلجەزایریش بە شێوەیەك هاوكاری ئەو پیلانەی كرد.

## بەشی شەشەم

### مەودای نێوان کۆنگرەی دووهەم و سێهەم

به پێی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی یەکیەتیی لاوانی دێمـۆکراتی کوردسـتانی ئێـران ( پەسند کراوی کۆنگرەی یەکەم، بـەفرانباری ١٣٧٩ ی هـەتاوی) کـۆنگرە کـە بـەرزترین ئۆرگانی یەکیەتیی لاوانە و هەر دوو ساڵ جارێك دەبێ کۆنگرە ببەستێ. پاش دوو سـاڵ بـە سـەر کـار و تێکۆشـانی ئـەو ڕێکخراوەیـە لـە ئاسـتی سیاسـی ـ کۆمەڵایـەتیی و فەرهەنگیی و ڕێکخستن و بـەرین کردنـەوەی و بـەرفراوانتر کردنـی کـاری تەشـکیلاتی( ئاشکرا و نەهێنی)لە دەرەوە و نێوخۆی کوردستان، بە پێی ئەو ئەسڵەی کە لە نێوپێڕەوی نێوخۆی ڕێکخراوەکە دا گونجاوە و دەبایە زستانی [1] ساڵی ١٣٨١ ی هـەتاوی دووهـەمین کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوەیە پێك بێ، هەر بە پێی ئـەو ئەسـڵە پـاش دوو سـاڵ خـەبات و تێکۆشانی بـەردەوامی یەکیـەتیی لاوان بـە هـەموو کـەم و کـوری و خاڵـە بـە هێـز و لاوازەکانیەوە، هەئیەتی ئامادەکاری کۆنگرە، ئامادەکاری بۆ پێك هێنانی کۆنگرە گرت، دەرفەتێکی دیکە بۆ یەکیەتیی لاوان پێـك هـات تـاکوو بـە لێکدانـەوە لـە مەسـایل و ڕووداوەکانی جیهان و ناوچە و کوردستان لە فەزایەکی شۆڕشگێرانە و دێمۆکراتیکانـەدا، جارێکی دیکە لە چارەنووسی ڕێکخراوەکەیاندا بەشـدار بـن و خاڵـە لاواز و بـەهێزەکان دەستنیشان بکەن و ڕێگا چارە بـۆ خاڵـە لاوازەکـان بدۆزنـەوە و، خاڵـە بـەهێزەکانیش،

---

[1]. کۆنگرەی دووهەم بە پێی بەرنامە و پیرەوی نێوخۆ راستە دەبایە لە زستانی ٨١ ی هەتاوی بەسترابا، بەڵام دواتر لە سەر بریارێکی کە بەرێوەبەری گشتی پەسندی کرد، بۆ ئەوەی لاوانی دەرەوەی وڵاتیش بەشداری کونگرە بن و لە کونگرەدا نوێنەریان هەبێ، بۆ مانگی گەلاوێژی هەمان ساڵ دواخرا.

بەهێزتر بكەن. و سیاسەت و ستراتژی و راكاری نوێ و سەردەمیانە بۆ رێكخراوەكە دابرێژن. هەر بەو مەبەستە رۆژی ٢١ ی گەلاوێژی ١٣٨١ ی هەتاوی كۆنگرە پاش سێ رۆژ كاری بەردەوام رۆژی ٢٣ ی گەلاوێژ كۆتایی بە كارەكانی هێنا.

كۆنگرەی دووهەمیش هەروەك كۆنگرەی پێشوو، بەرنامە و ئەركەكانی بە باشی و لە كەشێكی دێمۆكراتیك و پڕ باس دا تێپەراند.

بەڵام دوو مەسەلە گرینگی كە لەو كۆنگرەدا جێگەی باسە بریتن لە:

**یەكەم:** گۆرینی ئارمی یەكیەتیی لاوان، ئارم كە نماد و سەمبۆل و ناسنامەی هەر رێكخراو و حیزب و گرووپێكە وەك شوناسەیەك بۆ ناساندنەوە و لێك جیاكردنەوەی گرووپ و حیزب و رێكخراوە جیهانیەكانە. ئارمی یەكیەتیی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران مەشعەلێكی گەشاوە بوو كە دەستێك بەرزی كردبۆوە و ئاگری نێو مەشعەلەكە دەگەشایەوە، نیشان لە گەشانەوە و بەردەوامی لە خەبات و بە گرتین راگرتنی خەبات و بەرخۆدان بوو. ئاگر لە نێو ئێمەی كورد دا رەمزی مانەوە و راپەڕین و خێر و رووناكییە، جێگەی خۆیدا بە ئارمێكی دیكە كە لە بەشەكانی دیكەدا ئاماژەی پێدەكرێ.

گۆرینی ئارم كە یەكێك لە كارەكانی كۆنگرە( وەك بەرزترین ئۆرگانی ئەو رێكخراوەیە) ببووە بەشێك لە كاری كۆنگرەكە. پاش باس و مناقشەیەكی زۆر، كە بەشێك لە هاورێیانی دەرەوە و نێوخۆی كوردستان پێشتر تا رادەیەك ئامادەكارییان بۆ كرد بوو.بە زۆرینەیەكی نەك زۆر پەسند كرا و بوو بە ئارمی رەسمی رێكخراوەكە.

**دووهەم:** خالێكی دیكەی جێگەی سەرنج لەو كۆنگرەدا كە بوو بە مایەی خۆشحالی و هیوا بەخشینی لاوەكان لە بەردەوامی لە خەبات و تێكۆشان بەشداری نوێنەری

کۆمیتەکانی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات ( ئۆرووپا) بوو کە رەوتێکی تایبەتی دابوو بە فەزای کۆنگرەکە.

بەشداری لاوانی دەرەوەی ولات لەو کۆنگرەیەدا مەیدانی زیاتر بۆ لاوانی دەرەوە ئاواڵە کرد، ئاشنا بوونیان دەگەڵ کۆمەڵگاکانی ولاتانی ئورووپای و لێکدانەوەی بیر و بۆچوونەکان فەزایەکی دیمۆکراتیکی بۆ باس و مناقشە لە کۆنگرەکە فەراهەم کردبوو.

## گۆرینی ئارمی یەکیەتیی لاوان

لە کۆنگرەی دووهەمدا، پاش ئەوەیکە راپۆرتی سیاسی کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی بۆ کۆنگرە و، بەرنامە و پێرەوی نێوخۆی رێکخراوەکە پێداچوونەوەیان پێدا کرا و بە پەسندی کۆنکرە گەیشتن. برگەیەکی دیکە کاری کۆنگرە تەرخان کرابوو بۆ گۆرین و باس لە ئارمی رێکخراوەکە. ئارمی پێشووی رێکخراوەکە هەروەك پێشتر باسی لێ کرا، لە شکڵی مەشعەلێك دابوو کە دەستێك بەرزی کردبۆوە. لە نێو کۆنگرەدا چەندین ئارم لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا کە هەر ئارمەش تەیفی تایبەت بە خۆی لایەنگری لێ دەکرد و خوێندنەوەی بۆی هەبوو، لە گۆرێدا بوون و هاتبوونە بەر باس. بەڵام ئەوەیکە لە نێو کۆنگرەدا لایەنگری زیاتری لە دەورە کۆ بۆوە، ئارمی شکڵی دوو کۆترەکە بوو( ئارمی ئێستا) هەر چەند ئەو ئارمە پێشتر لە لایەن نوێنەرانی کۆنگرە، لە دەرەوەی ولات کاریان بۆ کردبوو، توانیان بەشێکی نوێنەرانی کوردستانیش لە دەوری ئەو ئارمە کۆبکەنەوە. ئەوانەی کە موخالیفی گۆرینی ئارمەکەش بوون رێژەیان کەم بوو. سەرئەنجام پاش باس و مناقشەیەکی زۆر ئارمی دوو کۆترەکە پەسند کراو، بوو بە ئارمی فەرمی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران.

مەبەست لە گۆڕینی ئارمەكە( بە تایبەت ئەوانەی موافقی بوون) ئەوە بوو كە، یەكیەتی لاوان دەبێ خوێندنەوەیەكی نوێ و سەردەمیانەی بۆ بارودۆخی ئێستای جیهان و ئالۆوگۆڕە یەك بە دوای یەكەكانی ناوچە و پرۆسەی بە جیهانیبوون هەبێ.

نزیك بوونەوەی شارستانیتە و ژیانی شارستانیانە و، چڕ بوونەوەی خەباتی مەدەنی و، زمانی دیالۆگ و هێمنی و ئارامی كە لای جیهانیان، بە تایبەتی خەڵكی رۆژئاوایی پەسندترە و...! پەسند كردنی ئارمەكە كە باسی لە ئاشتی و ئارامی و...دەكا و، بۆ چوونە نێو كۆڕوكۆبوونەوە، رێكخراوە جیهانیەكان وەرگری باشترە و ...هتد.

بەڵام غافل لەو لایەنەی كە، خەباتی سەرەكیی ئێمە كە وەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەكانە و، دەگەڵ رێژیمێكی داگیركەر و توتالیتێر و كۆنەپارێزی وەك كۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەورووین. حكوومەتێك كە پابەندی هیچ جۆرە پرنسیپ و ئوسوولێكی جیهانیی و نێو نەتەوەیی نیە. رێژیمێك نە زمانی دیالۆگ و دانووستان، نە باوەرمەند بە هیچ ماف و ئازادێكی مرۆڤە.

ئەگەر یەكیەتیی لاوان و، یان هەر حیزب و رێكخراوێكی دیكەی ئێرانی و كوردستانی( بە هەموو چین و توێژەكانی كۆمەلگاوە) تەنانەت ئەوانەی سێرف باوەرمەند بە خەباتی مەدەنی و نافەرمانی مەدەنین و، یان ئەو چینە كە خۆیان بە رووناكبیر دەزانن و دەیانهەوێ لە رێگای خەباتی قەڵەم و ئیسلاحخوازی، لە نێو سیستمی حكوومەتی كۆماری ئیسلامی ئێراندا، سیسمێكی دیمۆكراتیك دامەزرێنن و زۆر جاران پەلاماری حیزبە سیاسییەكانی كوردستانیان داوە و، بە هۆكاری دواكەوتن و نائەمنی لە قەڵەم داوە( بە تایبەت خەباتی چەكداری)خۆش خەیاڵانە، لەو خەیاڵەدان كە لە رێگای خەباتی مەدەنی و رێكخستنی نارەزایەتی چۆك بە رێژیم دادەدەن! رێژیمێك كە پابەند بە هیچ یاسا و رێسایەكی نێونەتەوەیی و تەنانەت ئی خۆشی نیە. جگە لە زمانی كوشتن و ئیعدام و شكنجە و توندوتیژی هیچی دیكە نازانێ. حكوومەتێك كە فەلسەفەی وجوودی

لە سەر کوشتن دامەزرابێ، نە دەتوانێت ئیسلاح هەڵگر بێ و نە مل بۆ ویست و داخوازییەکانی خەڵکەکەی شل دەکات. بۆیە تەنیا رێگای گەیشتن بە ماف و ویست و داخوازییەکان لە ئێراندا شۆرش( ئینقلاب) و خەباتی بەردەوامی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێرانە، بۆ رووخانی ئەو رێژیمە. لەوەش دڵنیام کە رۆژێك دادێ، درەنگ یا زوو خەڵکی ئێران بە گشتی و رێکخراو و سازمانە مەدەنی و... دێنە سەر ئەو باوەرە کە تاکە رێگای گەیشتن بۆ ئازادی و رزگاری و... نەمانی ئەو رێژیمە، ئەویش لە رێگای شۆرش و خەباتی نیزامی یە.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێیم: کە درووستی و نادرووستی گۆرنی ئارمی رێکخراوەکەش، دەگەرێتەوە سەر بریاری کۆنگرە، وەك بەرزترین ئۆرگانی ئەو رێکخراوەیە.

کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی لاوان هەروەك باسمانکرد پاش سێ رۆژ کار و، هەڵبژاردنی کۆمیتەی بەرێوەبەری نوێ، لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیدا، کاك سۆران عەلی پوور وەك سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردرا.[1]

[1]. هەر چەندە بە هۆی هەڵسووکەت و کار و کردەوەکانی کاك مستەفا مەعرووفی لە ماوەی سکرتێری دا زۆربەی ئەندامانی بەشدار لە کونگرە داوایان لێ کرد کە دووبارە خۆی کاندیدا بکاتەوە ، بەڵام ناوبراو لەو باوەرە دا بوو کە دەبێ مەیدانی زیاتر بە تازە لاوەکانیش بدرێ.

## بەشی حەوتەم

## کۆنگرەی سێهەم و سەرەتایی ئاریشەکانی یەکیەتیی لاوان

راستیان گوتووە کە: هەر نەتەوەیەك مێژووی خۆی نەناسێ و هەوڵ بۆ ناساندنی نەدا بەردەوام دووپاتی دەکاتەوە. دووپات کردنەوەی مێژووش دەرس و ئەزموون وەرنەگرتنە لە رابردوو. ئێمەی کورد کە بەردەوام مێژوو، دووپاتە دەکەینەوە، کەوایە ئەو رستە لە هەمبەر ئێمەی کورد دا راست نیە! کە دەڵێین: رابردوو چرای رێگای داهاتوویە.( گزشته چراغ راه اینده است)

دەبا ئێمەی کوردیش ئەگەر وانە و عیبرەت لە مێژووی وڵاتان و نەتەوەکانیی دیکەش وەرناگرین و فێریان نابین، با لە مێژوو و رابردووی خۆمان دەرس و ئەزموون وەرگرین؟!

بەر لەوەی بچمە سەر باسی کۆنگرەی سێهەم، پێویستە ئاوڕێکی کورتیش لە نێوان کۆنگرەی دووهەم ـ سێهەم بدرێتەوە.

کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش، پاش دوو ساڵ کار و چالاکی لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ، مەدەنی و فەرهەنگی و، کۆمەڵێك دەسکەوت و ئەزموون پەیدا کردن لە مەیدانی رێکخراوەیدا. کۆمەڵێك هەنگاوی باشیشی لە مەیدانی دیپلوماتیك و پێوەندییە ناوخۆیەکانی کوردستان بۆ خۆی دەستەبەر کرد. مەیدانی رێکخستنەکانی زیاتر کرد و رێژەی ئەندامەکانیشی روو لە زیاد بوون دەکرد.

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کاتێك دا بەرەو بەستنی کۆنگرەی سێهەمی خۆی دەچوو کە جیهانیی شارستانییەت زیاتر لە هەمیشە بۆ پێشکەوتن و

بــەختیاری هــەنگاوی دەنــا و خــەباتی گــەلان بــۆ دەســتبەرکردنی ئــازادی و رزگــاری و دێمۆکراسی و مافەکانیان بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەری لە سەر هەموو کۆمەڵگاکانی جیهان دانابوو. لاوانیش لە ئێران و کوردستاندا بــە پتــەوکردنی رۆژ بــە رۆژی ریزەکــانی خۆیان، شانبەشانی هێز و رێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی دیکەی ئێران، لــە ســەنگەری پێشەوەی خەبات دژی سەرەرۆیی و توتالیتریزم و سیاسەتە چــەوتەکانی رێــژیمی کۆمــاری ئیسلامیی ئێران لە پێناوی رزگاری و دێمۆکراسی لە ئێران خەباتیان دەکرد.

بە داخەوە لەو قۆناخە ناســك و هەســتیارەدا بشــێویی و ئــاڵۆزی نێــو ریزەکــانی ئــەو رێکخراوەیەی تووشی هەڵوێستێکی چاوەروان نەکراو کرد.

کۆنگرەی سێهەمی ئەو رێکخراوەیەش لە کاتێك دا بە لێکدانــەوەی ورد و دەقیــق لــە مەڕ بارودۆخی جیهانیی و ناوچــەکە ئامادەکــاری کــردو رۆژی ٢٠ ی گەلاوێــژی ســاڵی ١٣٨٤ ی هەتاوی دەستی بە کار کرد. کۆنگرە بە بەشداری نوێنــەری هــەموو ئۆرگــان و کــەمپ و نوێنــەرانی دەرەوەی وڵات پــاش دوو رۆژکــاری (٢٠ هــەتا ٢٢ ی گەلاوێــژ) بەردەوام کۆتایی بە کارەکانی هێناو، کۆمیتەی بەرێوەبەری نوێ هەڵبژارد و ســتراتژی و تاکتیکی بۆ رێکخراوەکە دەســت نیشــان کــردەوە و،بــە بەرنامــە و پێــرەوی نێــو خــۆی یەکیەتیەکەدا چۆوەو، پەسندی کردن. سەرئەنجام کۆمیتەی بەرێوەبــەری کــاك " رەحمــان سەلیمی" وەك سکرتێری رێکخراوەکە هەڵبژارد.

پاش تەواو بوونی کۆنگرە و دابەشکردنی پۆستەکان بــە ســەر ئەنــدامانی بەرێوبــەری، هەر چەندە رێکخراوەکە بــە رواڵــەت رەوتــی ئاســایی خــۆی تێدەپەڕانــد، بــەڵام فــارس گوتەنی:" سالی کە نکوست از بهارش پیداســت" هــەر لــە ســێ، چــوار مــانگی پــاش کۆنگرە، ئاڵۆزی و ئیستعفا و، نارازی بوونی بەشێك لە ئەندامانی بەرێوەبەری و بەهانــە گرتنیان، بەو جۆرەی کە پێویست بوو کار و ئەرکەکانی رێکخراوەکــە بــەرێوە نەدەچــوو. نــەبوونی تەجروبــە و ئۆتوریتــەی کــاك رەحمــان ســەلیمی وەك ســکرتێری ئــەو کــات،

سەربەخۆنەبوونی بەشێك لە بەڕێوەبەری گشتی و چوونە ژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی قسە و ڕێنماییە نا بەرپرسانەی بەشێك لە ڕێبەری و کادرەکانی حیزبی دێمۆکرات. مەیدانی بۆ کەسانی نارازی نێو ڕێکخراوەکە خۆشتر کرد. ئەو ئالۆزی و کەمتەرخەمیانە تەنیا بەرۆکی ڕێکخراوەکەی لە کوردستان وەك بنکەی سەرەکیی نەگرتبووە، کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵاتیش بارودۆخیان لە کوردستان باشتر نەبوو. لە نێو بەڕێوەبەری گشتی دا هەر کەس چۆنی پێخۆشبایە، لە ڕێگای تەلفۆن و ئینترنێت پێوەندی بە بەرپرسانی کۆمیتە و ئەندامەکانی دەرەوەی وڵات دەگرت، زۆر نا بەرپرسانە کێشە و ئالۆزییەکانی نێو یەکیەتیی لاوانیان، ئەوەندەی کە هەبوو، ئەوەندەی دیشیان وەسەر دەخست و دەبوونە هەوێنی زیاتری کێشەکان.

بەم جۆرە لە سایەی ئەو کێشە و گرفتانەی نێو ڕێکخراوەکە، کار و چالاکییەکان بەرە و لاوازی ڕۆیشتن و بەڕێوەبەری گشتیش بە کردەوە چووە نێو گەمە جناحییەکانی حیزبی دێمۆکرات و، ئەمجارە ڕاست و ڕاست یەکیەتیی لاوانیش بە سەر دوو جیناح دابەش بوو. هەر چەندە بەشێك لە بەڕێوەبەری گشتی، بە تایبەت سکرتێری ئەو کات وەك شەخسی یەکەمی ڕێکخراوەکە ئیدیعای سەربەخۆیان دەکرد و دەیانگوت کە نابێ کێشەکانی نێو ریزەکانی حیزبی دێمۆکرات کاریگەری لە سەر ئێمە دابنێ! بەڵام ڕاستەوخۆ چووە ژێر کاریگەری کێشەکانی نێو حیزب و ڕەسمەن بە سەر دوو بەشدا دابەش بوو. هەر چەندە کۆمەڵێکی زۆر لە نێو یەکیەتیی لاوان و تەنانەت حیزبی دێمۆکراتیش دا بانگەشەی بێ لایەنیان دەکرد؟ بەڵام ئەو کەسە بێ لایەن بوو، کە ئێستا لە دایك نەبووبوو.

سەرەرای هەموو کێشە و گرفتەکانی نێو ریزەکانی یەکیەتیی لاوان بە تایبەت لە ساڵی دووهەمی دوای کۆنگرەی سێهەمدا، بە هیمەت و تێکۆشانی یەکیەتیی لاوان بە تایبەت کۆمیتە و بەرپرسانی ئەو یەکیەتییە لە دەرەوەی وڵات. لە ڕەوەتی کار و خەبات و بەرخۆدانی خۆیدا بۆ ئەوەی هاواری مافخوازانە و ئازادیخوازانەی گەلی کورد، بگەیینە

کۆڕ و کۆمەڵە جیهانیی و نێو نەتەوەیەکان و سەرنجی ناوەندەکانی بڕیاردەر و شوێندانەر لە سەر کێشە و ئاریشە سیاسی ـ کەلتووری ـ ئابووری و کۆمەڵاّتی و ... هتد، بۆ لایەی کێشەی سیاسی گەلی کورد رابکێشێت و پشتیوانی ئەو ناوەندەی بڕیاردەرانە بۆ لای پرسی کورد بە دەست بێنێ. هەر لە چوارچێوەی هەوڵ و بەرنامە و پرۆگرامی دێمۆکراتیک و سەردەمیانە، لە ٢٦ مین کۆنگرەی یەکیەتیی نێونەتەوەی لاوانی سوسیالیست کە لە رۆژەکانی ١٢ و ١٥ی ژانویەی ٢٠٠٦ ی زایینی لە کۆپنهاگ پێتەختی وڵاتی دانمارك پێك هات، یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران وەك ئەندامی چاوەدێری لەو رێکخراوە جیهانیەدا بوو بە ئەندام، بۆ ئەوەی هاواری ئازادیخوازانەی گەلی کورد بە گشتی و لاوانی نەتەوەکەمان بە تایبەتی بە گوێی کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان بگەیەنێت.

## بەشی هەشتەم

## ئینشعابی نێو ریزەكانی یەكیەتیی لاوان و هۆكارەكانی[1]

لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا لە رۆژهەلاتی ناڤین بە گشتی و كوردستانی رۆژهەلات بە تایبەتی، شاهیدی گەلێ ئینشعاب و جیابوونەوە لە نێو ریزی حیزبەكان دا بووین كە رەنگە لە داهاتووش دا دووبارە و چەند پاتە بنەوە. ئەگەرچی ئینشعاب، جیابوونەوە و دابڕان لە بەستێنی سیاسیدا مەسەلەیەكی چاوەروان نەكراو نیە! دەكرێ بلێین مەسەلەیەكی ئاسایی و سروشتیشە.

بەلام لەگەڵ ئەوەشدا، نابێ لە بیرمان بچێ كە، یەكگرتوویی و هاودەنگی حیزب و رێكخراوەكان لە نێو گەلی كورد دا جیا لەوەی رەوتی خەبات بەرەوپێش دەبات، ویست و داخوازییەكانی گەلی كورد بەو حیزب و رێكخراوانەوە گرێی خواردوە. ئەگەرچی ئەو

---

[1]. ئینشعاب و كێشەكانی نێو ریزەكانی حیزبی دێمۆكرات، نەك تەنیا كاریگەرییان لە سەر دابران و جیابوونەوەی ئەو رێكخراوە دانا، بگرە بوونە هۆكارێكی سەرەكیش بۆ جیابوونەوە و پێكەوە هەلنەكردنی یەكیەتی لاوان، پاش كونگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران و، نەسازان و، یان باشتر بلێین پابەند نەبوون بە بریارات و بەرنامە و پرۆگرامی حیزب و پەسند كراوەكانی كۆنگرە و، دواتر مەسەلەی هێناگۆرێ ٢٠ خاڵ لە لایەن كەمینەی نێو حیزب و گەلێ كێشە و گرفتی دیكە، یەكیەتیی لاوانیش لە ژێر كاریگەری بەشێك لە رێبەرایەتی حیزب كە وەك كەمینە خۆیان پێناسە كردبوو، لە نێو ئەو رێكخراوەیەشدا ئەو كێشانە راستەوخۆ كاریگەری لە سەردانا و سەرەنجام جیابوونەوەی لە نێو ئەو رێكخراوەیەشدا لێ كەوتەوە. بە دلنیایەوە ئەگەر لە نێو حیزبی دێمۆكراتدا ئەو كۆمەلە نارازییەی كە دێمۆكراسیان لە روانگەی خۆیانەوە، پێناسە كردبوو، ئەگەر ئینشعابیان نەكردبایە، هیچكات لە یەكیەتیی لاوانیشدا جیابوونەوە نەك رووی نەدەدا بەلكوو ئاریشەكانیشیان دەتوانی چارەسەر بكەن.

جیابوونەوە و کێشە دەروون حیزبیانە، لە روانگە و تێرامانی خەڵکی ئاسایی کوردستان بە هەڵوێستێکی نابەجێ و نالۆژیك و نابەرپرسانە لە قەڵەم دەدرێ، بەڵام راڤە و شیکارییە کۆمەڵناسییەکان، ئینشعاب و جیابوونەوەی حیزبەکانی کوردستانی رۆژهەلات بە گشتی لە روانگەی خۆیەوە بە شتێکی سەیر و چاوەروانکراو نازانێ! هەلومەرجی هەستیاری ناوچەیی و هەرێمەی ـ نفووزی هێز فەراناوچەیەکان ـ پرۆگرامی رێفرماسیۆنی و ئیسلاخوازی ـ بەرزبوونەوەی ویست و داخوازییە کۆمەڵایەتییەکان و کێشەی ئابووری و... لە سەدەی نوێدا هاوکات دەگەڵ ئاڵۆوگۆر و رووداوەکانی ناوچەکە ئەو ئینشعاب و دابرانانەش لێ کەوتۆتەوە. جیابوونەوە و دابڕانی حیزب و رێکخراوەکانی کوردستانی ئێران بە گۆڕان و تێپەربوونی زەمان و گۆرانکاری لە روانگە جیهانیەکان و، تەواوبوونی شەڕی سارد و ئیدئۆلوژیکی و دەستپێکردنی چەرخی نوێ لە مێژوویی مرۆڤایەتیدا، هەروەها بڵاو بوونەوەی بینش و هزری فەرا ناوچەی، ئاڵوگۆڕ لە شێوەی روانگە و خوێندنەوەی جیاواز بۆ رووداوەکانی جیهان و ناوچە و کوردستان و، پێوەندی چڕ و پڕی ئەفکاری گشتی و پرۆسەی بە جیهانیبوون و زانست و فەن ئاوەری نوێ و، شۆڕشی زانیاری کە تێك گیراون لە لایەك و، بەرژەوەندی و،ئاستی ویست و داخوازییەکانی مرۆڤ چ وەك تاك و چ بە کۆمەڵ لە لایەکی دیکەوە بوونەتە هەوێن و مایە و هۆکاری ئینشعاب و دابڕانەکانیی نێو حیزب و رێکخراوە کوردستانیەکان. روودانی رووداوی ١١ی سیپتامبری ٢٠٠١ ی زایینی و شەڕی دژی تێرۆریزم کە یەکەمین چەخماخەکانی کێشە و گۆڕان و ئاڵووگۆڕەکانی لە رۆژهەڵاتیی ناڤین کە سەنتەری زۆربەی هەرەزۆری ئاریشە و ئاڵوزییەکانە یانی راست ئەو شوێن و جۆغرافیا سیاسییەی کە کوردەکانی تێدا نیشتەجێن، کاریگەری راستەوخۆی لە سەر کورد و ئاڵوو گۆرەکانی نێو حیزبە سیاسییەکان داناوە.

ئەگـەر ئـەو كێشــە و ئـالۆوگۆرە سیاسـیی و كۆمەڵایەتییــە ناوچـەیی و جیهانیانــە توانییویانە ببنە بەشێك بۆ هۆكـاری كێشـەكان، راكێـت مانــەوە و، روانگـە سیاسـییە جیاوازییــەكانی تاكــەكانی نێــو حیــزب و رێكخراوەكــان و، یــەكتر قــەبووڵ نــەركردن و چۆنیەتی پێكەوە هەڵكردنی كۆمــەڵگای كــوردەواری و بــیری تەسـكی عەشـیرەگەریی و ناوچەگەرایش هۆكارگەلێكن( بەتایبەت لەو چەند ئینشعابەی دوایدا) كە رۆڵ و نەخشــی خۆیان گێراوە. بەڵام ئینشعاب و جیابوونەوەی سـاڵی ١٣٨٥ ی هــەتاوی نێــو ریزەكــانی یەكیەتیی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران چەند هۆكاری لە پشت بوو:

**یەكەم:** ئیستعفا و بەهانەگرتن و كارنەكردنی بەشێك لە رێبەرایەتی دەرەوەی وڵات و كوردستانی حیزبی دێمۆكرات( هەڵبژێردراوانی كۆنگرەی سێزدەهەم) و كاریگــەرییان لــە سەر رێبەرایەتی یەكیەتی لاوان و ئەندامەكانی بــە تایبــەتی لــە دەرەوەی وڵات و ئــەو كێشە و ئالۆزیانەی كە لە كاتی بەستنی كۆنفرانسەكانی یەكیەتیی لاوان كە لــە دەرەوەی وڵات دەبەستران دەیانخولقاند و... هتد.

**دووهەم:** نەبوونی هاوكاری ـ خۆبــەزلزانی ـ رەخنــە قــەبووڵ نــەكردن و نــە ســازان و تەحەمۆل نەكردنی یەكتر. ئێمە دەبێ ئەو ئەسڵەشمان قەبووڵ بێ كە بــا هــەمووشمان وەكــوو یەكتر بیر نەكەینەوە! بەڵام خــۆ دەبــێ فێــر بــین كــە چــۆن بەیەكــەوە بــژین و هاوكــار و هاریكاری یەكتر بین!؟

**سێهەم:** نەبوونی سەربەخۆیی یەكیــەیتی لاوان. یــەكێك لــە هۆكــارە ســەرەكییەكانی جیابوونەوەی نێو ریزەكــانی ئــەو رێكخراوەیــە بــوو. راســتە ئەگــەر حیزبــی دێمــۆكرات ئینشعاب و جیابوونەوەی تێــدا رووی نەدابایــە، بێگۆمــان ئــەو رێكخراوەیــەش توانــای جیابوونەوە و لێك دابڕانــی نــەدەبوو! چــوونكە رێكخراوێــك بــوو ( راســتە ئۆرگــانێكی سەربەخۆ و ئۆرگانیزاسوێنێكی سەربەخۆی هەیە) بەڵام لە ژێــر ســێبەر و رێنوێنیــەكانی حیزبی دێمۆكرات دا حەرەكەتی دەكرد و دەش كات. خۆشی بە بەختەوەر و بە شانازیشی

دەزانێ کە لە ژێر سایەی حیزبێکی ئەوتۆدا بێ، بەڵام بەستراوەیی ئەندامەکانی و نەبوونی بیر سەربەخۆیانەی تاکەکانی نێو ڕێکخراوەکە. نەیدەتوانی ئەو ڕێکخراوەیە بێ لایەن بێڵێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر ئەندامێکی ڕێبەری یەکیەتی لاوان ( بە تایبەتی بنەماڵەکان) بنەماڵەکەی سەر بە هەر جەناح و قۆڵێکی حیزب بایە، ئۆتوماتیك ئەویش سەر بە هەمان قۆڵ و جەناح دەبوو. یانی نە بۆی هەبوو، نە دەشی توانی جیا لەوە ، بیر بکاتەوە. هەر وەك چۆن دیتمان کاتی جیابوونەوە بۆ نموونەش لە هەر دوو لایەن یەك کەسیش جیا لە بنەماڵەکەی بیری نەکردەوە. لە نێو کادر و پێشمەرگە لاوەکانیشدا بە هەمان شێوە بوو.( ئەوانەی ئەندامی یەکیەتیی لاوان بوون)

**چوارەم:** مەسەلەیەکی جێگەی سەرنجی دیکە کە مخابن هەر ئێستاش دوانیگری کۆمەڵگای کوردستان و، ئەگەر نەڵێم هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان، بەشێکی هەرە زۆریانی گرتووە، بینش و بیری ناوچەگەرایی و بیرۆکەی تەسکی عەشیرەگەرییە. کە ئەو بینش و بیرۆکە دواکەوتوانا ڕۆڵی تایبەتی لە ئینشعاب و دابرانەکان دا گێڕاوە.تەنانەت ئەو شێوە بیرۆکەیە کە لە نێو مێشکی کورد دا قالبی گرتووە ،بەردەوام بۆتە مایەی شکست ولە نێو چوونی شۆڕشەکانی گەلەکەمان و ، دوژمنانیش زۆر بە باشی قۆزتوویانەتەوە و کەڵکیان لێ وەرگرتووە.

سەرئەنجام بەو جۆرە یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران تامی تاڵی ئینشعاب و دابڕانی چێشت.

پاش ئەوەی هەموو هەوڵەکانی دۆست و دڵسۆزانی حیزب و شەخسی سکرتێری ئەو کاتی حیزب( کاك مستەفا هیجری) بۆ پێشگرتن لە ئینشعاب بێ ئاکام مایەوە و لە ڕۆژی ١٥/٩/١٣٨٥ ی هەتاوی ئینشعاب و دابڕان لە نێو ریزەکانی حیزب کەوتەوە، یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕاگەیاندراوێکی بەو شێوەی خوارەوە دەرکرد:

## بەیاننامەی یەكیەتیی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران

**كۆمەڵانی بەشەرەفی كوردستان!**

**لاوانی بە ئەمەگ و خۆراگری كوردستان!**

**ئەندامانی تێكۆشەری یەكیەتیی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران!**

لە كاتێك دا ئاسۆی هیوای كورد و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیەتییەكان لە هەموو كاتێك روونترە و كورد خەریكە لە ناوچە و جیهاندا سەنگ و هێزی خۆی وەردەگرێ و بیری رزگاریخوازی و نەتەوەیی پەرە دەگرێ و نەتەوەكەمان زیاتر لە هەموو كات پێویستیی بە هاوكاری و هاودەنگی هەیە و، زیاتریش هەوڵ دەدا كە ئوسووڵ و پارامێترە دێمۆكراتیكەكان بپارێزێ، بەڵام بە داخەوە بۆ جارێكی دیكە نەریتپەروەرانی لادان و جیا بوونەوە و پشتگوێ خەرانی ئوسوول و پرنسیپە دێمۆكراتیكەكان، بانگی جیایان دا و بۆ جارێكی دیكە فرمێسكی ئۆگرانی ئازادی و لایەنگری حیزبی دێمۆكرات و دایكانی شەهیدانیان وەراندەوە و تیرێكی دیكەیان لە جەستەی رێبەری بزاڤی میللی دێمۆكراتیكی گەلی كورد لە كوردستانی ئێران دا. ئێمە، یەكیەتیی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران، وێرای بە داخ بوونمان بۆ ئەو كردەوەیە، هاوكات پشتیوانی خۆمان لە حیزبی خۆشەویستی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان و رێبەرایەتیەكەی كە درێژەدەری راستەقینەی رێگای شەهیدانی سەروەر و هەموو شەهیدانی حیزب و گەلە، دووپات دەكەینەوە و بەڵێن دەدەین كە تا دوا دلۆپی خوێنمان هاورێ و هاوسەنگەر و پشتیوانیان و پارێزەری ئەو بایەخانە بین كە بۆ ماوەی ٦١ ساڵە ئەو حیزبە پێشكەشی فەرهەنگی سیاسی و كۆمەڵایەتیان دەكا.

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە یادگاری هەمیشە زیندووی کۆماری کوردستان و هاوخەباتی شانبەشانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە، لەمەو بەدواش هەر بەو شێوە دەمێنینەوە و رێنوێنی و ئامۆژگارییەکانی رێبەرانی شەهید و، رێبەرایەتی ئێستای حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، چرای رێگای گەیشتن بە دێمۆکراسی و مافە نەتەوایەتیەکانی دەبێ.

مێژوو چەند مۆری تەئید و پشتیوانیی لە لادان و جیابوونەوەکانی پێشوو لە ریزەکانی حیزبی خۆشەویستی کورد لە کوردستانی ئێران داوە، چەندە پاڵپشتی دژبەرانی رێبەری شەهیدمان دوکتور قاسملووی زانا و بلیمەت بوو، دڵنیا بن ئەمجارەش هەروا دەبێ. چوونکە هزر و رواڵەتی ئەوانەی ئەو کارەیان کرد هەر ئەوانەی پێشوویە و ئەوە لە حالێکدایە کە ئەوانە ئەمرۆ پێشەنگیی رێبازی شەهیدانیان گرتووە، رێبوارانی راستەقینە و بەوەجی ئەو رێبەرانەن و گەورەترین وانەی ئەو رێبەرانەیان ( کە پاکی و راستگۆیی یە) وەرگرتووە و کاری پێدەکەن.

سڵاو لە حیزبی دێمۆکراتی کودرستانی ئێران، حیزبی شەهیدانی سەروەر، قازی ، قاسملوو و شەرەفکەندی

سەرکەوێ جووڵانەوەی میللی دێمۆکراتیکی کورد لە کوردستانی ئێران بە رێبەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران.

**یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران**

**کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی ـ کوردستان**

**١٦/٩/١٣٨٥ ی هەتاوی**

## بەشی نۆهەم

پاش دابڕان و ئینشـعابی نێـو ریزەكـانی یەكیـەتیی لاوانـی دێمـۆكراتی كوردسـتان، كۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی بۆ رێكخستنەوە و سازماندانەوەی ئۆرگـان و كۆمیتـەكانی خۆی لە سەرجەم ئەو شوێن و دەڤەرانەی كـە ئەنـدامانی یەكیـەتیی لاوانـی لێبـوو، بـە دەرەوەی ولاٚتیشـەوە، بـۆ هەرچـی باشـتر راپەڕانـدنی كـار و ئەركـەكان، لـە یەكـەم كۆبوونەوەی دوای ئینشعابی كۆمیتەی بەرێوەبەری گشـتی، بـە پێـی پێـرەوی نێوخـۆی رێكخراوەكە: ماددەی سێزدەهەم و خالّی ٧ی ئەو بەندە لە بەرنامە و پێرەوی نێـو خـۆی یەكیەیتی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانی ئێـران پەسـند كـراوی كـۆنگرەی سـێهەم و بـە حوكمی ئەوەش ئینشعابییەكانیش لە كەمینەدا بوون" كاك دارا نـاتق" وەك سـكرتێری یەكیەیتی لاوان لە لایەن كۆمیتەی بەرێوەبەری هەلّبژێردرا.

هەر چەند بە دوای دابڕان و ئینشعاب نزیك بە حەوت مـانگی مـابوو بـۆ كـۆنگرەی چوارەمی رێكخراوەكـە. یەكیـەتیی لاوان بـە هیمـەتی بەرێوەبـەری گشـتی و دۆسـت و لایەنگرانی نەك هەر نەیهێشت كەلێنێكی ئەوتۆ لە نێو ریزەكانی كەوێت كە دواتـر بـۆی پڕ نەكرێتەوە!

بگــرە زۆر بــە جیددییــەت و كارامەیانــە لــە جــاران دەســتی بــە ســازماندان و ئۆرگانیزەكردنی ئۆرگانەكانی كردەوە و كۆمیتە و كۆمیتە ناوچـەكانی لـە كوردسـتان و دەرەوەی ولات زۆر بە باشی و بە رێژەیەكی زیاتریش ئەندام و لایەنگر رێكخستنەوە.

سەرەرای هەموو ئەو كێشە و گیروگرفتانەی كە لە ماوەی نێوان كۆنگرەی سێ بۆ چوار هاتبوونـە سـەر رێگـای رێكخراوەكـە، تـوانی لـە ماوەیـەكی كـورت دا هەئیـەتێكی ئامادەكاری كۆنگرە پێك بێنە و بتوانی لە كات و ساتی خۆیدا كۆنگرەكـەی ببەسـتێت. هەر بەو مەبەستە پاش ئامادەكارییـەكان و ئامـادەكردنی راپـۆرتی سیاسـی كۆمیتـەی بەرێوەبەری گشتی( كاك دارا ناتق) و گرتنـی سـەرجەم كونفرانسـەكان لـە كوردسـتان و

دەرەوەی ولات، رۆژی ١٣ی گەلاوێژی ١٣٨٦ ی هەتاوی کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بەشداری هەئیەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەسترا.

کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتی لاوانی دێموکرات لە کەش و هەوایەکی دێموکراتیك و پڕباس و بەشداری چالاکانە و بەرپرسانەی ئەندامانی بەشدار بە پەسند کردنی راپۆرتی سیاسی کە ئاوردانەوەیەکی بەرچاوی لە هەلومەرجی جیهان بە گشتی و گۆڕانکارییەکانی ناوچە بە تایبەتی ـ بارودۆخی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەیی. وەزعییەتی لاوان لە ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی دابۆوە، بۆ جێی سەرەنجی ئەندامانی بەشدار بوو. هەر وەها پاش دیاریکردنی ستراتژی و تاکتیك و ئامانجەکانی رێکخراوەکە بە بەرنامەو پرۆگرامیش دا چۆوە و کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی هەڵبژاردەوە ئەرکێکی قورسی نەتەوەیی و نیشتمانی خستنە سەر شانی رێکخراوەکە و لە پاش سێ رۆژ کاری بەردەوام کۆتایی بە کاری کۆنگرە هێنا.

لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆشیدا کاك دارا ناتق وەك سکرتێری رێکخراوەکە بە زۆربەی دەنگ هەڵبژێررا.

چەند تایبەتمەندی کە لەو کۆنگرەیەدا زیاتر بەرچاو دەکەوتن بریتن لە:

ـ خوێندنەوەیێکی نوێ بۆ رێکخراوە سینفییی و مەدەنیەکان، کە باس و مناقشەیەکی زۆری لە سەر کرا.

ـ ئاوردانەوە و پێداچوونەوە بە تەشکیلاتی نهێنی و لاوازی رێکخراوەکە لەو بوارەدا.

ـ رێژەی زیاتر لە چل کەس لە نوێنەرانی دەرەوەی کوردستان کە بۆ یەکەمین جار بوو لە مێژووی رێکخراوەکەدا ئەو رێژە لە لاوانی دەرەوەی وڵات بە هەستی بەرپرسانە و هیوا بە داهاتووی گەلەکەیان لەوەها کۆنگرەیەدا بەشدار بوون و، لە چارەنووسی رێکخراوەکەدا بڕیاران دا، جیا لەوەش بەشداری چالاکانەی لاوانی دەرەوەی وڵات، هیوا بەخشێکیش بوو، بۆ لاوانی نێوخۆی وڵات کە چالاکانە و دڵگەرمتر و هیوا بە رزگاری خاك و گەلیان لە دڵدا بلێسە بدات.

## بەشی دەیەم

### مەودای نێوان کۆنگرەی چوارەم و پێنجەم( ١٣٨٦ و ١٣٨٨ )

هەلومەرجی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی جیهان بە گشتی و گۆڕانکارییە ناوچەیەکان بە تایبەتی، زیاتر لە جاران کێشە و ئاریشەکانی جیهانی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆی، هاتنە ئارای پرۆسە و گەڵاڵەی رۆژهەڵاتی ناڤینی گەورە و رەوتی دێمۆکراتیزە کردنی ئەو ناوچەیە، بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کاردانەوە لە سەر کۆمەڵگاکانی ئەو ناوچەیە، بە تایبەتی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلانی بندەست لەو ناوچەیەدا ناوچەکەی بەرەو فەزایکی دیکە بردووە، هەروەها وڵاتە پێشکەوتوو، خاوەن پیشە سازی و تێکنۆلۆژییە پێشکەوتووە گەورەکان، لە سەرەوەی ئەوانیش ئەمریکا و هاوپیمانەکانی، بە هەستکردن بە دیاردەیەکی مەترسیداری وەك تیرۆریزمی نێو دەوڵەتی و خەباتی دژی ئەو دیاردە مەترسیدارە، توانیویانە تا رادەیەك رۆڵێکی گرینگ بگێرن و بن بە کۆسپ و لەمپەرێك لە بەرامبەر پەرەگرتن و ریشە هاوێژی ئەو دیاردەیە.

هەروەها بۆتە لایەنێکی دژبە دژی ئەو گرووپە رادیکاڵ و بناژۆخوازو، لە سەرەوەوی هەموویانەوەش دەوڵەتی تێرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە نێو بازنەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتیدا قەراری گرتووە. هەر چەندەە بەشێك لە وڵاتانی رۆژئاوایی و لە سەرەوەی هەمووشیان زلهێزەکانی وەك ئەمریکا و.. هەتا چەند ساڵ لە مەوبەر بە هۆی پاراستنی قازانج و بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیان، دەگەڵ هێندێك لەو وڵاتاتە دیکتاتۆرو سەرەرۆکان لە بەرانبەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و قڕ کردن و ژێنوساید و

ئاسمیلاکردنی ( بە تایبەت گەلی کورد) گەلانی بندەست و پەرەگرتنی گرووپە توندرەو و بنیادگەرای ئیسلامیی بێ دەنگ بوون و تەنانەت لە هاوکاریکردنی بەشێك لەو گرووپانە( وەك گرووپی تالەبان لە ئەفغانستان و...) دریغیشییان نەدەکرد بەڵام دواتر هاتنە سەر ئەو باوەرە کە ئەوانە مەترسێکی گەورەن بۆ سەر ئاسایش و تەناهی جیهان و ناوچەکە.

حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بە هۆیسیاسەتی کۆنەپەرەستانە و توتالێترمەنشانەی خۆی، بە تایبەتی دوای هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نەژاد رۆژ بە رۆژ زیاتر لە لایەن کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران خسترا پەراوێز و قێزەوینەوە، لە لایەکی دیکەشەوە مەسەلەی دۆسیەی ئەتۆمی ئێران و کەڵەوە کێشییەکانی ئەو حکوومەتە و گوێنەدان بە بریاراتی نێونەتەوەی زیاتر لە هەمیشە تەریك کەوتۆتەوە و گەمارۆی قورسی ئابووریشی قەرارە بە سەردا بسەپێت.

سیاسەتی شەڕ خوازانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پشتیوانی کردن لە گرووپە تێرۆریستیەکانی وەك حەماس، حیزبوڵلای لوبنان و جیهادی ئیسلامیی و هاندانیان بۆ هەر جۆرە ئاشتی و پێکەوە ژیان بۆتە ماکەی ناسەقامگیری و تەناهی ناوچەکە.

جیا لەوانەش ئەو رێژیمە کۆنەپارێز و توتالێترە هەر لە سەرەتایی بە دەستەوەگرتنی دەسەلات و بە تالانبردنی دەسکەوتەکانی شۆرشی گەلانی ئێران(ساڵی ١٣٥٧ ی هەتاوی) بە ئاشکرا کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە گشتی و لاوانی وڵاتی کردە قوربانی سیاسەتە هەڵە و چەوتەکانی خۆی. ئەو نەسلەی کە بە نەسلی دوای شۆرش ناسراوە، بەشی هەرە زۆری توێژی لاو پێکی دێنێ، کە بە تەمەنترینیان ٣٠ ساڵە و کەم تەمەنترینیشیان ١٥ ساڵ کە ئەو رێژەیەش بریتییە لە زیاتر لە ٦٠٪ ی دانیشتوانی ئێران بوونی وەها رێژەیەك( رێژەی لاو) لە هەر وڵاتێکی پێشکەوتودا یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی هەر وڵات و حکوومەتێك بە ئەژماردێ. بەڵام چەوسانەوە ـ ئیعدام، زیندان

و ئەشكەنجە، بێكاری و ئالوودەبوونی لاوان بە مادده هۆشبەرەكان ـ ڕاكردنی مێشكەكان ، وەزعییەتی خراپی ئابووری و دەیان و سەدان دیاردەی كۆمەڵایەتی دیكە، بەرهەمی ئەو ڕێژیمە بۆ كۆمەڵگای ئێران بە گشتی توێژی لاو بە تایبەتی لە نێو بازنەی دەسەتدارێتی ئەو حكوومەتەدا.

سەرەای هەموو كەند و كۆسپ و سەكوتكەرییەكانی ڕێژیمی ئێران، خەباتی ڕێكخراوە مەدەنی و ngo كان و ئازادیخوازانی وڵات، بێ ترس لە دەسەلاتی سەركوتكەر ، ڕۆژ بە ڕۆژ روویییان لە زیاد بوون كردەوە.

یەكیەتیی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران بە ئاوردانەوە و خوێندوەیەكی قووڵ، لە كێشە و ئاڵۆزییەكانی جیهان و ناوچە و ئێران و كوردستان لە ماوەی مەودای نێوان كۆنگرەی چوارەم و پێنجەم دا ڕوویاندا بوو، بە ئامادەكارێكی تەواوە و دیاریكردنی هەئیەتەكان بۆ كۆنگرە و بەستنی كۆنفرانسەكانی دەرەوەی وڵات و نێوخۆی كوردستان. ڕۆژی یەكەمی گەلاوێژی ١٣٨٨ ی هەتاوی لە كات و ساتی خۆیدا دەستی بە بەستنی كۆنگرەی پێنجەمی خۆی لە ژێر ناوی" كۆنگرەی ئۆگرانی ڕێبازی قاسملوو" كرد.

كۆنگرەی پێنجەمیش بە پێی بەرنامە و وەكوو كۆنگرەكانی پێشوو لە یەكەم جەلەسەی خۆیدا ڕاپۆرتی سیاسی كۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی هێنا بەر باس و لێكدانەوە و پاش سەرنج و تێ بینی نیەكانی ئەندامانی كۆنگرە بە تێكرای دەنگی بەشدار بووان بە پەسند گەیشت.[١]

[١]. ئەوەی جێگەی سەرنج بوو لە كۆنگرەدا ڕاپۆرتی سیاسی كۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی بوو كە ئاورێكی چڕوپڕی لە وەزعییەتی جیهان و ناوچە و كێشە و ئاڵۆوگۆڕەكانی نێوخۆی ئێران و كوردستان دابۆووە كە هەڵسەنگاندن و لێكدانەوەی ورد و دەقیقی بە نیسبەت گۆڕان و ئاڵۆوگۆرە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكان هەبوو. ڕاپۆرتێك كە دەكرێ بلێین كەمتر حیزب و ڕێكخراوی سیاسی و مەدەنی كوردستان بەو شێوە ڕاپۆرتێكی وەها تێر و تەسەلی ئامادە

پاش پەسند کردنی  راپۆرتی سیاسی، بەرنامە و ئەساسنامەی رێکخراوەکە هاتە بەر باسی کۆنگرە و پاش پێداچوونەوە بە سەرجەم خاڵ و بەندەکانی بەرنامە و پێرەوی نێو خۆی رێکخراوەکە کۆمەڵێك خاڵی پێوە زیاد کران. کە یەکێك لە گرینگترین ئەو خاڵانەی کە پێرەوی نێوخۆی رێکخراوەکەدا گۆرانکاری تێدا پێك هات، رێکخراوەکە، کە وەك رێکخراوێکی سینفیی تاکوو ئەو کات پێناسە دەکرا، بوو بە رێکخراوێکی دێمۆکراتیکی سیاسی و سێنفیی کە بۆ پێگەیاندن و رێکخستنی لاوان لە رێگای خزمەت بە رێباز و ئامانجە نەتەوەیی و دێمۆکراتیکەکانی نەتەوەی کورد و رێز گرتن لە مافی گەلانی دیکەی ئێران تێکۆشی و لە راستای دابینبوونی مافەکانی لاوان و وەدیهێنانی ئامانج و داخوازییەکانی لە کوردستانی رۆژهەلات خەبات بکات.

دیارە ئەو خاڵە پاش باس و لێکدانەوە و هەلومەرجی سیاسی جیهان و گەلی کورد بە گشتی و دۆخی خەباتی یەکیەتیی لاوان لە ماوەی ٦٥ ساڵ خەبات و بەرخودانی دژی داگیرکەران و دوژمنانی نیشتمانەکەمان گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە ( کە لە بەشەکانی دوایدا هۆکارەکانی زیاتر وەرد دەدرێنەوە)

پاش  پەسند کردنی بەرنامە و پێرەوی نێو خۆی لاوان لە کۆنگرەکەدا کۆنگرە پاش چوار رۆژ کاری بەردەوام و، هەڵبژاردنی کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی نوێ کۆتایی بە کاری کۆنگرە هێنا و لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتیدا دوای کۆتایی کاری کۆنگرە کاك دارا ناتق بۆ جارێکی دیکە بە زۆربەی دەنگ بە سکرتێری رێکخراوەکە هەڵبژێراوە.

کردبێت . بروانە ژمارە ٣٥ گۆڤاری یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستان، " دۆسەی کونگرەی پێنجەمی یەکیەتی لاوان"

جێگەی خۆیەتی كە بڵێین: بە هیمەت و كاری ئەندامان و لایەنگرانی یەكیـەتیی لاوان بە گشتی و لاوانی دەرەوەی وڵات بە تایبەتی پـاش ئـەوەی یەكیـەتی لاوان لـە سـاڵی ٢٠٠٤ ی زایینی وەكـوو ئەنـدامی چـاوەدێر لـە ڕێكخـراوی جیهـانیی ئینتەرناسـیوناڵ سوسیالیستی لاوان وەرگیرا، بە هەوڵ و تێكۆشان و بە خەباتی ڕێكخراوەكە، لە ٢٦مـین كـۆنگرەی ئـەو ڕێكخـراوە جیهانییـەدا كـە لـە سـاڵی ٢٠٠٦ ی زایینـی لـە كۆمـاری دۆمینیكەن بەسترا بوو بە ئەندامی فەرمی ئەو ڕێكخراوەیە. هەروەها هاوكـات دەگـەڵ وەرگیرانیی لە ڕێكخراوی جیهـانی ئینتەرناسـیۆنال سوسیالیسـتی لاوان لـە ڕێكخـراوی جیهانی L.N.U یان كۆمیتەی زانیاری پێدانی UN كە زیاتر لـە ٤٠٠ ڕێكخـراو لـەو كۆمیتەیەدا ئەندامە، وەكوو ئەندامی ڕەسمی وەرگیراوە، ئەوەش كۆمەڵێك شـانازین كـە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دواییدا بە هەوڵ و تێكۆشانی ڕێكخـراوی لاوان لـە دەرەوەی وڵات، بۆ ئاگادار كردنی گەلانی دیكەی جیهان لە ویست و داخوازییـە ڕەواكـانی گـەلی كورد و لاوانی كورد بە دەست هاتوون.

# مەبەست لە پێکەوە لکاندنی وشەی سیاسی بە یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران چ بووە؟

بزاڤی سیاسی ـ نەتەوەیی هەر نەتەوە و ڕێکخراوێك بـە ئامـانجی ریشـە کێشـکردن و لابردنـی چەوسـانەوە، دیلـی، ئـازادی دێمۆکراسـی و رزگـاری لـە چـنگ دیکتـاتۆر و سەرەرۆکان سەریان هەڵداوە و، وەك بزووتنەوەیەکی عقلانی و پرس هـەڵگریش سـەیریان کراوە، کە هەموو چین و توێـژەکانی کۆمـەڵ لـەو بزووتنەوانـەدا بشـکدار بـوون. هـیچ بزووتنەوە و بزاڤێك بە بێ هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی سەریان هەڵنـەداوە. لـە نێـو ئـەو بزووتنـەوە جۆراوجۆرنەشـدا گـرینگترین و ئەسـتەمترین نـەخش و تەنانـەت بەرپرسایەتیش لـە ئەسـتۆی توێـژی لاودا بـووە. وەك توێـژێکی ئـەکتیڤ و چـالاك بـە بەشداریکردن لە شۆڕش و حەرەکەتە ئازادیخوازەکاندا هەمیشە وەك ئـاگرێکی بلێسـەدار کۆشکی زۆردارانیان وەلەرزە خستووە.

مێژووی خەباتی خوێناوی گەلی کورد لە پێناو گەیشتن بە ئازادی و مافەکانیدا ئەوەی بە روونـی سـەلماندووە کـە بـە هـەزاران لاوی ئەمـەگناس و پـارێزەی وڵات، لـە پێنـاو پارێزگاری لە خاك و وڵات بوونەتە قوربانی. ڕێکخراوە سینفی و ناحکوومەتییـەکان لـە کۆمەڵگا کـراوە و دێمۆکراتیکەکانـدا کـە ئـازادی و دێمۆکراسـی و چـالاکی ڕێکخـراو دامەزراوەی تایبەت بە هەموو چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگایـە تێـدا ئـازادە و هەیـە، دامەزرین و هەریەك لەوانە لە پێناو راسـتای بۆچـوون و روانگـەکانی خۆیانـدا چـالاکی دەکـەن.( هـەر وەك چـۆن لـە سـەرەتای دامەزرانـدنی یەکیـەتیی لاوانـی دێمـۆکراتی کوردستان(١٣٢٤) بەو مەبەستە هاتە نێـو کۆمـەڵگای کـوردەواری ) ئـەو دامـەزراو و ڕێکخراوانـە خـاوەنی هێنـدێك پـرۆژە و بەرنامـەی جۆراوجـۆرن بـۆ پێگەیانـدنی و پەروەردەکردنی ئەندام و لایەنگرەکانیان و، لـە کۆتاشـیدا بـۆ نەتـەوە و وڵاتەکـەیان لـە یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردسـتانی ئێـرانیش دا یـەکێك لـە بیرۆکـەکانی کـە لـە بەرنامەی لاواندا هەیە، پەروەردە و پێگەیاندنی سیاسییە.

لە جیهانی دامەزراوە ناحکوومییەکان و دەسەڵاتدار بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەلات و مەشرووعییەت بەخشین بە دەسەڵاتەکەیان، رووی داوە. لەو سۆنگەوە یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتیش هەوڵی پێگەیاندنی ئەندامەکانی و دیاریکردنی سیستمێك دەدا کە بتوانێ لە داهاتوودا هێزی خۆی بخاتە خزمەت لاوانی کوردەوە.

یەکیەتیی لاوان کە بایەخێکی زۆری سیاسی بەرێکخراوەکە داوە. هەر چەندە ئەو رێکخراوەیە وەك یەکیەتییەکی سێنفی خۆی پێناسە کردبوو، بەڵام بە هۆی نەبوونی ئازادی و داگیرکردنی نیشتمانەکەی لە لایەن داگیرکەرانەوە، زوڵم و ستەمی نەتەوایەتی و پێشێلکردنی مافە نەتەوەیی و سینفیەکانیشی و دابڕان لە نێو کۆمەڵگا و ئەو هەموو کەند و کۆسپەی کە دوژمنەکانی خستوویانەتە سەر رێگای ئەو جۆرەی کە پێویست بووە نەیتوانیوە ئەرکە سێنفیەکانی بە جێگەیەنێت.

بە دڵنیایەوەش لە نێو هەر گەڵ و کۆمەڵگایەکیشدا بە تایبەت ئەگەر نیشتمانەکەت لە ژێر سێبەری رەشی حکوومەتێکی وەك رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بێ، تا وەدیهێنانی ئازادی و دێمۆکراسی و گەیشتن بە مافە نەتەوەیەکان هیچ کات مافە سێنفیەکانیش مسۆگەر نابن.بۆیە یەکیەتیی لاوان تا پرۆسەی رزگاری نەتەوەیی و چڕکردنی خەباتەکەی لەو بوارەدا (نەتەوەی) لە نێو سیستمێکی وەك رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هیچ جۆرە ماف و ئازادییەك مسوگەر نابێت. سیستمێك کە نە باوەری بە دێمۆکراسی و ئازاد ژیان هەیە، رێکخراوە سینفی و مەدەنیەکان چۆن لە وەها نیزامێکدا چۆن دەتوانن داوای ماف و ئازادی بکەن و؟ یان لانیکەم بە مافەکانی (سینفیەکان) خۆیان بگەن!؟

بزوتنەوەیەکی مەدەنی و سینفی وەك لە وڵاتێکی ئازاد و دێموکراتیك دا دەتوانە کار و چالاکی بنوێنێ ، ئایا لە نێو سیستمی کۆماری ئیسلامیدا دەتوانێ چالاکی هەبێ؟ لە وڵاتێکی توتالیتێر و دیکتاتۆری وەك کۆماری ئیسلامیی ئێران

ڕێكخراوی سینفی و مەدەنی مانا و مفهوومێكی نیە و، بزووتنــەوە  ئازادیخوازەكــانیش بە توندترین شێوە سەركوت دەكرێن.كەوایە یەكیەتیی لاوانــی دێمــۆكراتی كوردســتانی ئێران دەبیّ خەباتی خۆی زیاتر بۆ وەدیهــاتنی مافــە سیاســییەكانی چــڕ كاتــەوە .(بــەو مانایە نە كە مافە سینفییەكانی فەرامۆش بكــات ) چــوونكە تــا گەلەكــەمان بەمافــە نەتەوەیی= سیاســییەكانی نــەگات ، مافــە مــەدەنی و ســینفیەكانیش دەســتبەر نــابن. یەكیەتیی لاوان كە لە پێناو ویست و داخوازییەكانی لاوانی كورد خەبات و چالاكی دەكا و گەلیّ كەند و كۆسپ و هەوراز و نشێوی خەباتی بڕیوە و زۆر لاو چاكی كردۆتە قوربانی ئازادی و رزگاری و سەربەستی نیشتمان و گەلەكەی. تاكوو ئێستا ٥ كۆنگرەی بەستووە، كــە لــە كۆنگرەكــان و ڕاپۆرتــە ئامــادە كراوەكــانی كۆنگرەكانــدا، كــەش و فەزایــەكی سیاسییان پێوە دیارە. بە تایبەت لە ڕاپۆرتی كۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی بۆ كــۆنگرەی پێنجــەمی  ڕێكخراوەكــە  لــە رووی سیاســییەوە بایــەخ و گرینگــی و شــیاوی لیّ ورد بوونەوەی تایبەتە. لە ڕاپۆرتەكەدا باس لە هاتنــە ئــارای پــرۆژەی رۆژهــەلاتی گــەورە و دێمۆكراتیزە كردنی ناوچەكە كراوە و بە جۆرێك پشتیوانی لیّ كراوە.

هەر ئەوەش وایكردوە كە لاوی كورد و یەكیەتیی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانی ئێــران بە تێرامان و خوێندەوەیەكی نویّ لە ئــالّووگۆر و پێشــهاتەكان رامێنــیّ و كاریگــەری و باندۆری ئەو گۆرانكاری و ئالّووگۆڕانە لە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی ناوچــەكە و ڕێكخراوەكە بخوێنێتەوە و، خوێندنەوەیەكی نوییّ بۆ پێناســەكردن و هەلّوێســت گــرتن هەبیّ و، لە هەلّوێست و بۆچــوونەكانیدا زۆرتــر لایــەنی سیاســی لــە خــۆ گرتــووە و لــە هەمبەر مەسەلە سیاسییكانیشدا ،بە نیسبەت گەلی كورد هەلّوێستی گرتووە. جیــا لــە وانەش سیاسی= سینفی بوونی ڕێكخراوەكە مەیدانێكی زۆرتــر دەهێلّێتــەوە بــۆ بڕیــار و مانۆڕدان . ڕەنگە بۆ داهاتووی ڕێكخراوەكەش و... هتد.

# ڕۆژژمێری کۆنگرەکان

١ـ كۆنگرەی یەكەمی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران،لە ڕێكەوتی ٤و ٥ ی بەفرانباری ١٣٧٩ ی هەتاوی ، بەرانبەر بە ٢٥ و ٢٦ ی دیسامبری ٢٠٠٠ ی زایینی بەستراوە.

٢ـ كۆنگرەی دووهەم لە ڕێكەوتی٢١ و ٢٢و ٢٣ ی گەلاوێژی ١٣٨٢ ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٢و١٣و١٤ی ئووتی ٢٠٠٣ ی زایینی.

٣ـ كۆنگرەی سێهەم، لە ڕێكەوتی ٢٠و ٢١و٢٢ ی گەلاوێژی ١٣٨٤ ی هەتاوی بەرانبەر بە ١١ و ١٢و١٣ ی ئووتی ٢٠٠٥ ی زایینی.

٤ـ كۆنگرەی چوارەم، لە ڕێكەوتی ١٣و١٤و١٥و١٦ ی(كاتژمێر ١٢:٣٠ ی شەوی دووشەمە لە سەر سێ شەممە) گەلاوێژی ١٣٨٦ی هەتاوی، بەرانبەر بە ٤و ٥و٦و٧ی ئاگۆستی ٢٠٠٧ی زایینی، لە ژێر ناوی" كۆنگرەی پێشڤەچوون".

٥ـ كۆنگرەی پێنجەم لە ریكەوتی ١و٢و٣و٤ ی ( شەوی ٣ لە سەر ٤ی) گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٨ ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٣و٢٤و٢٥و٢٦ی ژۆئەنی ٢٠٠٩ زایینی لە ژێر ناوی " كۆنگرەی ئۆگرانی ڕێبازی قاسملوو" بەستراوە.

# دوایین ووتە بۆ ووتن

خوێنەری بەڕێز ئەو پەرتووكەی كە خوێندتەوە بۆ ئەوەیی نەنووسراوە كە شت فێری خەڵك بكا!؟ بەڵكوو بۆ ئەوەی نوسراو و ئامادە كراوە هەتا كۆمەلانی خەڵكی كوردستان بە گشتی و لاوانی وڵاتەكەمان لە مێژووی ٦٥ ساڵ خەبات و تێكۆشانی سەخت و خوێناوی توێژێك لە كۆمەڵگا كەمان ئاگادارتان كاتەوە. مێژوویێك كە تژی لە هەوراز و نشێو، سەركەوتن و شكست، دابڕان و پەرەن و پەرەن بوون و جیابوونەوە و تەنانەت بەشێك لە مێژووكەشیان ون كردووە؟!

ڕێكخراوێك كە مخابن پاش ٦٥ ساڵ خەبات و بە خۆدان ، هەنووكەش بەشێكی هەرەزۆری خەڵكی كورد بە تایبەتی كوردستانی ڕۆژهەلات نناسراوە، كە ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر لاوازی و گوێنەدانی بەپرسانی ڕێكخراوەكە و ئەندام و لایەنگر و دۆستانی ئەو ڕێكخراوەیە. یەكیەتییەك كە زیاتر لە ٦ دەیە خەبات و تێكۆشان و بڕینی چەندین قۆناخی سەخت و ئەستەم، بەو شێوەیەی كە پێویستە خۆی بە كۆمەڵگای ئێران و كوردستان بناسێنێ، مخابن نناساندووە؟ هەر چەندە ئەو مەسەلەیەش هۆكاری خۆی هەیە بەلام ئەگەر مرۆڤ هیمەت بكا" نامۆمكینەكانیش مۆمكین دەكات"

ئەو پەرتووكە بە هەموو كەم و كۆرییەكانیەوە، بەرهەم و حاسڵی حەوتوویەك و مانگێك و ساڵێك نیە، زەحمەت و شەونەخوونی و كەلێن و كون و پشكنین و هەڵدانەوەی لاپەرەكان ودەستەو داوێن بوونی ئەم و ئەو و وتووێژ و زانیاری كۆكردنەووەی خۆم و دڵسۆزانی ئەو ڕێكخراوەكەیە.

لە هەر جێگە و شوێنێك كە گوتوویانە كەسێك( چ لە ڕێگای ئینترنێت و وتووێژ و...) سەبارەت بە یەكیەتیی لاوان شتێك دەزانی، بە تایبەتی سەردەمی كۆمار خۆم یان هاوریەكانم( بە تایبەتی ئەندامانی بەرێوەبەری كۆنگرەی چوارەم) چووینەتە لای بۆ وتووێژ و زانیاری كۆكردنەوە سەبارەت بە یەكیەتی لاوان. بەڵام بە داخەوە ئەو مەسەلە سەرەكییەی فارس گوتەنی: ئەو " گمشدەای" من بە شوێنی دا دەگەرام ئێستاشی دەگەڵ بێ پەیدام نەكردووە...!؟

زۆر جاران گووتویانە كە فلان كەس، ئی سەردەمی كۆماری كوردستانە، تەنانەت هێندێكیان خۆیان بە كوڕی كۆمار و... دەزانی، بەڵام باوەر بفەرموون ( دەتوانن سەیری وتووێژەكان لە گۆڤاری لاوان بكەن) بەشی ئەوەندەی سەبارەت بە یەكیەتیی لاوان پێنەبوو كە دڵی پێ خۆشكەین( بە هەر حال سپاسیان دەكەین)

ئەگەر ئەو كتێبە كەم و كوڕی هەبێ، كە بە بێ گۆمان هەیەتی، ئەگەر بەشێكی بكەوێتە سەر شانی من، دەتوانم بڵێم بەشە زۆرەكەشی دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی سەرچاوە و ئارشیڤ، هەر وەكوو پێشتر لە سەرەتایی پەرتووكە كە دا باسم كردووە بە داخەوە بایەخ نەدان بە ئارشیڤ لە نێو ئیمەی كورد دا، كێشەیەكی هەرە سەرەكییە. هێندێك جار ئەگەر بە دوای بابەتێك یان ڕێكەوتێك دا دەگەرای كە ئی سێ چوار ساڵ لەوە پێشە، بە داخەوە وەدەستت نەدەكەوت! جا چبگات بە سەردەمی دامەزرانی یەكیەتیەكە؟

هیوادارم توانیبم بە بێ هیچ جۆرە دمارگرژێك ئەركی خۆم لەو نووسیندا بە جێی گەیاندبێ، ئەگەر كەسانێكی دڵسۆزیش كەم و كوڕێك یان رەخنەیەكیان لە نووسراوەكە هەیە و مەبەستیان راست كردنەوەی هەڵەكانە، نەك هەر سپاسیان دەكەم، بگرە وەك

سوونەتێکی کوردەواری دەستیان ماچ دەکەم، هەڵەیەك کـە هەڵـە و، ڕەخنەیـەك کـە ڕەخنە بێ!؟

بەو ئومیدە توانیبم ئاسانکارێکی چاکم کردبێ بۆ ئەو کەسانەی کە ئەگـەر ڕۆژێـك ویستیان زانیاری و ئاگاداری مێژوویی یەکیەیتی لاوان و ڕێکخراوەکە بن.

لە کۆتاییدا جێگەی خۆیەتی کە گەلێ سپاسی دۆستانی خۆشەویستم کاك دارا ناتق و کاك فوئاد حەقیقی کە هاندەرم بوون بۆ ئەو ئەرکە قورسە.

هەروەها سپاس بۆ کاك سامرەند ئەندامی قۆناخە سەختەکانی خـەباتی یەکیـەیتی لاوان و کاك سەید عەبدوڵلا حسینی کە کاتی خۆی بە نووسراوە هاوکـاری یەکیـەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان کردووە.

**سەرکەوتن هەر بۆ گەلی کورد، چوونکە مافەکەی ڕەوایە**

**لوقمان عەبدوڵلازادە**

**٣/١١/١٣٨٩ ی هەتاوی**

## سەرچاوەکان:

ـ چڵ ساڵ خەبات لە پێناو ئازادیدا / دوکتور قاسملوو

ـ نیوسەدە تێکۆشان / عەبدوڵلا حەسەن زادە

ـ گۆڤاری لاوان / ئۆرگانی کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی یەکیەتی لاوانی دێمـوکراتی کوردستانی ئێران

ـ رۆژنامەی کوردستان( سەردەمی کۆماری کوردستان) / ئامادەکردنی رەفێق سـالح و سەدیق سالح

# پێرست

وتەیەك بۆ ووتن ........................................ ٥
مێژوو چیە و بۆچی بیخوێنینەوە؟! ........................................ ٧
مێژوو چیە؟ ........................................ ٨
دەسپێك ........................................ ٩
قوناخی یەكەم ( ١٣٢٤-١٣٥٧ ) ........................................ ١٥
قۆناغی دووهەم( ١٣٥٧ هەتا ١٣٧٨ ) ........................................ ٢٥
قوناخی سێهەم( ١٣٧٨ هەتا ١٣٨٨ ) ........................................ ٦١
مەبەست لە پێكەوە لكاندنی وشەی سیاسی بە یەكیەتیی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران چ بووە؟ ........................................١٠٢
ڕۆژژمێری كۆنگرەكان ........................................ ١٠٥
دوایین ووتە بۆ ووتن ........................................ ١٠٧
سەرچاوەكان ........................................ ١١١